# شۆڕش و دژە شۆڕش

# شۆڕش و دژە شۆڕش

**نووسینی**

**پیتەر کالوەرت**

**وەرگێڕان**

**ڕەحمان ئەمیری**

**هەولێر- ٢٠١٠**



**دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی**


- **شۆڕش و دژە شۆڕش**
- نووسینی: پیتەر کالوەرت
- وەرگێڕانی: ڕەحمان ئەمیری
- نەخشەسازی ناوەوە: تەها حسێن
- بەرگ: هۆگر سدیق
- ژمارەی سپاردن: (٧٩)
- نرخ: (٢٠٠٠) دینار
- چاپی یەکەم: ٢٠١٠
- تیراژ: ٧٥٠ دانە
- چاپخانە: چاپخانەی خانی (دهۆك)

**زنجیرەی کتێب (٤٣١)**


**هەموو مافێکی بۆ دەزگای موکریانی پارێزراوە**

**ماڵپەڕ:** www.mukiryani.com
**ئیمەیل:** info@mukiryani.com

# ناوەرۆک


ـ پەیڤێك لەگەڵ خوێنەران ........ ٧
ـ پێشەکی نووسەر ........ ٨
ـ بینین ........ ٩
ـ شرۆڤە ........ ٤٧
ـ تیۆری دارێژی ........ ٩١

# پەیڤێك لەگەڵ خوێنەران

پیتەر کالوەرت، نووسەری ئەم پەرتووکە، لە ریزی ئەو توێژەرانەیە کە لەمەڕ شۆڕش لێکۆڵینەوەی کردووە و لەم بوارەشدا کۆمەڵێك پەرتووکی بڵاوکردووەتەوە کە لەنێو بەرهەمەکانی تەنیا پەرتووکی "شۆڕش"ە کە لە ساڵی ١٣٥٩ی هـ وەرگێڕدراوە بۆ سەر زمانی فارسی و لە لایەن چاپەمەنی زانکۆی تاران بڵاو کرایەوە.

پیتەر کالوەرت هەنووکە سەرقاڵی گوتنەوەی وانەی سیاسەتی بەراورد و نێونەتەوەییە لە زانکۆی "ساوت هامپتون"ی بەریتانیا. خاڵی هاوبەشی ئەم کتێبەی لەگەڵ کتێبەکانی پێشووی ناوبراو تا رادەیەك لەگەڵ پەرتووکەکانی دیکەی کە تاکو ئێستا لەمەڕ شۆڕش نووسیویە لەوەدایە کە دوو چەمکی "شۆڕش"و "دژەشۆڕش" تێدا تاوتوێ کراوە. شۆڕشی مەزنی فەڕەنسا و شۆڕشی ئەمریکا بۆ کالوەرت دوو نموونە و پێوەرن کە لە رێگای ئەوانەوە دەتوانرێ هەموو شۆڕشەکانی دیکە هەڵسەنگاندنی لەگەڵ بکرێ کە دوابەدوای ئەم دوو شۆڕشە لە گۆڕەپانی جیهاندا روویاندا. ئەم دوو شۆڕشە مەزنە لە یەکەمین شۆڕشەکانن کە لە سەردەمی نوێدا بوون بە سەرچاوەی گۆڕانکاری مەزن لە جیهاندا و پێشکەوتنگەلێکی بەرچاویان لە بوارە جۆراوجۆرەکاندا هێنا گۆڕێ. چەمك و واتاگەلێك کە لە ناخی ئەم شۆڕشانەدا هەڵقوڵا "ئامانجی" هەر کۆمەڵگایەکە. بەڵێ هەر بەو جۆرەی کە خودی نووسەر لە شوێنێ لە پەرتووکەکەدا ئاماژەی پێدەکا، تەنیا لە چەمکدا پێشڤەچوون هەیە کە دەتوانین دڵنیا بین کە ئاخۆ شۆڕش روویداوە یان نا.

وەرگێڕی (فارسی) لە پەرتووکەکەدا ئاماژە بە کۆمەڵێك پەراوێز لەپێناو گەیاندنی زانیاری زیاتر بە خوێنەران داوە تاوەکو بەدواداچوونی بابەتەکان ئاسانتر بێتەوە.

لێرەدا رێز و سوپاسی بێپایانی خۆم ئاراستەی بیرمەندی بێهاوتا، بەڕێز دکتۆر ئەحمەد سەبووری کە لەو بوارەدا یارمەتییەکی زۆری داوم، دەکەم. هەروەها سوپاسی



بەڕێز دکتۆر سیروس سەهامی دەکەم کە لەگەڵ ئەوەی کە مانووشەکەتبار بوو گەورەییان نواند و دەقی وەرگێڕانەکەیان خوێندەوە و پێداچوونەوەیان کرد، هەروەها سوپاسی بەڕێز سەید عەبدوڵڵا دەکەم کە هاوکارییان کردم.

لە کۆتاییدا بە پێویستی دەزانم کە سوپاسی بەڕێز **محەممەد** رەزا عەلی نیا بکەم کە ئەرکی بڵاوکردنەوەی وەئەستۆ گرت، هەروەها سوپاسی هاوکارانی بەڕێزیانی دەکەم.

لە کۆتاییدا بە پێویستی دەزانم کە داوای لێبوردن لە خوێنەرانی ئازیز و خاوەن را بەهۆی ئەم کەم و کورتییانەی کە لە وەرگێڕانەکەدا وەبەرچاو دەکەوێ، بکەم و هیوادارم کە بێبەشم نەکەن لە رێنمایی و سەرنجەکانتان، هیوادارم کە لە بەرهەمەکانی دیکەدا سەرنج و رێنماییەکانتان چرای رێمان بێت.

**ح. قانعی (فازڵی)**
**تاران، زستانی ١٣٨٢ی هـ**

# پێشەکی

مەبەستی سەرەکی ئەم کتێبە پێداچوونەوەیەکی تیئۆری کۆمەڵایەتی نوێیە لەمەڕ پێگەی شۆڕش و پێداگرییەکی دووبارەیە لە هەمبەر توێژینەوەی ورد لە بیاڤی زانستی کۆمەڵایەتیدا. لە سەردەمێکدا کە کۆمەڵێك گۆڕانی بنەڕەتی چ لە بواری ئەندێشە و چ لە کەوشەنی سیاسیدا دێتە ئاراوە، شتێك کە زۆر روونە ئەوەیە کە جیهان لە سەدەی بیست و یەکدا بەرژەوەندێکی زۆر هیوابەخشی نییە کە بیست ساڵ لەوەپێش گرووپێك شیمانەیان کردبوو. لەگەڵ هەموو ئەوانیشدا بوونی کەمێك شانس و کەڵك وەرگرتن لە تێگەیشتنمان، رەنگی لە داهاتوو ئەوەندەش ناخۆش نەبێ کە هێندێك کەس هەر لە ئێستاوە ترسیان لێ نیشتووە. پیتەر کالوەرت.

# "بینین"

## چەمکی بینین چییە؟

هەر چەندە بایەخی واتایی پتر بێ، هەر بەو رادەیەش ئەگەری کەڵك وەرگرتنی خراپیشی زیاتر دەبێ، بۆ نموونە، لە هێندێك خاڵدا کە خەڵك زۆرتر کەڵك لە دەوستەواژەی "کێش" وەردەگرن، مەبەستیان هەر ئەو شتەیە کە فیزیازانان لە دەستەواژەی "جرم" کەڵك وەردەگرن و دوکتۆرەکان دەستەواژەی "ساخی". بەڵام لە بیاڤی زانستە کۆمەڵایەتییەکاندا لەگەڵ کێشەی مەزنتر بەرەوڕووین، چونکە واتاکانی رۆژانە، پایە و واتای تایبەت بەخۆیان وەخۆ گرتووە کە هەوڵی توێژەرانی بواری زانستە کۆمەڵایەتییەکان لە پێناوی پێناسەکردنێکی ورد کە لە چوارچێوەی ئەم زانستەدا چەمکێکی روون بەیان بکا کەمتر لە سەرکەوتن نزیك بووە و دەستەواژەی "شۆڕش" یەکێك لەوانە.

لە دەیەی ۱۹٤۰ وەها کێشەگەلێك لە ئارادا نەبوو. باسێك لەسەر شۆڕشەکان لە گۆڕێدا نەبوو یان باشتر بڵێین تەنیا شۆڕشێك لە ئارادا بوو و پرسەکان بۆ کاتی پاش روودانی شەڕ بوو. لە ساڵی **۱۹٤۳** کتێبێك لەژێر ناوی "رێکخراوە نیزامییەکان و هونەری شۆڕش"[(١)] بە پێنووسی کاترین چۆرلی[(٢)] بڵاو کرایەوە کە زۆر پێشوازی لێنەکرا و خوێنەرانێکی کەم سەرنجیان پێدا. رەنگ یەکێك لە هۆکارەکان، کاتی بڵاوبوونەوەی بێ، یان رەنگ بێ بەهۆی هێنانەئارای کۆمەڵێك راستی تاڵی راستەقینە لەسەر ئەو بنەمایەی کە چلوون خەڵکانێك بۆ گەیشتن بە ئارمانجە

(1) Armies and the art of Revolution
(2) Katharne C.chorly



تایبەتییەکانیان دەست بۆ چەك دەبەن و رێگای توندوتیژی دەگرنە بەر، ئارمانجگەلێك کە لە زۆر بوارەوە لەگەڵ ویستی جەماوەر یەك ناگرێتەوە. چ لە دەیەی ۱۹٥۰، شەڕی سارد بیرکردنەوەیەکی زاڵبوو و هێڵەکانی خەباتیش دیاریکرا. لە لایەك ئەوە شۆڕش بوو کە هیوای ئاڵوگۆڕی لە دڵەکان زیندوو رادەگرت و لە لایەکی دیکەوە بە مەترسییەکی بنچینەیی بۆ بەهاکانی جیهانی ئازاد بە ئەژمار دەهات. لە پەراوێزی ئەم مشتومڕانە، لە وڵاتانێك کە دواتر بە جیهانی سێهەم ناوبانگیان دەرکرد، ئەو شۆڕشگێڕانەی کە بۆ رزگاربوون لە دەسەڵاتی داگیرکاری کە لە حاڵی پاشەکشە کردندا بوون دەستیان بە راپەڕین کرد و گیرۆدەی ماتریسی ئایدولۆژیکی بوون و هەرکام لە دوو رکەبەر هەوڵیان دەدا تاکو ئەم شۆڕشانە بە قازانجی خۆیان کۆتایی پێ بهێنن.

لە دەیەی **۱۹٦۰**، شۆڕش بوو بە باو. هەر کەس خەریکی خۆ ئامادەکردن بوو بۆ شۆڕش یان باشتر بڵێم لە هەوڵی ئەوەدا بوو پاساو بۆ شۆڕشەکەی بهێنێتەوە. شۆڕش جۆش و خرۆشێکی تایبەتی بەخۆوە گرتبوو کە ژمارەیەك لە توێژەرانی بواری زانستە کۆمەڵایەتییەکانی بە تەواویی خستبووە ژێر باندۆری خۆیەوە و لە هێندێکیاندا وەها گۆڕانکارییەکی دەروونی مەزنی پێکهێنا کە بوون بە چالاکانی بێئەملا و ئەولای سیاسی. پێشکەشکردنی هەر چەشنە پێناسەیەك بۆ شۆڕش، بە کردەوەیەکی دژە شۆڕشانە بە ئەژمار دەهات، بەڵام نووسین لەو بارەیەوە رێی پێدرابوو و پەرەی گرت و ژمارەیەك بەرهەمی بەرچاویش لەم بوارەدا نووسران کە دەتوانین ئاماژە بە دویس[(١)] **۱۹۷۱**، کۆمر[(٢)] **۱۹۷۲**، مازلیس[(٣)]، کالدرین[(٤)]، ورال ئەستوۆن[(٥)] **۱۹۷۱** بکەین.

(1) Daris
(2) Kumar
(3) Mazlis
(4) Kaledin
(5) Ralstone

لە دەیەی ١٩٩٠، شۆڕش گەرچیش بە شێوەی ویستێکی ئافرێنەرانەی کۆمەڵناسی دەردەکەوێت بەڵام لە کەوشەنی سیاسەتدا شوێنێکی بۆ خۆنیشاندانی نییە. تەڤگەری چەپ بە دۆزینەوەی خۆبەڕێوەبەری ڕێژەیی حکوومی و لە پەراوێز خستنی هێزە چەکدارەکان و ئەمریکاش بە سەربەرزییەوە، سنوورەکانی کۆمۆنیزمی یەك لە دوای یەك هەر وەك گرانادا ناچار بە پاشەکشە دەکرد. بەڵام لە ئەفغانستان هەر وەك ئێران بەو جۆرە کە دیارە هیچ کام لە لایەنەکانی هاوبەرژەوەندی نە بەریانیان بەلای شارستانی ڕۆژئاوادا پێشاندەدا نە بەریان بەلای نەریتی ئاوزمەندی سەردەمی ڕۆشنگەری (تەنانەت واژەی "ڕۆشنگەری"یان بۆ پێناسەکردنی شتێك بەلارێدا بردووە کە بە شێوەیەك جێی نیگەرانییە هەر وەك تاریك ئەندێشی پڕ لە زریقە و بریقەدارە). لە بەرانبەردا دەبێ چاوەڕوان بین و ببینین کام یەك لە باڵەکانی رکەبەر بەسەر ئەوی دیکەدا زاڵدەبێ و جڵەوی دەسەڵات بە دەستەوە دەگرێ. وێنایەکی روون لەوە کە لە پاشان دەردەکەوێ بۆ ئێمە پێویستە، رەنگە زۆریش بە دڵمان نەبێ. لەبەر جەوەنی دەیەی ١٩٩٠ەوە ناتوانین دڵنیا بین لەوەی کە ئەوەی لەم دوو وڵاتەدا روو دەدا شۆڕشە یان دژە شۆڕشە دوو دەستەواژەکە بە تێروتەسەلی شیدەکەینەوە.

### "چاوگی واتای شۆڕش"

" شۆڕش" لە ئەندازیاریدا، بەشێکە لە جووڵەی سووڕانەوە و لە سیاسەتدا بە گۆڕانکاری لەناکاو بۆ بەڕێوەبەری پێناسە کراوە. لایەنە سیاسییەکەی دەگەڕێتەوە بۆ کۆتایی سەدەی پانزدەی زایینی لە ئیتالیا. شۆڕش Rivoluzioni لەو سەردەمەدا، بە ئاڵۆزیرە لەناکاوەکان لە کاروباری سیاسیدا لە قەڵەم دەدرا و زۆر جار وا لێکدەدرایەوە لە کاتی هاتنی "هەسارەکان" لە کاتێکی دیاریکراو و گرینگدا روودەدا ـ چونکە سەردەمی هەسارەکان بوو دەبوایە هەر فەرمانڕەوایەك شانسی Foruna لە چارەنووسی دەسەڵاتی خۆیدا لێکبدابایەتەوە. تەنانەت هەتا ساڵی ١٦٦٢یش لورد



کلارندن[1] لەم واژەیە هەر بەو واتایە کەڵکی وەردەگرت و لەمەڕ رووخانی کۆماری "کامنولت"[2] کە دەسەڵاتەکەی "لەژێر کاریگەری هەسارەیەکی ناحەزدا" دەبینی، هەر لەم واتایە کەڵکی وەردەگرت. تەنانەت لە سەدەی ناسراو بە "شۆڕشی پیرۆز"[3]ی ١٦٨٨یش کە یەکەمین قۆناخە لە زنجیرەیەك رووداو کە لایەنگران و هاوچەرخەکانی ئەو رووداوانەی نوێ شۆڕشیان لەسەر نا، ئەم واتایە هەنووکەش مانایەکی بەربڵاوی هەیە (کالوەرت ١٩٧٠). هەنووکەش یەکەمین پێناسەیەك کە بۆ شۆڕش لە ئەنیسکۆپیدیای ئاکسفۆرددا هاتووە، بەم جۆرەیە: هێنانەئارای توندوتیژانەی رژێم یان دەسەڵاتێکی نوێ بە جێگای رژێمی کۆن لە لایەن خەڵکی ئەو وڵاتەوە".

لە ماوەی سەدەی هەژدەدا کە دیاردەی ١٦٨٨ ئیدی نە بە شێوەی رووداوەکانی پێشوو بەڵکو بەکۆتایی و لووتکەی پرۆسەی گۆڕانکارییە سیاسییەکان دێتە ئەژماردن کە لە کاتی شەڕی ناوخۆیی بەریتانیاوە دەستی پێکردبوو، مانای واژەی شۆڕش بەرەبەرە گۆڕانی بەسەردا هات. هەڵبەت مانای گشتی پێشووتری پارێزراوە. بۆ وێنە لەو کتێبە باوانەی کە لەبارەی شۆڕشەوە سەرنجی زانایانی لە ساڵەکانی یەکەمی سەدەی هەژدە بۆ لای خۆی راکێشابوو، دەتوانین ئاماژە بە بەرهەمی "ئابە وەرتۆ"[4] لەمەڕ شۆڕشی پۆرتغال و ئیسپانیا و رۆحی کۆن بکەین کە وێنەیەکی لە کتێبخانەی توماس جیفر سۆن[5] لە وێرجینیا هەیە. بەڵام مانای شۆڕش بەرەبەرە گۆڕانی بەسەردا

(1) Lord clarendn
(2) Commonwealth
(3) Glorious Revolution (١٦٨٨- ١٦٨٩) لە مێژووی بەریتانیادا بە رووداوەکانی ساڵەکانی پێوەند دەدەن کە بوو بە هۆی لەسەرکار لابردنی جیمزی دووهەم.
(4) Abbe Vertot
(٥) Thomas Jefferson (١٧٤٣ـ ١٨٢٦)، دووهەمین جێگری سەرۆك کۆماری و سێهەمین سەرۆك کۆماری ویلایەتە یەکگرتووەکان بوو، خەڵك ویست و زانست خۆشەویست و هونەرمەند بوو. دژی هەر جۆرە ملهوڕی و سەرەڕۆیی بوو.

هات، بە جۆرێك لەم واژەیە لە بۆ پرۆسەی نوێکردنەوەی ستراکتۆری حکوومەت دوای پشێوییە سیاسییەکانی هەڵقوڵاو لە گۆڕانێکی قووڵی کۆمەڵایەتی و بەربڵاوتر کردنی بەشداری خەڵك لە حکوومەتدا هەنگاو هەڵێنانەوە بۆ دامەزراندنی کۆمەڵگایەکی شیاوی مرۆڤ کەڵکی لێ وەرگیرا. بەم پێیە، ئامانجی فەڕەنسییەکان لە شۆڕش کە لە دەیەی ١٧٥٠وە بەملاوە بابەتی سەرەکی وتووێژەکان لە کۆڕەکاندا بوو و پێداگرییان لەسەر ئەو پێویستییە لە فەڕەنسا دەکردەوە، هەر ئەم مانا تایبەتیترەی واژە بوو کە لایەنی واتای پۆزەتیڤی هەبوو. ئەم گۆڕانە لە مانای واژەی شۆڕش، نە لە شۆڕشی مەزنی فەڕەنساوە سەری هەڵداوە و نە تەنانەت زادەی شۆڕشی ئەمریکاشە (بە سەرنجدان بە مەودای نێوانیان). کاتێك باستێل[1] لە ساڵی ١٧٨٩ رووخا، لە روانگەی چاودێرانەوە هیچ دڕدۆنگییەك لەمەڕ ئەوەی کە بینیان لە ئارادا نەبوو. شۆڕش لە کۆتاییدا سەرکەوت و تەنانەت پێش هاتنە ئارای بەشێکی بەرچاویش لە رووداوگەلێك کە هەنووکە کۆی ئەوانە بە شۆڕشی مەزنی فەڕەنسا ناو دەبەن، ئیدمۆنگ بێرەك[2] لە کەناری دەریای مانشەوە، ئەو رووداوەی مەحکووم کردبوو.

(١) Bostille بەندیخانەی حکوومی فەڕەنسا کە پێش شۆڕشی گەورەی فەڕەنسا هێمای دەسەڵاتی پادشایی بە ئەژمار دەهات. ژمارەیەك لە بەندییەکان لەوانە وەلتر (Voltaire) ماوەیەك تێیدا زیندانی کرابوون. لەوەی کە لەکاتی شۆڕشدا هیچ شتێك بەهێزتر لە رووخاندنی هێماکان نییە، بۆیە لە رۆژی چواردەی ژووئیەی ساڵی ١٧٨٩ ئەم زیندانە لە لایەن خەڵکی پاریسەوە لە راپەڕینێکی جەماوەریدا رووخێندرا.

(٢) Edmund Burke (١٧٢٩ـ ١٧٩٧)، وتەبێژی پەرلەمان و تیئۆریسیۆنی بەریتانیایی بوو کە زۆرترین ژیانی سیاسی خۆی لەنێوان ساڵەکانی ١٧٦٥هەتا ١٧٩٥ تێپەڕاند و بەریانێکی زۆر پارێزکارانەی هەبوو، دژایەتی لەگەڵ شۆڕشی مەزنی فەڕەنسا دەکرد و بە وێرانکردنی ئایین و نەریت و بنەماڵەی لە قەڵەم دەدا. لە بەرهەمەکەی خۆی بەناوی Reflections on the Revolution in fronce کە لە ساڵی ١٧٩٠دا بڵاوکرایەوە بەرگری لە بۆچوونی پارێزکارانەی لە بەرانبەر ژاکوبنیزم کردووە.



بەم پێیە ئەمە شۆڕشی مەزنی فەڕەنسا بوو کە دەبوایە مۆرکی خۆی بۆ هەتا هەتایە لەسەر ئەم واژەیە دابایە و بەکارهێنانێکی نوێی بۆ بەکارهێنانە پێشووەکانی ئەم واژەیە زێدە کردبا کە ئەمڕۆکە لە زانستە کۆمەڵایەتییەکان جێگای هەموو بەکارهێنانەکانی دیکەی گرتووە. بۆ نموونە، دەیوید رابێرت سۆن[1] لە ئینسکۆپیدیای زانستە سیاسییەکانی پەنگوئەن بە راشکاوی و بە جیددی لایەنگری لە پێناسەی زۆر بەرتەسکی ئەم واژەیە دەکا (لاپەڕەکانی ١ ـ ٢٩٠، ١٩٨٦):

شۆڕش بەمانای دروستی وشە گۆڕانکاری بنەڕەتی و توندوتیژانەی سیستمی سیاسییە کە نەك هەر دەبێتە هۆی ئاڵوێرە بنەڕەتییەکان لە ستراتکتۆری گشتی کۆمەڵگادا... رەنگە یەکەمین واتای شۆڕش لە زانستە سیاسییەکاندا، رووخاندنێکی ئاگایانە، خوازراو و توندوتیژانەی پۆلینێکی دەسەڵاتدار لە لایەن پۆلینێکی دیکەوە بێ کە رابوونی جەماوەر بە دژی سیستمی حاکم رێبەری دەکا.

دەتوانین پێناسەی رابێرت سۆن لە هەمبەر سێ نموونە کە ناوبراو پێشکەشی دەکا، واتە شۆڕشەکانی فەڕەنسا، رووسیا و چین وەك تاقیکردنەوە ئاماژە پێبکەین. ئەم پێناسەیە لە هەمبەر شۆڕشی چین بە تەواوەتی راستە بەڵام لەمەڕ شۆڕشی گەورەی فەڕەنسا ناڕاستە، چونکە ئەم شۆڕشە خوازراو نەبووە و لەمەڕ شۆڕشی ئۆکتۆبری رووسیاش لەوەی کە نەبووەتە هۆی یەکگرتوویی جەماوەر بە دژی نیزامی دەسەڵاتدار ناتوانێ راست بێ، ئاشکرایە کە وەها پێناسەیەك پتر لە رادە سنووردارە.

گیدنز[2] (١٩٨٩) پارێزەرییەکی زیاتر لەخۆ نیشاندەدا. ناوبراو لە سەرەتاوە دەیگوت کە شۆڕش (لە روانگەی کۆمەڵناسییەوە) هیچ نییە، کودەتایەکە کە تەنیا گرووپێك لە رێبەرەکان بەجێگای گرووپێکی دیکە دادەنیشێ "شۆڕش بەمانای کۆمەڵناسی وشە" نییە. ناوبراو دواتر بەڵگە دێنێتەوە کە شۆڕش دەبێ بزووتنەوە کۆمەڵایەتییە جەماوەرییەکان لەخۆ بگرێ کە ببێتە هۆی گۆڕانکاری و ریفۆرمی

(1) D.Robertson
(2) Anthony Giddens

بنەڕەتی و هەڕەشە یان بەکارنەهێنانی توندوتیژی لەخۆ بگرێ کە ببێتە هۆی گۆڕانکاری و ریفۆرمی بنەڕەتی و هەڕەشە یان بەکارنەهێنانی توندوتیژی گەرەنتی بکا. لەم رووەوە پێناسەیەك کە گیدنز دەیکا "بەدەستەوە گرتنی هێزی حکوومی بە کەرەستەی توندوتیژانەیە لە لایەن رێبەرانی شۆڕشی جەماوەرییەوە و کاتێکیش ئەم دەسەڵاتە بە پێچەوانە بۆ دەسپێکی پرۆسە بنەڕەتییەکانی ریفۆرمی کۆمەڵایەتی بەکار بهێنرێ" (گیدنز ١٩٨٩، لاپەڕەکانی ٥- ٦٠٤). بەهەرحاڵ ئەم پێناسەیە نانۆرمگەلێك دەهێنێتە گۆڕێ، چونکە شۆڕشی ئۆکتۆبەر نە ئاکامی بزووتنەوەی گشت گیری چین و توێژەکانە، بەڵکو ئاکامی باڵێك بوو کە دەسەڵاتیان لە رێگای کودەتاوە بەدەست هێنابوو و بزووتنەوە بەدوای ئەودا هاتووەتە ئاراوە، هەرچەند پێناسەی سەرەوە هەر بەو جۆرەی کە پێشتر ئاماژەمان پێدا، لەمەڕ شۆڕشی ١٩٤٩ی چین بەجێیە. دەرکەوتنی هیتلێر لە گۆڕەپانی سیاسی ئەڵمانیادا لە ساڵی ١٩٣٣ی زایینی دەتوانین بخەینە خانەی وەها پێناسەیەکەوە، چونکە گەرچی ناوبراو سەرەتا دەسەڵاتی بەدەست هێنا و بە کەڵك وەرگرتن لە هێزی دەوڵەتی و بەکارهێنانی ئاگایانە و پۆلیسی توندوتیژانە، پەرەی بە دەسەڵاتی خۆی دا، بەڵام لە سەرەتاوە ئاپۆرای خەڵك پشتیوانییان لێدەکرد. لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا نابێ لەبیرمان بچێ لە نێوان داگیرکردنی دەسەلات و پرۆسەی گۆڕانە کۆمەڵایەتییەکاندا کە بەدوای ئەودا دەستپێدەکا هیچ پێوەندییەکی روون لە گۆڕێدا نییە و گیدنز پرسەکانی کودەتایەك کە گۆڕانە بەربلاوە کۆمەڵایەتییەکان پێکدێنێ بێ وەڵام دەهێڵێتەوە.

ئەمە راستییە کە "شۆڕش" سەرچاوەگرتووی راستەقینەی وەها پرۆسەگەلێکی بنەڕەتی کۆمەڵایەتییە و کاتی روودانی نادیارە، کە ئەمە جێی رەزامەندی هەموو چاودێرانی رووداوەکانن. رێککەوتن لەمەڕ رێژەی ئەو گۆڕانکارییانەی کە روویان داوە لە ئارادا نییە، بەڵام روانگەی ئەو کەسانەی کە لە دەلاقەی پێناسەی سەرەوە دەڕواننە شۆڕش، رێژەی ئەم جۆرە رووداوانە لە رێژەی قامکەکانی پەنجە تێناپەڕێ.



نموونەی بەرچاوی زۆرمان هەن کە دەتوانین ئاماژە بە شۆڕشی بەریتانیا (لە بەریتانیا هەنووکەش لەو شۆڕشە وەکو شۆڕشی نێوخۆی بەریتانیا یاد دەکەنەوە)، شۆڕشی ئەمریکا (لە بەریتانیا ئێستاش ئەو شۆڕشە بە شەڕی سەربەخۆیی ئەمریکا دەزانن)، شۆڕشی ١٧٨٩ی فەڕەنسا، شۆڕشی ١٩١٠ی مەکزیك، شۆڕشی ئۆکتۆبەری ١٩١٧ لە رووسیا، شۆڕشی ١٩٤٩ی چین، شۆڕشی ١٩٥٩ی کوبا بکەین و رەنگە هێندێکی دیکەش هەبن لە شۆڕشی ١٩١٢ی چینەوە بگرە هەتا شۆڕشی نیکاراگوا و شۆڕشی ١٩٧٩ی ئێران. ئەوانە لە ریزی نموونەگەلێکی رەوا و جێی پەسند لە شۆڕشە کۆمەڵایەتییە مەزنەکانن. هەڵبەت جیا لەم راستییە کە لە نێوان کەڵك وەرگرتنی گشتی و باوی "واژە"یەکدا، جیاوازییەك لە بەکارهێنانی بەرتەسك و زانستییانەی لە ئارادایە، نە پاساوێکی پێویست بۆ کەڵك وەرگرتن لە واتا گشتییەکەی لە ئارادایە و نە پاساو هێناوەیەکی تەواو بەئەژمار دێ. بەڵام پێناسەکردنی پێویستییەکی حاشاهەڵنەگرە، چونکە پێناسەکان کایەکی بێبەرهەمی رووناکبیران نییە، بەڵکو بنەما و بنچینەی هەر تیئۆرییەکی جیددی پێکدێنن (سارتووری ١٩٧٠)[1] هەر پێشڤەچوونێك پێویستی بە پێناسەیەك هەیە و بۆ ئەوەیکە پێناسەیەکی بەهێز بێ دەبێ گشتگیر بێ، بە هەر حاڵ کاتێك پێناسەیەك لە چوارچێوەی زانستە کۆمەڵایەتییەکان دەستنیشان دەکەین دەبێ وریا بین کە ئامانجی ئێمە لەم کارە تایبەت بە وردبوونەوەیە لەسەر پێناسە و شتێکی دیکە و پێناسەیەکی دیکە، تەنیا کورت کردنەوەی لە پێناسەی وشەدا راست نییە. لە راستیدا "شۆڕش" مانایەکی بەربلاوی هەیە و کۆمەڵێك لە دیاردەکان لە پێناسەیەکدا لەخۆیدا جێی دەکاتەوە بە جۆرێك بوار بۆ هەر جۆرە شرۆڤەیەکی نەگونجاو خۆشدەکا و لە هەمان کاتدا لە نموونەگەلێکی بێئەژمار جیا دەکرێتەوە. بە جۆرێك ناکرێ لە تاوتوێکردنی هێندێك لە پاشماوەکان ئاکامێکی ئەوتۆی لێ هەڵێنجێنین.

(1) Sartori

هەنووکە بە سەرنجدان بەوەیکە گوترا، ئەم پرسیارە دێتە ئاراوە بۆچی بەردەوام لە شۆڕش بە واتای ڕێکخەرێکی مەزن چاو لێکراوە؟ دۆزینەوەی هۆیەکی زۆر ئەستەم نییە. شۆڕشی مەزنی فەڕەنسا کاتێك ڕوویدا بزووتنەوەی ڕووناکبیری (Enlightenment) ڕێگای بۆ هاتنی گشت چین و توێژەکانی کۆمەڵگا لەسەر بنەمای دانی پلانی نوێتر و باشتر هەموار و ئامادە کردبوو. بەڵام دەرکەوتنی وەها ڕابوونێکی بەرینی هێنا گۆڕێ کە بە گوێرەی وتەی ئالسکی دوتۆکویل[1] (١٩٦٦، ل٣٥٠): "بە شێوەیەکی گشتی ئەم ڕابوونانە لە ڕوانگەی دەسەڵاتداران وشەکانی ئەورووپاوە وەکو قۆناخێکی تێپەڕ بە ئەژمار دەهات و بە هێمایەکی نە زۆر نائاسایی لە ئازاری لەڕادەبەدەری نەتەوەیەکیان دەزانی، هەنووکە لە دیاردەیەکی گشتی و چاوەڕوان نەکراو و بێوێنە لەچاو بزووتنەوەکانی پێش خۆی بە جۆرێك بەرین و چاوەڕوان نەکراو ڕوویدا کە بیروهۆشی مرۆڤ دووچاری سەرسووڕمان کرد".

گەر ڕەوگەی ڕاستەقینەی ڕووداوەکان، چاوەڕوان نەکراو و لە هێندێکیان نەخوازراو و نەویستراو بوو، بەڵام پێشاندانی پراکتیکی ڕێکخستنەوەی نوێی کاروباری وڵات و ئیمکانی ئافراندنی بە ئیدارەی مرۆڤ، ئەویش لە دڵی پێشکەوتووترین وڵاتی ئەورووپا لە مێژووی مرۆڤایەتی، کاریگەرییەکی هەرمانی هێنا ئاراوە. شۆڕش ڕووی لە داهاتوو بوو و زیاتر وەکو پرۆسەیەکی کۆمەڵایەتی چاوی لێدەکرا هەتا ڕووداوێکی سیاسی، پرۆسەیەك کە گشت سنوورە سیاسییەکانی جیهانی بەزاندبوو. لە ڕاستیدا کاتێك بەرەنگاری دەگەیەنی میسر و هێند و هێزی ڕۆژئاوا و ئەمریکای باشوور، تازە دەردەکەوێ شۆڕش وەها هێزێکی بەتوانایە نەك هەر سیمای ئەورووپا، بەڵکو گۆڕان بەسەر سیمای گشت جیهاندا دێنێ.

کەواتە کەی جێی سەرسووڕمانە کە مارکس، بە جێگای پاساوهێنانەوە یان سەلماندن، پێی وابوو کە تاکە کەرەستەیەکی پێویست بۆ گەیشتن بە کۆمەڵگایەکی سۆیالیستی، هێزی چاوەڕوانکراو و سەرسوڕهێنەری شۆڕشە و شۆڕشگێڕان دوای

(1) Alexide Tocpueville



ناوبراو، لەساڵەکانی کۆتایی سەدەی نۆزدە هەوڵیاندا فێربن کە چلۆن زاڵبن بەسەر نوێڵەکانی "لۆکۆمۆتیو"ی مێژوو. ئەمە ڕاستییەکە کە لە هەوڵی خۆیاندا سەرکەوتوو نەبوون دەبێ جێی سەرنج پێدان بێ. لە سەدەی نۆزدەیەم شۆڕشگەلێکی زۆر ڕوویاندا بەڵام نابێ هیچ یەك لەوانە وەکو شۆڕش و گۆڕانی گەورەی کۆمەڵایەتی ناوزەد بکەین. لە هەمان کاتدا گۆڕانکارییەکی کۆمەڵایەتی بێوێنە خەریکی بیچمگرتن بوو، بەڵام ئەم گۆڕانکارییانە پتر پەیوەست بوو بە گۆڕانی کامڵ و سەرهەڵدانی سەقامگیری جێگرتووی سیاسی. لە سەردەمێکدا دەسەڵاتەکان ڕۆژ بە ڕۆژ هێزی خۆیان بەسەر خەڵکدا دەسەپاند و یەکگرتوویی، یەکڕیزی و هێزیان دەکردە دروشمی خۆیان و لە هەمان کاتدا پێشڤەچوونی کۆمەڵایەتی وێنایەك بوو کە کەس توانای بەرەنگاری لە بەرانبەریدا نەبوو. ئیمپراتۆرییە مەزنەکانی ئەورووپا ئەو کاتە لە ساڵی ١٩٨٤ دەستیان بۆ چەك برد، پێشتر پێنج قارەیان لەنێوان خۆیاندا دابەشکردبوو و لە هەوڵی ئەوەدا بوون کە خەڵکانی دیکەی جیهان فێری ئەوە بکەن کە چلۆن وەك ئەوان ژیان بکەن. ژاپۆن و ئەمریکاش کە دوو هێزی نائەورووپایی بەرچاو بوون، ڕێگای پیشەیی بوونیان گرتەبەر و هەوڵیاندەدا ببن بە ئیمپراتۆرییەکی تەواو پێشکەوتوو.

## "مۆدێلەکانی شۆڕش"

یەکێك لە کەرەستە سیاسییەکانی توێژەرێکی بواری پرسە کۆمەڵایەتییەکان، دۆزینەوەی بەرچاوترین تایبەتمەندییە گشتییەکانی پەیوەندیدار بە دیاردە یان ڕووداوێکی ئاشکرا. کۆی ئەم تایبەتمەندییانە بە "مۆدێل" ناو دەبەین کە هەڵبەت ڕاست نییە، بەڵام لەوەی کە پێناسەیەکی ئاسانکراوە کە لەڕاستیدا گۆڕانە گرینگەکانی بە ئاشکراییەکی زیاترەوە دەردەکەوێ و ئێمە دەتوانین بە شێوەیەکی ئاکتیڤانەتر باس لەسەر ئەوانە بکەین کە دەبێتە هۆی بیچمگرتنی تایبەتی تێگەیشتنی ئێمە لە ڕاستییەکان. لە ئاکامدا ئەو توێژینەوانەی کە لەگەڵ گریمانەکانمان یەك نەگرێتەوە لێی دوور دەکەوینەوە و ئاکامێك کە لەگەڵ ڕاستییەکانی مۆدێلی

داهاتوومان کۆك نەبێ گرینگی پێنادەین. شارەزابوون لە بەربەستەکانی ئەم مۆدێلانە مەرجی سەرەکییە بۆ کەڵك وەرگرتنی باش لەو جۆرە مۆدێلانە.

هەر بەم شێوازە بوو کە شۆڕشی مەزنی ساڵی ١٧٨٩ی فەڕەنسا روویدا. شۆڕشێك کە هەستێکی هەڵقوڵاو لە رووداوەکانی هەنووکەش دوای تێپەڕینی دوو سەدە هەر ماوە و بە وتەی مێژووناسان و کۆمەڵناسان و لێکۆڵەرانی زانستە سیاسییەکانی ئەم ساڵانەی دوایین، ئەم شۆڕشە بەردەوام وەك نموونەیەك لە شۆڕشە کۆمەڵایەتییە مەزنەکان دەمێنێتەوە (جۆرج سایر پتی[1] ، ١٩٨٣)، بەڵام کێشە لە جیاکردنەوەی لیبڕاڵیستی شۆڕشی فەڕەنسا، چاوگی بێئاکامبوونی دەگەڕێنێتەوە بۆ بوونی سیستمی کۆمەڵایەتی لە کۆمەڵگادا. نوێنەرانی خەڵك کە خوازیاری لاچوونی چەوسانەوە لەسەر خۆیان و کەمکردنەوەی نارازییەکانیان بوون، خوازیاری نوێنەرایەتی لە ڕێگای کۆڕی نەتەوەییەوە[2] بوون و بەدەستیانهێنا. هەوڵدانیان لە راستای باشترکردنی بارودۆخ لە لایەن کۆمەڵێك لە هێزە پارێزکارەکان بێ ئاکام مایەوە، چونکە لە لایەن شا و دەوروبەرەکەی بە کەوتنە مەترسی بەرژەوەندی و دەسەڵاتیان هەراسان دەکرد و لە لایەکی دیکەشەوە هەڕەشەی لە ئاسایشی دەسەڵاتە پارێزکارەکانی ئەورووپایی دەکرد. حکوومەت بەهۆی تێکشکاوی سەرچاوەگرتوو لە بەڕێوەبەرییەتی هەڵە و بێتوانایی سیستمی کۆن، توانای راوەستانی لە بەرانبەر ئەو گوشارانەدا نەبوو.

ئەمە بوو کە کۆنترۆڵی شۆڕش لەبەر یەك پچڕا و ڕێبەران جار لەگەڵ جار توندئاژۆتر دەهاتنە ناو گۆڕەپانەوە و ئاکامی ئەو حکوومەتە ترس و تۆقاندن بوو گەر لە کاتێکی گونجاودا هەوڵی باشی بۆ بدرابا رەنگە پێشی پێ بگیرابایە. لە ئاکامدا پاش خوێن رشتنێکی زۆر، کەف و کوڵی خەڵك نیشتەوە، روبسپێر[3] و هاوڕێیانی لە دەسەڵات وەلانران، بەڵام شۆڕش منالانی خۆی لەناو بردبوو.

---

(1) Grorge Sawyerpettee
(2) National Assembly
(٣) Maximilien Francois Maree – Lsidore de rabespierre (١٧٥٩ـ ١٧٩٤)، یەکێك لە پیاوانی شۆڕشی مەزنی فەڕەنسا بوو کە لەکاتی لاویەتیدا واتە ئەو کاتەی هێشتا خوێندکاری یاسا



سەردەمێك لە گەندەڵی و پشت گوێ خستن دەستیپێکرد کە لە فەڕەنسا بە پەرچەکرداری ترمیدۆری[1] بەناوبانگە. ئەم سەردەمەش بە نۆبەی خۆی ڕێگای بۆ پتەوکردنی حکوومەتی نوێ و لەڕووی کارکردی کاریگەرتر کردەوە، حکوومەتێکی نیزامی کە بەرەبەرە هەروەك سیستمی پێشوو خۆی دەردەخست.

دواتر لیبرالەکان بە گشتگیرکردنی ئەم ئەزموونە، پتر لە هەموو شتێك جەختیان لەسەر یاسای بنەڕەتی و نوێنەران دەکردەوە. ئەو کاتەی ڕێژەی دەنگی خەڵك لەبەرچاو گیرا، توانای چارەسەرکردنی نارەزایەتییەکان دەبێ و گۆڕانی کۆمەڵایەتی بە شێوەیەکی ڕێك و پێك دێتە دی. راپەڕینی خەڵك، بەوجۆرەی کە لە ساڵی ١٩٥٠ لە رووسیادا هاتە پێش، نیشانێکی روون بوو بۆ هاتنی سەردەمی چاکسازی.

---

بوو، بە توندی کەوتە ژێر کاریگەری ژان ژاك رۆسۆ کە هەتا کۆتایی تەمەنی لە پێڕەوانی ناوبراو بوو. لە ساڵی ١٧٨٩ بە نوێنەرایەتی "پۆلینی سێهەم " Therd Estote چووە پەرلەمانی گشتییەوە. پاش قۆڵبەست کرانی لوئی شانزەیەم، لە ٣٠ی سێپتامبری 1971 ناوبراو لە ئاخاوتنێکیدا وەك یەکەم نوێنەری خەڵکی پاریس داوای ئێعدام کردنی شای کرد. پاش یەك ساڵ بەدوای ئێعدامی شا بە هاوکاری هاوڕێکانی حیزبی ژێروندنی بە تەواویی لەناو برد. دواتر پاش ئەوەیکە لە لایەن کونوانسیۆم بوو بە ئەندامی کومیتەی ئاسایش، حکوومەتی تیرۆری Reign of Terror لە فەڕەنسا دامەزراند.

(١) Thermidorian Reaction خرۆشانێك کە لەکاتی شۆڕشی فەڕەنسا لە ڕێکەوتی نۆی ترمیدۆر بەرانبەر بە ٢٧ی ژوئییەی ١٧٩٤ روویدا و بووبە هۆی رووخانی روسپێر و هاوڕێکانی کە ناسراو بوو بە دەسەڵاتی تیرۆر. لە ژوئەنی ١٧٩٤ فەڕەنسا لە ژمارەی ئێعدامەکان هاواری لێ بەرز بووەوە، چونکە هەر لەم مانگەدا ١٣٠٠ کەس سەریان بە گیوتین لێ درا. لە هەشتی ترمیدۆر (٢٦ی ژوئییە) ئاخاوتنێکی ئاگرین و تۆقێنەری پێشکەشکرد. رۆژی دواتر نوێنەرانی کۆنوانسیون بڕیاری قۆڵبەست کردنی ناوبراو و هاوڕێیانیانی دا و ناوبراویان لەگەڵ براکەی لە هۆتێل دوویل دەستبەسەر کرد و بەو گیوتینەی کە رۆژی نۆی ترمیدۆر سەری ٤٥ کەس لە دژبەرانی لێدابوو، سی رۆژ دواتر هەر بەو گیوتینە ناوبراو و ١٠٤ کەس لە لایەنگرانی سەریان لە گیوتین درا.

سیرهێنری کومپ ـ بێل بانرمەن[١]، کاتێك ئاگادار کرایەوە کە تەزار بە فەرمانی وەزیرەکانی پەرلەمانی دوومای هەڵوەشاندووەتەوە، لە پەرلەمانی بەریتانیا رایگەیاند: "دووما مرد. بژی دووما!"[٢] لە وڵاتە یەکگرتووەکان، بە کورتەمێژووی خەباتکاری تایبەت بە خۆیەوە، چ بە وریایی و ناسینی ئەو رەوگەیە کە شۆڕش تێدا خۆڕسکانە بۆ لای سیستمی چاکسازی لە جووڵەدا بوو، لە ئارادا بوو.

بەم جۆرە بوو کە ویلیام تافت، سەرۆك کۆماری ئەوکاتی ئەمریکا پێشوازی لە لەناوچوونی سیستمی پادشای چین لە ساڵی ١٩١١ دەکرد و پشتیوانی لە گۆڕینی بۆ سیستمی کۆماری لەسەر بنەمای ریفۆرم وەك نوێترین و بەرچاوترین سیمای چاکسازی دەکرد. ودرا ویلسۆن[٣]یش بەنۆبەی خۆی بەدوای کۆتایی هێنان بە نابەرانبەری بوو کە تێدا کاریگەریی لەسەر چەندین وەچە لە ئەورووپا دانا و بەدوای چەسپاندنی مافی خۆبەڕێوەبەری و سەروەری ستراکتۆری یاسای کۆمەڵگای نێونەتەوەییدا بوو هەتاکو ئارمانجەکانی لە جیهانێك کە پێشوازی لە هیچ یەك لەوانە نەدەکرد کۆبکاتەوە.

هەڵبەت روانینی لیبراڵیستی بۆ شۆڕش، ژێرخانی ئابووری نارەزایەتییەکانی لە یەکتر دوور نەدەکردەوە. شیکردنەوەکانی ئالکسی دوتوکوێل لەمەڕ شۆڕش، پێشاندەری ئەم راستییەیە کە پێکهاتەکانی حکوومەت لە فەرانسەی ١٧٨٩ هەتا چ رادەیەك لە ئاوەزمەندی بەدوور بووە (١٩٦٦). دانی سەرانە چوارچێوەیەکی دیاریکراوی نەبوو و سەرانە لە هەرێمێك بۆ هەرێمێکی دیکە، بە رێژەگەلێکی

(1) Sir Henry Comp – bell Bannerman
(2) Le Douma est mort Vive le Douma!
(٣) Woodrow Wilson بیست و حەوتەمین سەرۆك کۆماری ئەمریکا کە لەنێوانی ساڵەکانی (١٩٢١- ١٩١٣) لە خولی دووهەمی سەرۆك کۆماری خۆی لە ساڵی ١٩١٧ ویلایەتەیەکگرتووەکانی ئەمریکای لە بەرژەوەندی هاوپەیمانان هێنایە ناو شەڕەوە. لە کۆنفرانسی پاریس پاش شەڕی بەشداری کرد و پێداگری لەسەر بنەماکانی ناسراو بە بنەماکانی چواردە ماددەیی کە دواتر ئاکامەکەی دامەزراندنی کۆمەڵگای نەتەوەکان بوو، دەکرد.



جۆراوجۆر چێ دەبوو. دیاریکردنی کاتی رێژەی باجەکان بەم مانایە بوو کە کەڵەکەبوونی سامانێکی زۆر لە سەرانەی وەرگیراو بە خەڵك هیچ کاتێك نەدەگەیشتە دەستی شا و مەعاف بوونی دەست و پێوەندییەکانی شا لە دانی سەرانە، بارەستایی قورسی سەرانەکان پتر دەکەوتە سەر شانی وەرزێران.

بەربەستێك کە بەهۆی رێژەی گومرگەکانی نێوان هەرێمەکان و پارێزگاکان و پێتەخت هاتبووە ئاراوە، بە شێوەی کردەیی پێشی بە هەر چەشنە ئاڵوێری ئازادی شتوومەك دەگرت. هەروا کە پێوەرەکانی درێژایی و کێش لە هەرێمێك بۆ هەرێمێکی دیکە جیاواز بوو، دراوی باویش لە نێوان هەرێمە جیاوازەکانیش وەکو یەك نەبوو کە ئەمەش بۆ خۆی ببووە هۆی ئاڵۆزی لە وڵاتدا. شۆڕش هەنگاوێکی گەورە بوو لەپێناو ئاوەزمەندی کردنی کاروبارەکان و گۆڕانکاری لە سیستمی رابردوودا و شۆردنەوە و لە هەڵوەشاندنەوەی سیستمی بەڕێوەبەری پێشوو. بنەمایەکی گونجاوتر و لۆژیکیانەتر بۆ چالاکییە ئابوورییەکان دامەزراند. بە چێکردنی ئەم چاکسازییانە، دروشمی لیبراڵە ئابوورییەکان لە سەرەتای سەدەی نۆزدەیەم ببوو بە ئابووری ئازاد[١] لە بەریتانیا راگەیاندنی یاسای دانەوێڵە لە ساڵی ١٨٤٦ و بازرگانی ئازادیان کردە بنەمایەك بۆ حکوومەت و دەسپێکی خواردەمەنی هەرزانیان بۆ حەشیمەتێکی روو لەگەشەی خێرا راگەیاند. مۆدێلی کردەیی (Functionalist) جێنیشینی راستەوخۆی هەڵێنجاندنە و شێوازێك لە شۆڕشە کە لیبراڵیزم پێشکەشی کردووە. ئەم نموونەیە هەنووکە لە بەرهەمی چالمرز جانسۆن[٢] (١٩٦٤ـ ١٨٦٦) لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا وێنا کراوە سیستمە کۆمەڵایەتییەکان بۆ درێژەدان بە ژیانی خۆیان ناچارن کۆمەڵێك کار بکەن کە پارێزگاری لە سیستم یەکێك لەو کارانە بوو وەڵامدانەوە بە خواستەکان و پێشگیری لە هەر چەشنە ئاڵۆزییەك لە بەڕێوەبەریدا دەبێتە هۆی دامەزراندنی هاوسەنگی لە سیستمدا. ئەوەی کە پتر وەکو نارەزایەتی گشتی لێمان دەڕوانی ئێستا

(1) Laissez - fair
(2) Chalmers Johnson

بە تێکچوویی یان لارەملی لە کارکردی پێناسە دەکەین، بە واتایەکی دیکە روویەك لە سیستەم کە توانای کردەی کاریگەرانەیان نییە. لەم کاتەدا زۆربوونی کەمکاری و لێنەهاتووی بەشە گرینگەکانی نیزام بۆ کاری بە باندۆرتر کە دەبێتە هۆی لەخۆ نامۆبوونی بەشی جۆربەجۆرەکانی کۆمەڵگا مەرجێکی پێویستە بۆ شۆڕشی کۆمەڵایەتی (جانسۆن، ١٩٦٤). بە هەرحاڵ کاتێك رەوتی کەمکاری و بشێوی سەرتاپای کۆمەڵگا دەگرێتەوە، تەنیا پریشکەیەك بەسە بۆ بڵێسەکانی شۆڕش هەتا بەرەو ئاسمان هەڵکشێ، زۆری کەمکاری و هاوڕێ لەگەڵ هۆکارەکانی خێرابەخش، بەرابەر لەگەڵ دەسپێکی شۆڕش.

روانینی مارکسیستی لە بنەڕەتدا هەر هەمان روانینی کردەیی لە شۆڕشە. مارکس و ئەنگلسیش هەروەکو توکوویل، گرینگییان بە مەرجەکانی ئاوەزمەندی دەدا، بەڵام گەیشتنە ئامان گەلێکی تا رادەیەك لەیەك جیاواز، بۆ مارکس و ئەنگلس و هاوچەرخەکانیان، شۆڕشی فەرەنسا رووداوێك بوو کە لە گرینگییەکی تایبەتی لە مێژووی جیهاندا بەهرەمەند بوو و بە خاڵی وەرچەرخان لە پێناو پێشکەوتن و گۆڕانکاری مرۆڤایەتی دەژمێردرا، بەڵام لایەنی گرینگی پتر بەهۆی داشکان بەلای یاسا سەروەری یان قەرەبووکردنەوەی ناڕەزایەتییەکان بە شێوەی هەنگاو بە هەنگاو نەبوو، بەڵکو خۆناخێك بوو لە راستای پەرەگرتنی پرۆسەی شاراوەی دیالێکتیکی بۆ گەشەی ئابووری. براوانی سەرەکی شۆڕش، کۆماریخوازان، لایەنگرانی سیستمی پاشایەتی یان تەنانەت بناپارتیستەکان نەبوون ـ لەڕاستیدا، لە سەردەمی بوونی مارکسدا ئەم باسە روون نەبوو کە کام یەك لەم سێ گرووپە دەبێ بەسەر فەرەنسادا فەرمانڕەوایی بکەن و جیهانێك کە ناوبراو ژیانی تێدا بەسەر بردو مرد لەژێر دەسەڵاتی ئیمپراتۆری گەلێك بوو کە بە رواڵەت لەهەر روویەکەوە لە بەراوەرد لەگەڵ ئیمپراتۆرییەکانی پێش خۆیان بەهێزتریش بوون. سەرمایەداری وەکو پۆڵێنێك، براوەی سەرەکی شۆڕشی فەرەنسا بوو، چونکە بە بڕوای مارکس ئەوە پۆڵێنەکانن کە رۆڵی خولقاندنی راستەقینە لە پرۆسەی دیرۆکدا دەگێڕن نەك خەڵکانێك یان حیزبەکان.



بە گوێرەی مۆدێلی مارکسیستی لە روانگەی رژێمی کۆنەوە[1]، ناکارامەیی ئابووری ئەوەیە کە گشت تواناکانی بەرهەمی سیستمی پرتووکاوی دەرەبەگایەتی تواوەتەوە و کاتی رووخاندنی هاتبوو. دامەزراندنی پەرلەمانی وڵات، بۆ یەکەم جار، وای لە بورژوازی کرد هەتاکو بۆ مانەوەی خۆی وەکو پۆڵێنێك بمێنێتەوە و بەکاری هاوئاهەنگ سیستمی کۆن بڕووخێنێ.

گۆڕانکارییە سیاسییەکانی هەڵقولاو لە وەها هەولێك بە شێوەی بەرین بێهۆ بوو، چونکە لە هەر قۆناخێك ئامانجێکی هاوبەشی دەگرتە بەر، واتە لابردنی بەربەستەکان لەسەر گۆڕانکارییە ئابوورییەکان و ئازادکردنی لایەنی بەرهەمهێنەری نوێ و کاتێك بڵێسەی شۆڕش نیشتەوە، بورژوایی لەجێی دەرەبەگایەتی جڵەوی دەسەڵاتی گرتە دەست، واتە سیستمێکی نوێ کە بنەمایەکی جیاوازی لە پێشووتر هەبوو. بە هەرحاڵ ئەو شتەی کە مارکس لە هاوچەرخەکانی جیا دەکاتەوە، نەك هەر لەبەر روانینی ناوبراو لە شۆڕشی فەرەنسا، بەڵکو بەهۆی پاساوەکانی ناوبراو لە هەمبەر رووداوەکان بوو کە پاش شۆڕش دەهاتە ئاراوە. بە بڕوای ناوبراو هێزی سەرمایەداری بە قەرزاری توانای بەکارهێنانی هێزی کاری پرولتارا لە قەڵەم دەدا و هەر لەم رووەوە بورژوازی و پرولتاریا پێوەندییەکی دیالکتیکیان لەگەڵ یەکتریدا هەیە و هەر بەو جۆرەی کە بورژوازی دوای ئەوەیکە هێزی دەرەبەگایەتی تواندەوە، بووبە جێنشینی دەسەڵاتی دەرەبەگایەتی، پرولتاریاش بە توانەوەی هێزی بەرهەمهێنەری سەرمایەداری، کە بووە هۆکاری گۆڕانکاریگەلێکی مەزن لە جیهاندا، ئەو سیستمە لەناو دەبا.

بازرگانی لەگەڵ گەشەی وەستانی، خۆی پێشاندەری ئەوە بوو کە بەرهەمهێنانی پتر لە رادە و بە تێپەڕین لە سنوورەکانی بەرهەمهێنانی سەرمایەداری کە بە شێوەی رێك و پێك لە ئارادا بوو و ئاکامە خێراکەی لە پێوەندییە سیاسییەکان کە بە روونی بەرهەمی قەیرانە یەك لەدوای یەکە ئابوورییەکانە. بە باوەڕی مارکس،

(١) Ancienregime، مەبەست حکوومەتی فەرەنسای پێش شۆڕشی ١٧٨٩یە و بە گوێرەی فەرەنساییەکان "ئانسین رژێم"

پاشاگەردانی ئابووری ١٨٤٨، پڕ بە لە داهاتی سەرسوورهێنەرانە بۆ شۆڕش[1]، واتە ساڵی ١٨٤٨ بوو. ژیاندنەوە و سەرلەنوێی متمانەدان بەکاری بازرگانی، هەواڵی گەڕانەوەی دواکەوتوویی بۆ ئەورووپا و کودەتای بناپارتی لە دسامبری ١٨٥١ دەدا. هەر چەشنە راوەستانێکی نوێ دەرخەری ئەوە بوو قەیرانی نیزامی سەرمایەداری و لەنێوچوونی لەرێگادایە. کومۆنی پاریس[2]، کاتێك نوێنەرانێك لە پۆلێنی کرێکار بۆ یەکەم جار مافی ئەندامەتیان لە حکوومەتی کاتی لە پاریسدا بەدەستهێنا، پتر لە هەر شتێك هێمای نەریتی شۆڕشی ئەوروپا بوو و باوەڕێکی پتەو کرد کە ئەنگلس لە پێشەکی "کومۆن بە گێڕانەوەی مارکسدا) وەها دەنووسێ: "جارێکی دیکە دەرکەوت کە پاریس ئامادەی هیچ رووداوێك نییە جیا لە شۆڕشی پرولتاریا"[3]. ئەم شیمانەیە لە کردەوەدا ناڕاست بوو. دوای ساڵی ١٨٧٦ واتە ئەو کاتەی حکوومەتەکان سەردەمانێك لە بەرانبەر هاوولاتیانی خۆیان زۆر بە توندی خەسارهەڵگر ببوون، شایەدی راوەستانێکی درێژماوە لە بزاوتە شۆڕشگێڕانەکان بووین و "پاریس کۆتایی سەدە"[4] ببوو بە دروشمێك بۆ ژیانی بورژوازی. بەم هەموو بیرەوەرییەوە کۆمۆن هەر ماوە و بووەتە ئەفسانە و بوو بە خواستێك بۆ شۆڕشی جەماوەری کە سەرچاوەی لە خرۆشانی شارەکاندا بوو و بەم بۆنەوە یووری گاگارین، کەش پێویی رووسی، لە یەکەم سەفەری ئاسمانی خۆیدا ئالایەکی بچووکی لە ئالای کۆمۆن وەك هێمایەك بۆ نەوەکانی داهاتوو بردە ئاسمان.

(1) Annus Mirobilis

(٢) Commune of Paris (١٨٧١) شۆڕشی خەڵکی پاریس بەدوای حکوومەت لە هەژدەی مارس هەتا بیست و هەشتی مانگی مەی ١٨٧١ لە دەسەڵاتدا بوو. ئەم راپەڕینە لە ئامانی نسکۆی فەرەنسا لە شەڕی فەرەنسا و ئەڵمانیادا France – Crman war بوو کە بووە هۆی رووخانی ناپلئۆنی سێهەم.

(3) Marx and Engels 1962, I, P. 443
(4) Fin – de - Siecle



بەم پێیە، بە گوێرەی مۆدێلی مارکسیستی، زنجیرە رووداوگەلێکی بەرچاو، لە رەوتی مێژوودا، لە ناوچەگەلێکی چارەنووس سازدا پێش دێ. قورخ کردنی تەواویی هێزی سیاسی لە دەستی بورژوازی ئاکامی شۆڕشێك بوو کە لە بەریتانیا بەهۆی شەڕی نێوخۆیی[1] و شکستی شا هاتە ئاراوە و لە فەرەنسا ئاکامەکەی، پێکهاتنی پەرلەمانی نەتەوەیی و بەدەستەوەگرتنی هێزی سیاسی لە لایەن ئەوانەوە لێکەوتەوە. سەرکەوتنی پرولتاریا یان بە هێزی هەر ئەم شێوازە و ئەوەی کە شۆڕشی سوسیالیستی سەرەتا لە ولاتە پیشەییە پێشکەوتووەکان واتە لە ولاتانێك روو دەدا کە تێدا پۆلێنە کۆمەلایەتییەکان بە شێوەی تەواو جیاکرابێتەوەو بە شێوەی تەواو جیا کرابێتنەوە و بە شێوەی دوژمن لە بەرانبەر یەکتریدا راوەستابن، زیاتر لەسەر بنەمای دڕدونگی بوو هەتا بنەمای بەڵگە و پاساو. بە هەرحاڵ لە ساڵەکانی کۆتایی سەدەی نۆزدەدا دەرکەوت کە دابەشبوونی کۆمەڵگا بە شێوەی پۆلینی دژبەیەك نایەتە ئاراوە. گەرچی سامان بە تەواوی قورخکراو مایەوە، بەلام لەگەڵ ئەوەشدا رێخستنی کۆمەلایەتی چێ بوو و خەڵکانێك بە رابردووی پرولتاریایی دەرفەتیان پێدان هەتا بەشیان لە پرۆسەی ولاتدا هەبێ. جیا لەوە حکوومەتەکان مەترسی شۆڕشیان هەستپێکرد و بەدوای دۆزینەوەی رێگاچارەدا بوون، بۆ نموونە بیسمارك لە ئەڵمانیا کۆمەڵێك گۆڕانی لەکاری حکوومیدا پێکهێنا کە لەکاتی سەرهەڵدانی قەیران لە سیستمی پیشەیی بتوانرێ بۆ باشترکردنی رەوشی بژێویی خەڵك کەڵکی لێ وەربگیرێ. مارکس ماوەیەك پێش مردنی و ئەنگلسیش بە چاولێکەری لە ناوبراو لە بۆنە جۆراوجۆرەکاندا رایگەیاند کە ئەگەری سەرکەوتنی پرولتار لەم ولاتانەدا لە رێگای یاسای بنەڕەتییەوە بەبێ گوێدان بە گرتنەبەری رێوشوێنی توندوتیژانە دوور لە چاوەڕوانی نابێ.

هۆکارێکی دیکە کە شیمانەی نەدەکرا، سەرهەڵدان و دەرکەوتنی ناسیۆنالیزم (نەتەوەخوازی) لە ئەورووپا بوو. لەلای مارکس ئەمە پۆلینەکان بوون نەك نەتەوەکان کە بە رۆڵ ئافراندنەکانی مێژوو بە ئەژمار دەهاتن و دروشمی ناوبراو: "زەحمەتکێشانی جیهان

(1) Civil War

یەكگرن!" دەرخەری ئەم خاڵەیە. ناوبراو یەكیەتیی نێونەتەوەیی كرێكارانی بە كەرەستەیەك بۆ كاری شۆڕشگێڕانە لە قەڵەم دەدا. سوسیالیزم لە ساڵی ١٩١٤ لەژێر ئاڵای ئەنترناسیۆنالیزم، وەكو هێزێكی شوێندانەر لە ئەورووپا داخوازی دەنواند. بەڵام لە مەیدانی پراكتیكدا، هەر ئەم سوسیالیستانە، چ لە ئەڵمانیا و چ لە فەڕەنسا، دەنگیان بە شەڕ دا.

هەرچەند تیئۆری كلاسیكی ئەنترناسیۆنالیزم لە شەڕی مەزنی فەڕەنسادا لەدایك بوو ماركس دواتر بۆ خۆی كەڵكی لێ وەرگرت، زیندوو مایەوە، بەڵام سوسیالیزم خۆی كەوتە داوی ئەو پڕشوبڵاوییەوە. بەڵام شۆڕشی بلشویكی لە نوامبری ١٩١٧ لە هەوڵی رەوایی دان بە لێكدانەوەكانی ماركس بوو، هەوڵێك كە دواتر وەكو نوێنگەی ماركسیزم ـ لێنینیزمی شۆڕش باسی دەكرێ. ئەم مۆدێلە گەرچی لە هەمان مۆدێلی ماركس وەرگیرابوو و بانگەشە دەكرا كە راستترین لێكدانەوەیە لەو پێوەندییەدا، بەڵام بریتی بوو لە هێندێك خاڵی بە تەواوی جیاواز لەگەڵ نموونەی ماركسیستی. لە شۆڕش هەنووكەش وەك بەرهەمێكی پێشكەش كراوی گشتی چاو لێدەكرا و رەواییەكەی لەم راستییەدا شاراوە بوو كە رەنگدانەوەی ئاواتەكانی پۆلینی پرولتاریا بوو. خاڵی جێی سەرنج لێرەدا ئەوەیە كە بورژوایی دەبوایە ژێر دەستی شۆڕش بوایە. پۆلینیك كە پێش لە شۆڕش دەسەڵاتی بەدەستەوە بوو.، دیاردەیەك كە لە رووسیادا نەبوو، واتە بارودۆخێكی بە تەواویی لە یەك جیاواز لەگەڵ ئەوەیكە ماركس شیمانەی كردبوو. لە ئاكامدا دەبوایە گۆڕانكارییەكی زۆر لە بنچینەدا چێ ببایە هەتاكو بارودۆخەكە لەگەڵ هەلومەرجی نوێ بگونجابایە.

هەر بەو جۆرەی ئاماژەی پێدرا، سەرەتا پرسەكانی شۆڕشی بورژوازی لە گۆڕێدا بوو كە رووسیا ئەوەی تێپەڕ نەكردبوو، مەگەر رووخانی تەزار لە مانگی مارسدا كە بە شۆڕشی فیورییەی ١٩١٧ ناسراوە و ئەگەر وەها بزاوتێك بە شۆڕشی بورژوازی بە گوێرەی پێناسەی ماركس لە قەڵەم بدەین، بەو مانایە دەبێ كە لە تێپەڕین لە قۆناخە مێژووییەكاندا، بە شێوەیەكی بەرچاو قەوبڕمان لێداوە بە ئاوڕێك لە رابردوو دەبینین كە لە روانگەی ماركسەوە ئەمە تەنیا گواستنەوەی رواڵەتی دەسەڵات لە دەستی



بورژوازی نییە كە پێشاندەری رەوتی ئاسایی شۆڕش بێ بەڵكو سەرهەڵدانی شۆڕش پێویستی بە راڤەكردنی تواناكانی بەرهەمی سەرمایەداری هەیە.

دووهەم، خۆڕسك بوونی شۆڕش لە ئارادا نییە. ماركس و ئەنگلس بە پێشڕەو لە قەڵەم دانی شۆڕشی فەڕەنسا وەك نموونە، بە تەواوەتی بڕوایان بەم خاڵە هەبوو كە شۆڕشی رابوونی خۆڕسكانەی جەماوەرییە. لە شۆڕشی ١٨٣٠و شۆڕشی ١٨٤٨و لە كۆمۆنی پاریسیش شاهیدی جمینی جەماوەری مەزن هەن كە بۆ ئامانجە سیاسی و وەرچەرخانە ئابوورییەكان خەبات دەكەن. بەڵام لینین بە روانینێكی نەریتی رۆزا لوگزامبۆرگی[1] نارەزایەتی دەربڕی و جووڵانی خۆڕسكانەی جەماوەری بە تەنیا مەرجی پێویست نەدەزانی و بانگەشەی دەكرد كە شۆڕشی بلشویكی بە هەق شۆڕشێكی پرولتاریایی بوو كە لە دڵی حیزبێكەوە سەرچاوەی گرت كە نوێنەرایەتی ویستە بێ ئەملا و ئەولاكانی پرولتاریای دەكرد و لە لایەن ئەوانەوە چالاكیان دەكرد. ناوبراو لەو بڕوایەدا بوو كە لە زۆربەی وڵاتە ئەورووپاییەكان، شۆڕش تەنیا لە رێگەی رێخستن و رێكخستنەوە دێتە ئاراوە نەك لە رێگایەكی دیكە[2]. دەبێ بڵێین كە لەم بانگەشەی لێنین جۆرێك نارِوونی بەرچاو دەكەوێ كە جێگای شك و گومان دەهێڵێتەوە. هێشتا هەن خەڵكانێك كە لەو سەردەمەدا لە نزیكەوە شاهیدی رووداوەكان بوون و بیرەوەریگەلێكیان لەوەیكە بەچاوی خۆیان دیویانە دەگێڕنەوە.

سەرگەئی ئایزەن ئەشتاین[3] ئەڵێت دواتر بڕیار بوو كە داگیركردنی كۆشكی زستانی كە وەك بزاوتێكی خەڵكی لەسەر دەستی دەیان هەزار كەس روویدا، وێنا بكا، بزاوتێك كە لە راستیدا كاری باتالیۆنێكی دەورە دیتووی دووسەد كەسی رێك و پێك بوو رێژەی بریندارەكان لە فیلمەكەدا چەندین جار لەوە زیاتر بووە كە لە دونیای واقیعیدا رووی دابوو. بە هەرحاڵ ئەوەیكە وەك یادكردنەوە لێی دەكرێ ئەفسانەیەكە هەتا رووداوێكی راستەقینە.

---

(1) Rosa Luxemburg
(2) Lenin 1968. State and Revolution
(3) Sergei Eisenstein

سێهەم، پرسیار لەمەڕ داهاتەکانی سبەینەی دوای شۆڕشە. بۆچوونەکانی مارکس لەم بارەوە بە شێوەیەکی حاشا هەڵنەگر نادیار و ناڕوونە. دیکتاتۆری پرولتاریایی کە پێش لە شۆڕش شیمانەی دەکرد لەو روونییەی کە شرۆڤەڤانان دوای ناوبراو بیریان لێ کردووەتەوە بەدوای گەڕاون، بەهرەمەند نەبوو. لە ساڵی ١٨٤٨ واژەی "دیکتاتۆری" هێشتا لە روانگەی زۆر کەس، بە پلەیەکی بەرز لە نموونەی پێناسە رۆمییەکەی بە ئەژمار دێ کە گشت هێزی سیاسی دەدا بە کەسێك یان کەسانێك کە لە رێگای بەرژەوەندی سەراپای کۆمەڵگادا هەنگاو هەڵێنێتەوە. ئەوەیکە ئاشکرایە، دەسەڵاتی تاکێك هیچ کاتێك ئاواتی مارکس لە دیکتاتۆری نەبوو. ناوبراو دەسەڵاتداری زۆرینەی پۆلینی مەبەست بوو. ئەنگلس دیکتاتۆری پرولتاریای بە کۆمۆنی پاریسەوە دەشوبهاند و هاوتەرازی کۆمۆن لە رووسیا شۆرا خۆجێییەکان بوون و دروشمی "هەموو دەسەڵات بۆ شۆراکان"ش لە لایەن بلشویکەکان لە رۆژانی خرۆشان و رابووندا بە دژی تەزارەکان کرابووە وێردی سەر زمان. لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا کە لێنین دەسەڵاتی بەدەستەوە گرت، چرکەیەك لە ناچارکردنی شۆراکان بۆ پەیڕەوی کردن لە ئیرادەی حیزب چاوپۆشی نەدەکرد، حیزبێك کە "رۆڵی رێبەری"یەکەی بە شێوەی هێمای بێوێنەی ئەندێشەی مارکسیست- لێنینیست بوو. ئەم رۆڵە هەتا ساڵی ١٩٧٧ بە شێوەی فەرمی لە یاسادا نەگونجێندرابوو. لە ئاکامدا ئەوە حیزب بوو کە بەردەوام قازانجی لە شۆڕش دەکرد.

بڕیار بوو شۆڕش نەك هەر پۆلینی دەسەڵاتدار بەڵکو بنچینەی پۆلێنەکان لە کۆمەڵگادا هەڵبوەشێنێتەوە و کۆمەڵگایەکی کۆمۆنیستی پێکبێنی. لەگەڵ ئەوەیشدا راستییەکان ئەوە پێشاندەدەن کە وەها پۆلێن گەلێك مانی خۆیان پاراستووە. بە جۆرێك ئەڵێت ستالین بانگەشەی ئەوەی دەکرد کە بە لەناوبردنی بورژوازی، دوو پۆلێنی نادژبەر دەمێنێتەوە کە یەکیان پۆلینی کرێکار و ئەوی دیکەیان توێژی روناکبیرانە، کە هەرچەند هیچ کات بەچاوی پۆلێن سەیریان نەکراوە، بەڵام لە کردەدا هەر ئەم بژاردانە بوون کە بەسەر کۆمەڵگای سیاسی سۆڤییەتدا زاڵبوون. باسکردنی پتر لەم



بارەیەوە دەسپێرین بە چاودێری دواتری شۆڕش. میلوان جیلاس[1]، کە لەو بڕوایەدایە حیزبی کۆمۆنیستی ئەوکات کە لە یوگوسلاڤی بەرگی دسەڵاتی پۆشی نەك هەر بوو بە نوێنەری پۆلێن بەڵکو راست وەك دەسەڵاتدارانی سۆڤییەت حوکمیان دەکرد. پۆلێنێکی دەسەڵاتدار، لەو رووەوە کەرەستەکانی بەرهەمهێنانی بەدەستی خۆیەوە گرت. بە پێچەوانەی پۆلێنەکانی پێشوو، حیزب لەڕووی پسپۆڕییەوە خاوەنی کەرەستەی بەرهەمهێنان کە لەژێر دەسەڵاتی دەوڵەتدا بوو دەکرد و بەم شێوەیە هاوکات هەم پسپۆڕ بوون و هەم قازانج و پوانگەلی پۆلێنیکی سەربەخۆیان گرتە دەست خۆیان.

جیلاس لە بارودۆخێکی هەستیاردا بانگەشەکەی دەهێنا گۆڕێ، چونکە رەوایی دەسەڵاتی حیزبی کۆمۆنیستی یەکیەتیی سۆڤییەت بەسەر حیزبە کۆمۆنیستەکانی بلوکی رۆژهەڵاتدا، بە شێوەی جیددییەوە لە لایەن تیتۆوە کەوتبووەوە ژێر پرسیارەوە. لێنین بە شێوەی گشتی دژایەتییەکی لەگەڵ بۆچوونە ئەنترناسیۆنالیستە بەربڵاوەکانی مارکسدا نەبوو بەڵام لەوەوە وەکو چلێری سیاسەتی حکوومەت کەڵکی وەرگرت و وەها بەریانێك دواتر بەدەستی جێنشینی ناوبراو، ستالین، کە توانای تێڕوانین و بیرتیژی لە سیاسەتی دەرەکیدا نەبوو لە چوارچێوەیەکدا مایەوە. ستالین گرینگی بە بەرزکردنەوەی ئاستی دەسەڵاتی حکوومەتی نوێی سۆڤییەت لەناو سنوورەکانی دەدا. هەڵبەت وەها بەریانێك لە وڵاتانی دیکەی ئەورووپایی پێشوازی لێنەکرا و تەنانەت ئەوان توانای تێگەیشتن لەم بابەتەیان نەبوو کە بۆچی یەکیەتی سۆڤییەت خۆی لەنێو "قەرەنتینە"[2]دا هێشتووەتەوە. هەوڵدان بۆ تێکشکاندنی ئەم گۆشەگیرییە لە رێگای پەیوەست بوون بە ئەنترناسیۆنالیزم لەگەڵ هێندێك دژکردەوەی بەرتەك رووبەڕوو بووەوە و پێکهێنانی وڵاتانی بەرەی گەل، لە کۆتایی دەیەی ١٩٣٠یش، درەنگ دەرکەوت، هەروەها هەردوو لا بە جۆرێك گومانیان لە یەکتری هەبوو کە لەنێو ئەم دوانە هیچ کات رێککەوتنێکی بەردەوام نەهاتە ئاراوە.

(1) Milovan Djilas

(٢) Cordon Sanitaire، مانای وشەیە و وشەی هەمان "دیواری ساغلەمییە" کە دەیکێشن بەدەوری شوێنێکدا هەتا ئەو نەخۆشانە پارێزراو بن.

هاوپەیمانی گومانایی ستالین لەگەڵ هیتلێر رەنگە بتوانین وەك كارێكی تێگەیشتوانە پاساو بكرێ كە نەك هەر نەبووە هاورێییەك بۆ ستالین، بەڵكو ماوەی بەدەست هاتوو لەو كاتانەی بەدەستی هێنابوو لەدەستی دا.، بەڵام فێری ئەزموونێك بوو. دوای شەڕ بە هاریكاری سوپای سەركەوتووی یەكیەتیی سۆڤییەت لە ئەورووپای رۆژهەڵات، ستالین بە دروستكردنی دیوارێكی تەناهی بەدەوری بلووكی رۆژهەڵاتدا و ئابلۆقەدانی سەرمایەداری خستە ناو گێژاوێك هەتاكو وڵاتانی بەرەی رۆژهەڵات لە مەترسی بۆگەنبوون بپارێزێ. تەنیا لە یۆگسلاڤی بوو كە پارتیزانەكان بە سەركردایەتی تیتۆ، خۆیان لە سوپای سوور جیا كردەوە لە بەرانبەردا زیادەخوازی ستالین بە شێوەی گشتی و سەركەوتوانە بنكۆڵ بوو.

جیت لە سوپای سوور، گریمانەی لەلاڕێدا نەچوونی شۆڕش، كەرەستەیەكی دیكەی ستالین و پشتیوانی ناوبراو بۆ سەپاندنی شۆڕش بەشێوەی گشتی لە هەموو جێییەك روودەدا، باوەڕێك بوو كە كەم تا زۆر هەموو لەو بارەوە كۆك بوون، لە ئاكامدا كاتێك لە شوێنێك گۆڕانكارییەك دەهاتە ئاراوە و حكوومەتی دێموكراسی دادەمەزرا، ئەوەیان بە ئاكامی شۆڕش لە قەڵەم دەدا. هەروەها لە رۆژهەڵات و رۆژئاوا، لایەنگرانی رای ماركس لەمەڕ رەوتی مێژووی مرۆڤ، ئەم بیرە بەهێز ببوو كە بە روودانی شۆڕش، گەڕانەوەیان گەڕاندنەوەی ئاوی رۆیشتوو بۆ نێو جۆگە نەلواو دەبێ، چونكە بە بڕوای ماركس، رەنگە بكرێ پێش بە شۆڕشی بورژوازی بگیرێ یان بیرووخێندرێ، بەڵام شۆڕشی سوسیالیستی هیچ كات. خۆڕاگری لە بەرانبەر سەپاندنی تێگەیشتنێكی تیئۆری و راست لە هۆكارەكانی سەرهەڵدانی شۆڕش لە وەها بنەمایەك بەهرەمەند بوو كە تازە لە كۆتایی دەیەی ١٩٧٠دا گریمانەی بنكۆڵی كردن لە شۆڕشیان لە رۆژئاوادا تاوتوێ دەكرد و مەیلی رێگایان لە ساڵی ١٩٨١ بۆ هەڵگرتنی سنوورەكانی كۆمۆنیزم هێشتا لایەنی جیددی بەخۆوە نەگرتبوو. ئەوەیكە هزرێك بە شێوەی تیئۆری بۆ جێبەجێكردن بێت خۆی بابەتێكە و كردەیی كردنی ئەوە بابەتێكی دیكە و وەرچەرخانە بنەڕەتییەكان كە هەم لە ناوخۆی یەكیەتیی سۆڤییەت و هەم لە پێوەندییەكانی ئەم وڵاتە لەگەڵ هاوپەیمانە ئەورووپاییەكانی رووی دابوو، خۆی پەردەپۆش كردنی پتەوییەك كە لە راستیدا لە هزری (رێگان) دا بۆ پاشەكشە كردن بە كۆمۆنیزم لە ئارادا بوو. لە چاوترووكاندنێكدا ئەو دەستە لەو كەسانەی كە چاوەڕوانی



ئەوەیان دەكرد كە دەستخۆشی رێگان بكەن بەهۆی سەركەوتنی لە سیاسەتدا، لەوپەڕی بێ ئومێدییەوە هۆشداری دەدەن كە هیچ شتێك نەگۆڕاوە و گۆڕانێك نەهاتووەتە ئاراوە، رەنگی لە روانگەی ئەم بەرێزانەوە بۆ ئاوابوونی ماركسیزم و لێنینیزم، دەبێ لە واشینگتۆن بەدوایدا بگەڕێن!

رێگانیش لێدوانی خۆی لە رووی روانگەی نەریتی و لیبڕاڵیستی ئەمریكا لە پێوەندی لەگەڵ شۆڕش پێشكەش دەكا و كەڵك وەرگرتن لە چەك بۆ رووخاندنی دەسەلاتی سەرەڕۆ و خوێنڕێژ و بەدەستهێنانی ئازادی بە مافی سروشتی خەڵكی ژێردەست لە قەڵەم دەدا و راگەیەندراوی سەربەخۆیی[1] وڵاتە یەكگرتووەكان وەها ئەڵێت:

ئەم راستییە پێویست بە شرۆڤە كردن ناكا كە مرۆڤ هەموویان پێكەوە یەكسان ئافرێندراون و خوای ئەوان مافەكانی جیا نەكراوەی لە كاتی لەدایكبوونیان پێ بەخشیوون، بۆ وێنە مافی ژیان، مافی ئازادی و مافی بەختیاری خوازیاری كە بۆ دابینكردنی ئەم مافانە حكوومەت گەلێكی لەنێو خەڵكدا پێكهاتوون كە رەوایی ئەوان لە رەزامەندی خەڵكدایە كە بەسەر ئەواندا حكوومەت بكەن و هەر كاتێك، هەر جۆرە حكوومەتێك بە پێچەوانەی ئەم ئارمانجانە بێ، ئەمە مافی خەڵكە بیگۆڕن و یان هەڵوەشێننەوە و حكوومەتێكی نوێ لەسەر بنەمای سەرەوە پێكبێنن.

پێناسەی رێگان لە دژبەرانی شۆڕشی نیكاراگۆئە كە لەوانە وەك "هاوتای ئەخلاقی باوكانی بنیاتنەر"[2] یاد دەكاتەوە، بە شێوەی زارەكی سیمایەك لە شۆڕش

---

(١) Declaration of Independence دیكۆمەنتێك كە لێژنەیەك پێكهاتوو لە تۆماس جلفرسۆن (T. Jefersan، بنجامین فرانكلین B. Franklin، جان ئادامز J. Adams، راجر شرمەن R. Sherman و رابرت لی وینگ ئەستۆن R. Living Stone. بەڵام پتر بە پێنووسی جفرسۆن ئامادە كراو لە چواری ژووئییەی ١٧٧٦ واتە رۆژی سەربەخۆیی وڵاتە یەكگرتووەكان لە لایەن كۆنگرەی كۆچبەرانەوە پەسندكرا و بەفەرمی سەربەخۆیی ئەو وڵاتەی لە بەریتانیا راگەیاند.

(٢) Foeunding Fathers دارێژەرانی رەشنووسی یاسای بنەڕەتی ئەمریكا لە ساڵی ١٧٨٧ كە لەوانە، جۆرج واشینگتۆن G. Washongton ،...

دەنەخشێنێ کە بە هیچ شێوەیەك سادە بەرچاو ناکەوێ بەو جۆرەی کە بیری لێدەکرایەوە. ناوبراو بە روالّەت پاساو دەهێنێتەوە کە دژبەران، نوێنەرانی یاسای خەلّکی نیکاراگۆئەن و بە کەلّك وەرگرتن لە چەك، خوازیاری رووخاندنی حکوومەتن کە بە گوتەی توماس جفرسۆن لە راگەیەندراوی سەربەخۆیی، مافی وەلاتیان، یان گۆڕینیان لە ولآتەکەیاندا هەیە. هەلّبەت بە پێچەوانەی شۆڕشگێڕانی ئەمریکا، دژبەرانی نیکاراگۆئە، نەك هەر پێگەیەکیان لەناوخۆدا نییە، بەلّکو خۆیان دەسپەروەردەی بیانییەکانن و لە دەرەوە یارمەتی مالّی وەردەگرن و حکوومەتێك کە ئەوان لە هەولّی رووخاندنی دان، نەك هەر حکوومەتێکی پاشایی یان رژێمێکی داگیرکار نییە، بەلّکو حکوومەتێکی شۆڕشگێڕە کە لە لایەن خەلّکەوە و راپەڕینێکی بەرین بە دژی "مالّبات" سەرەڕۆ دامەزراوە. "گەر جیفرسۆن لە دەیەی ١٩٨٠ لە ژیاندا با، بەبێ بچووکترین شك و گومان، دەچووە ریزی شۆڕشگێڕانی ساندنیستەوە".

کێشەی رێگان لەوەدا بوو لەکاتی سەربەخۆیی ئەمریکاوە، دوو روانگەی دژبەیەك لەمەڕ شۆڕش خەریکی گەشەسەندن بووە، یەکیان روانگەی لیبڕالّ و ئەوی دیکە روانگەی پارێزکارانەیە. یەکەمیان شۆڕش بە کەرەستەیەکی رەوا لە پێناو لابردنی حکوومەتەکان لە قەلّەم دەداو دووهەمی ئەوە بە نەخۆشییەکی گشتگیر لە قەلّەم دەدا کە لە لایەن گرووپێکی بچووك لە حکوومەتێکی گەندەلّ بۆ حکوومەتێکی دیکە رادەگوازێتەوە. ئەوەیکە حکوومەتی ساندنیستەکان حکوومەتێکی رەوابوون، جێی پەسەندی رێگان نەبوو، ئەوەیش نەك لەبەر هەلومەرجێك و بارودۆخێك کە ساندنیستەکان تێدا بە دەسەلآت گەیشتبوون، بەلّکو پتر بەهۆی ترس لەوەیکە لەگەلّ یەکیەتیی سۆڤییەت هاوئاهەنگ یان رێککەون و کردەوەی بە پێچەوانەی بەرژەوەندی ئەمریکا لە ناوچەکەدا چێبکەن. ئەم باسە کە شۆڕش، بە گوێرەی پێناسەی گرووپەکانی خەباتکار کە تێدا دەتوانین هەم سوپاسی لێبکرێ و هەم جێی گومان بووبێ، لەڕووی لۆژیکییەوە جیاوازی هەیە (هەلّبەت بوونی رەنگوبۆی جیاوازی لۆژیکی هیچ کات بەلّگەیەك بۆ ناکارامەیی بەرپرسانی پلەبەرزی سیاسی نەبووە!).



رێگان بۆ ئەوەیکە بە پێچەوانەی گوتەی جێفرسۆن لەسەر ئەو بنچینەی کە خەلّك مافی ئەوەیان هەیە کۆمەلّێك جوولّە بکەن کە خۆیان خوازیاری بن، کارێکی وا نەکا وەبەر لۆمە بدرێ، رێگایەکی جیا لە دەربازبوون لەم تەنگژەیەی نەبوو جیا لەوەیکە ساندنیستەکانی بە دامەزراندنی حکوومەتێك کە رەوایی نییە و ئازادی زەوت کردووە، تاوانبار دەکرد. ئەگەر ساندنیستەکان دژبەرانیان کەسانێکی دەرەکی بوونایە کە لە لایەن داگیرکەرانەوە پشتیوانییان لێ بکرایە، رەنگە رەواییەك بۆ رووخاندنی ئەوان هەبا، لە کاتێکدا روانگەی لیبڕالّی کلاسیکی لە شۆڕش حەق بە خەلّك دەدەن کە لە هەلّبژاردنە حکوومییەکان ئازاد بن. هەلّوێستی لیبڕالّە نوێکان بۆ رەوابوونی وەها حکوومەتێك دەبەستنەوە بە کۆك بوونی لەگەلّ پێوانە و یاسا نێونەتەوەییەکان لەبەرچاو گیراوە کە ئێمە لە لێکدانەوە سیاسییەکان ناچارین بیانپارێزین، بەلاّم مۆدیلی لیبڕالّی نوێ[1] شۆڕشی خەلّك لە هەلّبژادنی حکوومەتێکی دەروەست کە پێوانە گەلێك لە ئازادی بەرچاو بگرێ، لە قەلّەم دەدا، کارێکی گشتگیرە کە تەنانەت لە تیئۆرییەکانی بێرژنیف[2] لەو حکوومەتە سۆسیالیستەکاندا نموونەی هەبووە.

بەهەرحالّ لەو بابەتانەی ئاماژەی پێدرا کۆمەلّێك تایبەتمەندیمان بۆ دەردەکەوێ کە خالّی هاوبەشی هەموو جۆرە مۆدیلێکی شۆڕشەکانە، یەکەم، ئەوەیکە شۆڕش رووداوێکی لەناکاوە، لەم رووەوە پڕۆسە هەنگاوەکانی گۆڕانکاری کۆمەلآیەتی و ئابووری کە لە هەموو کۆمەلّگایەك، بەردەوام درێژەی هەیە و دەتوانێ ببێتە هۆی گۆڕانکارییە گەورەکان ناکرێ بە شۆڕش لە قەلّەم بدەین.

دووهەم ئەوەیکە شۆڕش توندوتیژی لەگەلّ دایە. گشت سیستمە سیاسییەکان لە کۆتاییدا کەلّك لە توندوتیژی وەردەگرن (بۆ لێکدانەوەی ئەوە ناوی "اجبار فیزیکی" لێدەنێین) و لە راستیدا پێناسەی نیزامی سیاسی ئیزن بە دژکردەوەی ناچاری و رەوا دەدا. بەلاّم لە شۆڕشدا رێگایەك نییە کە لە دوایین قۆناخدا کەلّکی لێوەربگیرێ بەلّکو

(1) Neo - Liberal
(2) Brezhnev Doctrine

کەرەستەیەکی پێویستە بۆ دابینکردنی گۆڕانکاری. گشت ئەو شۆڕشانەی لە جیهاندا ناسراون، ئاستێکی بەرزی زۆرەملێی فیزیکییان لەگەڵدا بووە.

سێهەم، ئەوەیکە شۆڕش ئەڵترناتیڤێکی سیاسییە، کە پابەندە بە جێنشینی کۆمەڵێکی دەسەڵاتدار لە لایەن گرووپێکی دیکەوەیە. بەم پێیە شۆڕش لەریزی ئەو رەستە لە رووداوانەیە کە ناوەرۆکیان پێش لە رووداوەکە دەردەکەوێ. لەم رووەوە هەوڵە سەرنەکەوتووەکان، هیچ کام لەوانە ناچنە خانەی شۆڕشەوە. بەڵام لە کردەدا ژێرکۆیەکی بچووکە لە رووداوەکان کە لە پاشان دەسەڵاتدارێك لە تەواو تواناکانی خۆی بۆ سەپاندنی هێز لە راستای رزگاربوونی لە بەربەستە یاساییەکان یان بنەجێ کراوە بۆ لابردنی چاودێری بەسەر هێزدا کەڵك وەردەگرێ. ئەم رووداوانەش دەتوانین بە شۆڕشی ناو ببەین، چونکە تەنانەت گەر کۆمەڵێك لە بەرپرسان لە پۆستی خۆیاندا بمێننەوە، بەڵام بێگومان گرووپێك هەر گۆڕانیان بەسەردا دێ. وەك نموونەیەکی بەرچاو دەتوانن باس لە کودەتایەك بکەن کە بووە هۆلای رووخانی کۆماری دووهەمی فەرەنسا لە دیسامبری ١٨٥١ یان دەستەواژەیەك کە مارکس بۆی داناوە، هەڵبەت بە پیاچوونەوە بەو مۆدیلەی کە ناوبراو لە شۆڕشی ١٧٨٩ی فەرەنسا پێشکەشی دەکا، "هەژدەی برومرلۆئی بناپارت"(١).

چوارەم ئەوەیکە شۆڕش وەرچەرخانە. گەر هەر جۆرە گۆڕان نەیەتە ئاراوە، شۆڕشێك لە ئارادا نییە. لەبلارەی ئەوەیکە چ جۆر گۆڕانکارییەك دەبێ بەدوای شۆڕشدا بێتە ئاراوە یان رادەی گۆڕانکارییەکانی پێویست چەندە بێ هەتاکو بتوانین وەك " شۆڕش" پێناسەی بکەین، هەتا رادەیەك هیچ هزرێکی لە یەك نزیك لە ئاردا نییە. ناوەرۆکی گۆڕانکارییەکان و وەرچەرخانەکان لە شۆڕشدا کردەیەکی بە تەواوی سیاسییە و بەم هۆیەیە کە چەمکی شۆڕش بەردەوام جێی مشتومڕ بووە (گالی ٥٦ ـ ١٩٥٥)(٢) بەو مانایە کە گەیشتن بە رێککەوتن لەسەر پێناسەیەکی دیاریکراو لە شۆڕش نەلواوە.

---

(١) هەروەها مارکس کتێبێکی دیکەی بەم ناوە "the Eighteenth Brumaire of Louis Bonaparte" هەیە کە بەڕێز باقر پرهام بۆ سەر زمانی فارسی وەرەیگێڕاوەتەوە.

(2) Gallie



**(هۆکارێك کە هەموو چەمکەکان بەسەر چەمکی "شۆڕش"دا زاڵە)**

ناوەرۆکی باس هەڵگری شۆڕش، هەر بەو جۆرەی باسی لێکرا، کۆمەڵێك نووسەرانی هێناوەتە سەر ئەو باوەڕە هەتا دەست لە بابەتی شۆڕش هەڵبگرن و سەرقاڵی لێکۆڵینەوە لە چەمکێك بن کە لای ئەوان سروشتییە کە ئامانجی لێکۆڵەران لە لێکۆڵینەوە پێوەندی ئەو چەمکانە لەگەڵ چەمکی شۆڕشە.

لە زۆربەی هەرەزۆری ساڵەکانی سەدەی بیستەم چەمکی شۆڕش لەگەڵ کۆمۆنیزم بە یەکسان لە قەڵەم دراوە. ئەم بڕوا سەرسووڕهێنەر و نابەرانبەرە تەنیا کۆمۆنیستەکان چەسپاندوویانە بە شۆڕشەوە و بە دڵنیاییەوە نە لە مارکس بە میرات بۆمان بەجێ ماوە نە لە ئەنگلس، چونکە ئەم دوانە بەباشی دەیانزانی کە ئەگەر تیئۆرییەکانیان بە گوێرەی خواستیان بەرەوپێش چووبا، ئەو کاتە تەنیا پۆلێنی خاوەن مەرج و ئامادە بۆ شۆڕش، پۆلێنی بورژوا بووە. روانینێك کە کۆمۆنیزم بە هاوتەرازی شۆڕش دادەنێ و تەنیا کۆمۆنیستەکان بە شۆڕشگێڕ دەزانێ، پتر لە دەرئەنجامی شەڕی سارد بوو کە بەهۆی بەهێزبوونی ئەمریکاوە هاتە ئاراوە. نموونەی دووجەمسەری جیهان، وای لە سیاسەتوانانی رۆژئاوایی کرد کە لە پرسەکانی پێوەندیدار بە کۆمۆنیزم وەك هێزێکی شوێندانەر بە هەند وەرگرن و ئەم گریمانەیە رەت نەکەنەوە کە گۆڕانێك لە قەوارەی جیهاندا پێکهاتووە و ئەویش ئەوەیە کە تەنیا جێنشینی بێهاوتا لە سیستمی هەنووکەدا، هەمان شۆڕشی سوسیالیستییە، شۆڕشێك کە پێشتر شیمانەی کرابوو. ئەم سیاسەتەی بە هاوتازانینی لە یەك ئاستدا پێشی بە هەر جۆرە گۆڕانێکی سیاسی لەگەڵ شۆڕش و شۆڕش لەگەڵ کۆمۆنیزم، بە شێوەی کردەیی هێناوەتە ئاراوە و لە هێندێك وڵاتدا بە شێوەی دیار وەك هیند و چین و لە داگیرکراوەکانی پێشووی پورتەغاڵ و ئەفریقیا، خەڵك رەوشی ژیانیان لەگەڵ ستەمی داگیرکاری لە یەك ئاستدا دەبینی و لە کۆتاییدا رێگایان بۆ سەرکەوتنی رژێمە مارکسیستەکان خۆشکرد.

لە لایەکی دیکەوە واژەی شۆڕش لەگەڵ پێوەرە ئیدئۆلۆژیکەکان گرێدرابوو کە ژمارەیەك لە نووسەرانی دەیەی ١٩٦٠ی هێنایە سەر ئەو باوەڕە هەتاکو واتای نوێی

"شەڕی نێوخۆیی"[1] لەڕووی بەهاوە لەکارکەوتووە و بۆ دەستنیشانکردنی هەموو جۆرە تێکهەڵچوونێکی چەکدارانە لەنێوخۆی وڵاتاندا بەکار بێنن (چاو لە ئەکشتاینی ١٩٦٤ بکەن). چەمکێکی جێی پەسند و گونجاوە. کۆمەڵەی نەتەوەکان کە بە گوێرەی کۆمەڵێك هۆی یاسایی شەڕ بە ئۆپەراسیۆنێکی سەربازی ڕێك و پێك پێناسە دەکا کە حکوومەتێکی نەتەوەیی بە فەرمی دانی پێدا ناوە و لە کردەوەدا ناچار بە قەبووڵکردنی هەموو جۆرە تێکهەڵچوونێکی میلیشیایی لەسەر بەهای ئەو ئامانجەی کە بەدواوەیەتی کردووە و کەرەستەیەك کە بۆ لێکۆڵینەوەی ئەم ئارمانجانە کەڵکی لێ وەردەگیرێ هیچ جۆرە دادوەرییەك ناکا و هەموویانی بە پێناسەیەکی گشتی "تێکهەڵچوون لە شەڕ"[2]دا پۆلێن بەندی دەکا. هەر لەم ڕەوگەوە واتای "شەڕی نێوخۆیی" بە شێوەیەکی گونجاو و تێکهەڵچوونی چەکدارانە لەنێو سنوورەکانی وڵاتێك کە لە ئارادایە لەیەك جیا دەکاتەوە. تێکهەڵچوونگەلێك لەم شێوەیە تا ڕادەیەك باوی هەیە. بەگشتی دەسپێك و کۆتاییەکانی ڕوون نییە و بەشی هەرەزۆریان هیچ جۆرە ئاکامێکی سیاسی و ماناداری لێ ناکەوێتەوە. بە دڵنیاییەوە ئەم جۆرە تێکهەڵچوونانە، گەر نەبێتە هۆی ڕووخاندنی حکوومەتەکان و گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتییەکانی بەدواوە نەبێ ناتوانین ناوی شۆڕشی لێبنێین. بەم پێیە چەمکی شەڕی نێوخۆیی لە ڕوانگەی لێکۆڵەرە سیاسییەکانەوە بەبێ ئەوەیکە هیچ یارمەتییەکی گەورە بە دەرکی شۆڕش بکا، هەموو جۆرە بەهایەکی سیاسی لەم واژەیەدا دەستێنێتەوە. دەتوانین باسێکی زۆریش هەر بەم شێوە لەسەر واژەی "ئاژاوە" بکەین کە گوور (١٩٧٠)[3] کەڵکی لێوەردەگرێ، هەروەها بووەتە وێردی زمانی نووسەرانێکی زۆر کە لەو بڕوایە بوون هەتا نموونەگەلێکی شیمانەکراو بۆ شۆڕش پێشکەش بکەن. دەستەواژەیەکی دیکە کە پتر گرینگی بەڕووی سیاسی ئەم دیاردە

(1) Internal Wal
(2) Belliyerency
(3) Gurr



دەدا و گرینگییەکی ئەوتۆ بە لایەنە نیزامییەکانی نادا، "ناسەقامگیری سیاسی"[1]یە، کە ئەمە خۆی دەستەواژەیەکی سادە نییە، بەڵکو کێشەیەکی زۆر دێنێتە ئاراوە کە خێرا و لەکاتی خۆیدا بە شێوەی جیاجیا ئاماژەیان پێدەدەین.

شۆڕش، بەم پێناسەیە واژەیەکی ئاڵۆزیشە کە لانیکەم ڕوویەکی چوارینەی لەخۆ دەگرێ (کالوەرت ١٩٦٧و١٩٧٠). یەکەم ئەوەیکە ئاماژە بە پرۆسەیەکە کە گرووپە بەهێزەکانی، لەگەڵ حکوومەت و ڕژێمی دەسەڵاتدار ناکۆك بن و بە دژی ئەو ڕژێمە چالاکی بکەن. دووهەم شۆڕش باس لە ڕووداوێك دەکا کە تێدا حکوومەت بە شێوەی توندوتیژانە یان بە هەڕەشەیەکی دامرکێنەرانە بە کەڵکوەرگرتن لە هێزی سەربازی بڕووخێندرێ. سێهەم شۆڕش بەرنامەیەك شیدەکاتەوە کە تیادا حکوومەتێك کە دەرئەنجامی شۆڕش بووە لە هەوڵی ئەوەدایە هەتاکو هەموو یان کۆمەڵێك بنەمای گشتی کۆمەڵگایەك کە بەرپرسایەتی بەڕێوەبەرییان لە ئەستۆیە، بگۆڕن. دوایین لایەنی شۆڕش، ئاماژە بە کارێزماپەروەری سیاسی دەکا، سەربووردەیەك کە بەجێی ئەوەیکە لە چۆنییەتیی ئۆبژەکتیڤی بارودۆخەکە لە ڕابردوودا بڕوانێ، ڕووداوەکانی ڕابردوو و ئامانجەکان ئاوێتەی ئەفسانە دەکەن. گەرچی لایەنەکانی سەرێ هەر کام لە لایەکەوە بەپێی هۆکارەکانیان سەربەخۆ لە یەکترن، بەڵام خاڵی هاوبەشی هەموو ئەوانە خودی ڕووداوەکانە. ئەمە تەنیا ڕووداوەکەیە کە تێماندەگەیەنێ کە شۆڕش ڕووداوە یان نا.

دیاریکردنی ڕووداوەکان لە هێندێك لە شۆڕشەکان هێندەش دژوار نییە. ڕووخانی حکوومەتی "کرانسکی"[2] لە ساڵی ١٩١٧و هەڵاتنی "باتیستا"[3] لە ساڵی

(1) Political instalility

(٢) لە دوای ڕووخانی تەزار، کرنسکی (Kerrensky) لە حکوومەتی کاتیدا بەرپرسی پێکهێنانی کابینە دەبێ و هەوڵدەدا حکوومەتێك پێکبێنێ کە نوێنەری زۆربەی هێزە چالاکە سیاسییەکان بێ. ئەم حکوومەتە بە سەرهەڵدانی شۆڕشی ئۆکتۆبەر، بە ڕێبەری بلشویکەکان ڕووخێندرا.

(٣) Folgencio Batista (١٩٠١ــ ١٩٧٣) کەسێکی سەربازی و دیکتاتۆرە کە دوو جار فەرمانڕەوایی بەسەر کووبادا کرد، جارێك لە نێوان ساڵەکانی ١٩٣٣ــ ١٩٤٤و جاری دووهەم لە

**١٩٥٩**، ڕووداوگەلێکی تایبەت بە خۆ و یەکلاکەرەوە بە ئەژمار دێن. بەڵام پێگەی ڕووداو لە شۆڕشی مەزنی فەڕەنسا کوێیە؟ ئەدنمۆند بەرەك شۆڕشی فەڕەنسای سێ ساڵ بەر لەوەی کە "لۆیی کاپە" بەرەو ئەو شەقامە کە گیوتینی لێ دانرابوو بۆ لێدانی سەری ببەن، بە دروستی هەڵیسەنگاندبوو. بە هەرحاڵ بەرسڤی پرسیاری سەرەوە ئەوەندە گران نییە. پێکهێنانی مەجلیسی نەتەوەیی یەکێك لە خاڵە وەرچەرخانەکانی شۆڕش بوو و دادگایی کردنی شا لەژێر گیوتیندا خاڵێکی دیکەیە و ڕووداوەکانی دیکەش وەك ڕووخانی ڕۆبسپێر، ترمیدۆر[1] و هەژدەی برۆمەر، هەمووی ئەو ئاکامەی لێکەوتەوە کە ئێمە بەکۆی ئەوانە وەکو شۆڕشی مەزنی فەڕەنسا دەناسین. هەرکام لەم ڕووداوانە ڕێگای بۆ ڕێکخراو و ڕێکخستنە نوێیەکانی هێزەکان کردەوە و کاریگەری هەموو ئەم دووبارە بوونەوانەی ڕێکخراوەکان بوون کە ڕێگای بۆ ریفۆرمە کۆمەڵایەتییەکان خۆش دەکرد.

لە کاتێکدا برەك ڕووداوەکانی ساڵی **١٧٨٩**ی وەك گەڕانەوەیەك بۆ دواوەوە و بە پێچەوانەی بەرەوپێشچوونی فەڕەنسا لە قەڵەم دەدا، ئیدانە دەکرد، تام پەین[2] و

نێوان ساڵەکانی **١٩٥٢ـ ١٩٥٩**. دژبەرانی خۆی زیندانی و ئازار دەدا و هێندێکیانی ئێعدام دەکرد و هەروەها لەسەر حیسێبی پارەی وڵاتەکەی سامانێکی زۆری بۆ خۆی و دەوروبەری کۆ کردبووە.

(١) هەر بەو جۆرەی کە پێشتر ئاماژەمان پێدا، لە نۆی ترمیدۆر (**٢٧ی ژووئییەی ١٩٧٤**) ڕوبسپێر لە ئاکامی کودەتادا ڕووخا و ماوەی حکوومەتی ترس و تۆقاندن کۆتایی پێهات.

(٢) Thomas paine (١٧٣٩ـ ١٨٠٩). شۆڕشگێڕێکی پڕ لە جۆش و خرۆش بوو کە سنووری بۆ ڕزگاری چین و توێژەکانی کۆمەڵگا نەدەناسی. لە ڕیزی شۆڕشگێڕانی ئەمریکاوە چووە ڕیزی شۆڕشگێڕانی فەڕەنساوە و بەشداری لە کۆنوانسیۆندا کرد و لە ئامادەکردنی یاسای بنەڕەتی فەڕەنسا یارمەتی بە شۆڕشگێڕان کرد. کتێبی "مافی مرۆڤ"ی ناوبراو (Rights of Man) ناسراوترین بەرگرییە لە شۆڕشی مەزنی فەڕەنسا، کە بانگەوازی شۆڕشی گشت جیهانی تەنییەوە. کتێبی دیکەی ناوبراو "شعور متعارف" (Commen Sense) کە تەنیا لە ساڵی **١٧٧٦**دا **١٠٠٠٠** دانەی لە ئەمریکا لێ فرۆشرا. ناوبراو بەهۆی ئەمگناسی بە ئارمانەکانی لە وڵاتی خۆی بەریتانیا بە



کۆمەڵێکی دیکە ئەم ڕووداوانەیان بە هەنگاوێکی مەزن لە ڕێگای بەرەوپێشڤەچوونی مرۆڤایەتی لە قەڵەم دەدا. ئەم باوەڕە کە کاتی "نەزمی نوێ لە چەرخەکان" گەیشتووە وەها بەهێز بوو کە "کەندرەسە"[1] فەیلەسووف و بیرمەندی هێنایە سەر ئەو باوەڕە کە هەتا ئەو کاتەی کە چاوەڕێی جێبەجێ کردنی حوکمی ئێعدامی خۆی بوو، گەڵاڵەیەکی بۆ پێشڤەچوونی مرۆڤایەتی پێشکەش بکا. ڕووخانی ڕوسپێر و پاشکەوتوویی ترمیدۆری بۆ ڕزگارکردنی گیانی "کەندرسە" هیچ ئاکامێکیان نەبوو، بەڵام بڕوابوون بە پێشکەوتن و گەشەکردنی مرۆڤایەتی  چ لەجێی خۆی دەمێنێتەوە و چ بۆ لایەنگرانی شۆڕش و چ بۆ دژبەرانی، ئەم ڕاستییەی کە "شالاویی ئەو هێزانەی کە خوازیارن گۆڕان و ریفۆرم وەڕێ بکەوێ، پێش گرتنی نامومکین دەبێ"و ئەمە دەبێتە بەشێکی جیانەکراوە و جێی پەسندی کارێزمای شۆڕش.

بەم جۆرەش نییە. دژە شۆڕش شتێکی جیاواز و دژی شۆڕش نییە. دژە شۆڕش هەمان شۆڕشە. کەڵك لە هێز پتر لە دەستی کەسانێك دایە کە توانای بەڕێوەبەری بەسەر هێزە چەکدارەکانیدا هەبێ و بەوپەڕی داخەوە دەبێ بڵێین کە ئەم هێزانە بەردوام لەژێر باندۆری کەسانێکدا بوون کە پڕوپاگەندە بۆ ڕق و بێزاری کردووە و تەنانەت لەمەڕ گرینگترین گۆڕانکارییەکان، لێبڕاوانە و بە کەللەڕەقی بەرەنگارییان کردووە هەتاکو بەدەستی شۆڕشکاران بە مانای وشەی جێی پەسندی گشتی ڕەنگە حکوومەتەکان لەناو هێندێکیاندا، لە ڕاست یان چەپ بخرێنە ژێر پرسیارەوە. زنجیرەی ڕووداوی شۆڕشەکان هاوتەریبە لەگەڵ لەدایکبوونی هێزە پێشکەوتنخوازەکان و حکوومەتە ریفۆرمخوازەکان، هەروەها دەتوانێ هێزە سەرەڕۆ و دیکتاتۆرەکانیش

یاساشکێن و لە فەڕەنسا بە ئاکوبوونی تۆمەتبار کراو پێش ئەوەی کە سەری وەبەر گیوتین بکەوێ هەڵات و ساڵەکانی کۆتایی تەمەنی بە تەنیایی لە ئەمریکا گوزەراند.

(١) Condorecet (١٧٤٣- ١٧٩٤)، زانا و بیرکاریزان و ئابووریزانی فەڕەنسەوی کە خاوەنی ئینسوکۆلۆپێدیایە.

لەناخی خۆیدا پەروەردە بکا. ئەزموونی سەدەی بیستەم فێری ئێمەی کردووە کە زۆربەی هەرەزۆری شۆڕشەکان بەدوای پاکانەکردن بۆ کارەکانیانن.

هەر بەو جۆرەی کە سەدەی بیستەم بەرەو کۆتایی دەچێ، گەورەترین کێشەی سیاسەت ژیاندنەوەی باوەڕمەندی بە ئارمانجی گۆڕانکاری راستەقینە و شوێندانەر لەسەر بنەمای یاسای بنەڕەتی و گرتنەبەری میتۆدێک بۆ پێشگیری لە بەرژەوەندیخوازییەکان و خۆویستەکانە کە پشت بەستوو بە هێزن.

**"کێشەکان و ئاستەنگەکانی لێکۆڵینەوە لەمەڕ شۆڕش"**

بەپێی کۆمەڵێک هۆکاری نەزۆر روون، هەموو کاتێک گریمانەی سەر ئەوە بووە ئەوانەی کە سەرقاڵی لێکۆڵینەوەن لەبارەی دیاردە کۆمەڵایەتییەکان، خۆیشیان هاوبیر و پشتیوانی لێدەکەن. بۆ هیچ کەس وێنا ناکرێ کە زەوییناسێک، خوازیاری جیهانێکی پڕ لە ئاورگە بێ و تەنانەت ئەو دەستەیە کە وا بیر دەکەنەوە کەشناسان بەردەوام خوازیاری شیمانەکردنی کەشێکی نالەبار بن، ئەوەندەش زێدەڕۆیی ناکا کە بە پێکهێنانی گێژەلوولەکە و لافاو تۆمەتبار بکرێ. بەڵام یەکەم گرفت کە بەرەوڕووی توێژینەوەی ئوبژەکتیڤی شۆڕش دەبێتەوە، بوونی شک و گومانە لەسەر مەبەستەکانی ناوبراو. هەڵبەت ئەو گرووپەی کە سەرقاڵی توێژینەوەن لەبارەی شۆڕش سەر بە رێکخراوی ئەمنییە حکوومییەکانن، لەڕاستیدا بێبەرین لە روانینی ئۆبژەکتیڤانە، هەر ئەم پرسانە دەبێتە هۆی هاتنە ئارای هەڵەگەلێکی ئاشکرا لەمەڕ هەڵسەنگاندنەکانیان.

شۆڕش لە ناوەرۆکدا سادە نییە کە بتوانرێ بە سانایی توێژینەوەی لەسەر بکرێ. شۆڕش رووداوێکە لەناکاو. زۆر جار شاهیدی دۆخێک بووین کە لە رواڵەتدا قەیراناویی و شۆڕشگێڕانە بەرچاو کەوتووە. بەڵام لە سەقامگیرییەک بەهرەمەند بوون و لە ناکاودا دووچاری وەها گۆڕانێک بوون کە هەر وەکو بوومەلەرزەیەک هەموانی سەرسام کردووە. یاسای پێشگۆیی دژکردەوە هەر بەو رادەیە لەمەڕ دیاردە کۆمەڵایەتییەکان راستە بۆ شۆڕشیش هەر ئەو رادەیەیە. شۆڕش ئەوەندەی کە ببێتە هۆی تۆقاندن یان جێی ئومێد



و چاوەڕوانیمان، کەمتر ئەگەری ئەوە لە ئارادایە کە ببێتە هۆی تۆقاندن یان جێی ئومێد و چاوەڕوانیمان، کەمتر ئەگەری ئەوە لە ئارادایە کە خەڵکانی بەشدار تێدا بتوانن دەورگەلێک بگێڕن کە لە نووسراوی دژبەوان وەپاڵیان دەدرێ. هەروەها شۆڕش رازێکە. پوانی مەزنی ئیستراتیژی شۆڕش چ بۆ شۆڕشگێڕانی داهاتوو و چ بۆ ئەو حکوومەتانەی کە بەدوای بەربەست کردنی رەوتی شۆڕشن هەر ئەم چاوەڕوانکراو بوونەیەتی. شۆڕش بە شێوەی گشتی پیلانگێڕ نییە بەڵام دەستی خەڵکانێکی پیلانگێڕی تێدا هەیە، پرسی نیزامی بە مانای فەرمی وشە نییە بەڵام هەموو شۆڕشەکان گرینگی بە ئەمگناسی هێزە چەکدارەکان دەدەن.

تەنیا لەپاش شۆڕشە کە دەکرێ دیکۆمێنتەکان و سەرەتای رووداوەکان کە بوونەتە هۆی شۆڕش لە تەنیشت یەکتر دابنێن، ئەویش بە هاوکاری خەڵکانێک کە ئۆگری و پێشنهادیان هەیە هەتا روانگەیەکی تایبەتی لە شۆڕش بۆ هەمیشە پێناسە بکەن. هەڵبەت هیچ جۆرە گەرانتیەک لەگۆڕێدا نییە کە توێژەر، لەگەڵ گرینگی پێدانی ئاشکرا بە راپۆرتێکی گونجاو و فرە لایەنە گشت رووداوەکانی پرۆسەی شۆڕش لێکبداتەوە.

شۆڕش بابەتێکی ئاڵۆزە. تەنانەت بەتواناترین چاودێرانیش تەنیا شاهیدی کۆمەڵێک بەشی زۆر بچووک لە گشت پڕۆسەکەن. کەسانێک بەرپرسایەتی بەهەڤکردنی راپۆرت لە شۆڕشە نوێیەکان وەئەستۆ دەگرن کە پتر لە رۆژنامەوانە بەئەزموونەکانن و پسپۆڕییان لە گەیاندنی هەواڵەکان لە ئاستێکی بەربڵاو و لە رووداوە جۆراوجۆرەکاندا کە لە وڵاتە جیاوازەکان روو دەدەن هەیە. وەها خەڵکانێک بەپێی پێناسەیان دوورە لەوەی کە راهێنانێکی تایبەتیان لە بواری توێژینەوەدا بینیبێ. لە خراپترین کاتدا وەها راپۆرتێک رەنگە بەرهەمی کاری کەسانێک بێ کە پەروەردەیەکی دروستیان نەدیبێ و نموونەی دیاری ئەو راپۆرتەیە کە راگەیەنەکانی جیهان لە رووداوەکانی مەکزیک لە ساڵی ١٩٦٨ پێشکەشیان کرد. زۆربەی ئەو کەسانە راپۆرتدەرانی وەرزشی بوو کە لە مەکزیک لە راستای ئامادەکردنی هەواڵ و راپۆرتی وەرزشی لە کێبەرکێکانی

ئولەمپیک لەوێ کۆببوونەوە و شاهیدی بارودۆخێکی زۆر ناسکی سیاسیش بوون کە لە چوارچێوەی کێبەرکێ لەنێوان خوێندکاران و حکوومەت خۆی دەنواند و ئاکامی دڵتەزێنی وەها کارکردێک کوشتاری تلاتلۆکۆی لێکەوتەوە[1]. چاوەڕوانییەکی ئەوتۆش بۆ کارێکی دروست لە راپۆرت دەرانی خۆجێییش لە وەها بارودۆخێکدا نەبوو، چونکە بەهۆی نیشتەجێبوونیان لەو شوێنە بە توندی لە بەرانبەر حکوومەتدا خەسارهەڵگرن، هەروەها لەو رووەوە کە راپۆرتی ئەوان لە رووداوەکان بە هەرحاڵ دەکەوتە بەر پێداچوونەوە و سانسۆڕەوە هەتاکو ناتەبا لەگەڵ گریمانەکانی هاوکارلە نێونەتەوەییەکان نەبێ. بەڵام مێژوونووس ئەم شانسەی هەیە کە ساڵەکانی دواتر، دەستی بە کۆمەڵێک دیکۆمەنت رابگا کە بەرهەمی لێکۆڵینەوەی گرووپێکی چاودێری پەروەردەکراو، واتە دیپلۆماتە بەئەزموونەکانە. ئەو بۆچوونە کە تەنیا ئەرکی ئەم خەڵکانە ئاگادارکردنەوەی بەرپرسانی پلەبەرزی وڵاتەکانی خۆیانن، ئەم دیکۆمێنتە نهێنییانەی کە لە راستای دەرئەنجام و پێشکەشکردنی وێنەیەکی ورد لە رووداوەکان و هۆکارەکانی زۆر جێی بایەخن. بەڵام کۆمەڵناس و مێژووزان لەگەڵ دژوارییەکی زۆرتر رووبەڕوویە چونکە لە لایەک دەبی شارەزای مێژوو بێ هەتا بتوانێ سەرچاوە بەدەست هاتووەکان تاوتوێ و بەهاکەی هەڵبسەنگێندرێ و کەموکوورییەکانی چارەسەر بکا و لە لایەکی دیکە دەبێ کۆمەڵناسێکی سەرکەوتوو بی هەتاکو بە هێنانەئارای چلۆن و بۆچییەکان لەمەڕ بەڵگە و دیکۆمێنتەکان، تێگەیشتنی گشتی ئێمە لە بابەتی شۆڕش پەرە و گەشە پێ بدا، روویەک لە کارەکە کە رەنگە زۆر بە دڵی مێژوونووس نەبێ. لەگەڵ ئەوەی کە روانگەیەک کە مێژوونووسان و کۆمەڵێک لە کۆمەڵناسان پێشکەشی دەکەن، کۆمەڵناسی مێژوویی لە وەها وتەیەک، بە شتێکی تەنیا جێی پەسند و پڕبایەخە کە لە بازنەی کاری توێژینەوەی زانکۆکان گرنگی پێ دەدرێ[2].

(1) Tlateloco

(٢) جیا لەو بەرهەمانە، بەرهەمەکانی ئایزن ئەشتات (Eisenstedt) ١٩٨٧و هال (Hall) ١٩٨٥و مان (Man) ١٩٨٦و مازلیس (Mouzelis) و زایت لین (Zeitlin)یش دەبینین.



جیا لەوە لەمەڕ شۆڕش، بە رواڵەت رێچکەی مێژوویی، تەنیا کارکردێکە کە دەسەپێ بەسەرماندا و بە دڵنیاییەوە کارکردێکی تایبەت بەخۆیە کە لەژێر تیشکیدا دەتوانرێ گرینگی هەر کام لە رووە ئاڵۆزەکانی پرۆسەی شۆڕش دەستنیشان بکەین (زاگورین، ١٩٨٢). چونکە هەر بەو جۆرەی کە پێشتر ئاماژەی پێدرا، ناوەرۆکی شۆڕش چ لە روانگەی ئەو کەسانەی پێدا هەڵدەڵێن و چ لە روانگەی ئەو کەسانەی لێی دەترسێن، لەم حەقیقەتەدا خەوتووە کە شۆڕش دەستپێکی گۆڕانکارییە مەزنەکانی جیهان بووە بە درێژایی مێژوو. گەر ئەم بابەتە رەتبکەین ئەویش بەو هۆیە کە هێشتا شێوەی گونجاو لەمەڕ توێژینەوەی شۆڕش بەرهەم نەهاتووە، کەواتە دەبێ رابگەینین کە کۆمەڵناسی هێشتا توانای بەرهەڤکردن پێویستە بۆ هێنانە ئارای پرسیارگەلێک، لە راستیدا بنچینەیی لەبارەی ژیانی کۆمەڵایەتی مرۆڤەوە نییە، چ بگا بە وەڵامدانەوەی.

لە ئاکامدا شۆڕش دەتوانێ رەهەندگەلێک و بەریانییەک لەخۆ بگرێ کە پێوانەکردنی دژوار بێ. توێژەرانی زانستە کۆمەڵایەتییەکان بەحەق بۆ دروستی پێوانەگرتن و کۆکبوونی بەڵگەکان، بایەخێکی تایبەتی بە یەکتری دەدەن. بە هەرحاڵ لە وەها کاتێکدا، ئەوەیکە هێز و بیچم بەم بەڵگانە دەبەخشێ ئیرادەی شرۆڤەوان نییە، بەڵکو کۆی بڕیاراتی چاودێرانێکە کە هەر کام رووداوەکە بە کەمێک روانگەی جیاوازەوە لەگەڵ یەکتری بینیوە. بەم پێیە چاودێر وەک خۆی نەک هەر دەتوانێ هەتاکو ئەو شتەی کە رووی داوە بینیوە ناودێر بکا بەڵکو هەوڵدەدا تاکو زانیارییەکانی هەبوو بکا بە دوو شێوەی جیاوازی دروستتر. هەنووکە ئەو شتەی کە بینیویە کەرەستەیەک دروستدەکا بۆ روونکردنەوەی ئەو بەشە لە رووداوەکان کە خۆی شاهید نەبووە یان بە کۆکردنەوەی زانیارییەکان و رای خەڵکانی دیکە و بەراوەردکردنی بینراوەکان، ئەویش بە جۆرێک کە بتوانێ کەلەکۆی رووداوەکە وێنایەک پێشکەشبکا کە بەیانگەری کۆی چاودێران بێ.

رێکوپێک کردنی بەڵگەکان، واتە پاککردنەوەی تێبینی چاودێران لەوانە پۆلێنبەندکردنی ئەوانە بە شێوەی زانیاری، بنەمایەکی گرینگە بۆ شرۆڤەکان.

هەڵبەت ئەم جۆرە هەڵسەنگاندنە خۆی بە شێوەی گشتی کاریگەری مۆدی یان مۆدێلە باوەکانی شۆڕشیان لەسەر بووە. بۆ وێنە لە ساڵی ١٤٨ لە ویلایەتی بۆگاتا[1] لە کۆلۆمبیا، هەڵمەتێك بە مەبەستی کوشتنی یۆرگ ئەلیسرگاتین[2]، ڕێبەری لیبڕاڵە توندرەوەکان هاتە ئاراوە، هەڵمەتبەر خێرا لەوێ کوژرا و ئامانجی ناوبراو لەم کارەی هەتاکو هەنووکەش روون نەبووەتەوە. لەگەڵ ئەوەیشدا لە ماوەی کەمتر لە چەند کاتژمێر لە کەشێکی بە تەواوی ئاڵۆز و بشێو و لە دەرئەنجامی ئەو هەڵمەتە پێکهاتبوو، هەیئەتەکانی بەشداربوو لە ڕێکخراوی حکوومەتەکانی قاڕەی ئەمریکا[3] ئەم بشێوییەیان دایە پاڵ کۆمۆنیستەکان و ئەم دەنگۆیە بەهۆی نەبوونی هەر جۆرە بەڵگە و دیکۆمنتێك لەمەڕ ڕاستی و درووستییەکەی، هەر کاتێك کە یادێکی لێ دەکرێتەوە. هەروەها ئەو دەنگۆیانە هەر لە جێی خۆیەتی. لە هێندێك خاڵی لەم بابەتە، شرۆڤەوان ڕەنگە وا بە باشی بزانێ کە لەدانی هەر چەشنە زانیارییەکی بێبایەخ لەمەڕ ڕووداوەکە خۆی ببوێرێ. ئەو چاودێرانەی کە لە ڕاهێنانێکی پێویست بۆ بینینی موئەنگێوانەی ڕووداوە جەماوەرییەکان بەهرەمەند بن، لە ڕادەی قامکەکانی دەست تێناپەڕن. تەنانەت لەمەڕ خۆپیشاندانە هێمنانەکانیش شاهیدی جیاوازی ئاشکرا لە ڕێژەی بەشداربوانین کە لە ڕاگەیەندنەکاندا باسی لێ دەکرا، ڕێژەیەك کە لە لایەن پێکهێنەرانەوە ڕادەگەیەندرێ (نزیکەی نیو ملیۆن) و لە لایەن پۆلیس و بەرپرسانی فەرمی (کەمتر لە پێنج هەزار کەس) بە تەواوەتی لەگەڵ یەکتر جیاوازن بە هەرحاڵ ئەگەری زێدەڕۆیی لەدانی ڕێژە و ڕەهەندەکانی دوور لە چاوەڕوانی نییە. ماوەی خۆپیشاندان و ئامانج و ورەی بەشداربوان تێدا بایەخێکی کەمتری لە ڕێژەی ڕاستی ئەوانە نییە. ئەم مەسەلەیە کە زانیاری جێی مەبەست بۆ چ ئامانجێك پێویستە، چەندایەتی و چۆنایەتی ئەم هەڵسەنگاندنە لەم بوارەدا دیاریدەکا. گەر

(1) Bogota
(2) Jorge Eliecer Gaitan
(3) Organization of American States



لەمەڕ ئەو ڕادە ئاوەی ناو لێوانێك پرسیار بکەن، لە وەڵامدا دەتوانین بڵێین کە لێوان هەر بەو شێوەی کە پڕە، خاڵییە.

بە شێوەی کورتکراوە دەتوانین بڵێین کە ئەوەی کە دەیبینین بەستراوە بە شێوەی بیرکردنەوەی ئێمە لە پێوەندی لەگەڵ پرسی بینینەوە و بە گوێرەی چوارچێوەی کارمان ئەو خاڵانە وەبەر هەڵسەنگاندن دەدەین کە بە خیاڵی خۆمان بۆ ئێمە بەکەڵکن. زۆربەی چاودێران لەکاتی خۆیدا توانای جیاکردنەوەی ڕووداوەکانی ١٩٧٩ی ئێرانیان نەبوو. یان بە واتایەکی دیکە توانای شیکردنەوە و ڕوونکردنەوەی ڕاستی ئەو شتەی کە بینیویانە نەبوو. چونکە پێشهاتەکانی ١٩٧٩ی ئێران ڕووداوێکی کۆمەڵایەتی بەرین بوو هەتاکو هەر جۆرە هێمایەکی ڕواڵەتی شارستانییەتی ڕۆژئاوا تێکەوە پێچێ و دەسەڵاتێکی ئایینی دابمەزرێنن. ئەم کەموکووڕییە سەرچاوە گرتووە چ لە بێ توانایی سروشتی چاودێران لە دەرکی ڕووداوەکان نەبوو شکە شاهیدی بوون، بەڵکو پتر بەهۆی کۆمەڵێك مەرج بوو کە لەلای ئەوان لە ناخی ئەم ڕووداوانە نووستبوو. لە نێوان ئەم گریمانانە دوو ڕای جیاواز لە ئارادایە: یەکەم ئەوەیکە لە چارەگی کۆتایی چاخی بیستەم مومکین نییە ئایین وەك ئایدولۆژییەك توانای ڕێکخستنی شۆڕشی کۆمەڵایەتی هەبێ و دووهەم ئەوەیکە ریفۆرمی ئابووری کە خۆی لە خۆیدا هۆکارێکی پۆزەتیڤە، ڕێگا لە بەردەم هەر جۆرە شۆڕشێك دەبەستێ. لە کاتێکدا بە چاوتروکاندنێك دەیەکی دیکە دووسەد ساڵەی شۆڕشی مەزنی فەڕەنسا جێژن دەگرین، شۆڕشێك کە کارێزماییەکی پتر لە هەر شتێك هەر ئەم دووی ڕای ئاماژەپێکراو لە ڕابوونی گشتی ڕۆژئاوایەکان ناودێر کردووە.

# "شرۆڤە"

لە راستیدا لەو کاتەی کە شۆڕشێك بەچاوی خۆمان دەبینین، چ جوولّەیەك لە بەرانبەر چاوانماندا دەبینین؟ پرسی بنچینەیی چ بۆ ئێمە و چ بۆ خەڵکانی دیکە ئەوەیە کە شۆڕش پرۆسەیەکی کۆمەڵایەتییە، لەم شوێنگەوە مانای راستەقینەی شۆڕش نە کۆمەڵێك مەرجی گشتی و واتاییە، بەڵکو پێوەندی ئەم پرۆسە لەگەڵ کەسانێك کە بەشیان تێدا هەیە، هەروەها ئەوانەی کە چاودێرن روون دەکاتەوە. بەم هۆیە خەڵکانێك پاساو دێننەوە کە شتێك بەنێوی شۆڕش "لە بنەڕەت"دا بوونی نییە، شۆڕش راستییەك یان کۆمەڵێك لە راستییەکان نییە، بەڵکو پێکهاتەکانی هزرییە، ئافراندنی هزری تاك، لە ئاکامدا دوورە لە هەر چەشنە بوونی ئوبژەکتیڤی راستەقینە.

وەها پاساوێك ئێمە راستەوخۆ بۆ دڵی کێشە بنچینەییەکان لە زانستی کۆمەڵایەتی دەکێشێنێ، مشتومڕێك کە ژمارەیەکی زۆر ئەوە بە هەڵگەراندنەوە لە پۆزیتیزم لە قەڵەم دەدەن.

"پۆزیتیزم" خۆی لایەنی بەهادار لەخۆ دەگرێ[1]. پۆزیتیزم تیئۆرییەکە لە زانستی مرۆیی کە جڤاك دەخاتە ریزی ئەو بابەتانەوە کە بیرمەندانی زانستە سروشتییەکان توێژینەوە لەمەڕ دیاردە فیزیکییەکان دەکەن، یان بە واتایەکی دیکە زانستە کۆمەڵایەتییەکان هاوتا لەگەڵ زانستە سروشتییەکان دادەنێن. بەڵام کارکردی ئەم واژەیە لەو روانگەوە کە خوازیارە کۆمەڵگا بە شێوەی ئوبژەکتیڤ و لەگەڵ بنەما زانستییەکان وەبەر توێژینەوە بدا، بە توندی (بەگشتی لە لایەن دژبەرانی پۆزیتیزم) وەبەر رەخنە کەوتووە. ئەوانەی کە بە پۆزیتیزم ناسراون (چونکە کەمتر پۆزیتیزمێك، لەوانە زۆریەك

(1) Value - Laden



لە مارکسیستەکان بەچاوی جنێو دەڕواننە ئەم واژەیە و قەبووڵیدەکەن کە واژەی ناوبراو بەجۆرێك لەبارەی ئەوانەوە بەکار بهێندرێ) هەروەها پێداگری لەسەر هەڵوێستەکانیان دەکەن، روانگەیەك کە لەو بڕوایەیە جیاوازییەکە لەنێوان کەتوار کە بە شێوەی ئۆبژەکتیڤ جێگای تاوتوێ کردنن و بەهاکان کە پەیوەستە بە روانینە رەنگاوڕەنگەکان، جیاوازن. روانگەی سەرەوە هەنووکە بە چڕی وەبەر هێرش کەوتووە، پاساوی ئەو لەسەر ئەم بنچینەیە کە جیاوازی ئەمری راستەقینە ـ بایەخێکی[1] گومان هەڵگرە، چونکە واژەکان زۆربەیان توانای ئەوەیان هەیە کە هەم لایەنی پێناسەیی و هەم لایەنی بەهایی بگرنە خۆ. بە پاساوێکی نە زۆر جێی رەزامەندی وەها لە ئاکامدا تێدەگەین کە چونکە لە هێندێك خاڵدا، جیاوازی پۆزیتیۆیستی لە نێوان ئەمری کەتوار و ئەمری بەهایی بەرهەم نایەت، کەواتە ئەم کارە لە هیچ کام لە خاڵەکاندا چیتر بەهرەی نابێ و لە ئاکامدا بنەمای بابەتەکە هەڵوەشایەوە. ئێستا لە وەها بارودۆخێکدا گەر کەسێك بخوازێ بۆ کردارە مرۆییەکان روونکردنەوەیەکی زانستی پێشکەش بکا و پێداگری لەسەری بکا، دەبێ ئەو مەترسییە قەبووڵبکا کە تۆمەتی "ئەزموون گەرا"ی وەپاڵ بدەن و تەنانەت لە راستای راستکردنەوەی ئەم ئاماژە ناڕوونانە ئەزموونگەرایانە، تۆمەتی "ئەزموون گەرای بیر تەسك"[2] کەڵك وەرگرن. هێرش چ بۆ سەر پۆزیتیزم و چ بۆ شێوەی مارکسیستییەکەی، واتە ئەزموون گەرایی، لە راستیدا هێرش بۆ سەر چەمکی زانستە کۆمەڵایەتییەکانە. هەڵبەت وەها هێرشگەلێك بۆ سەر زانستە کۆمەڵایەتییەکان نوێ نییە. لە کۆڕە پارێزەرییەکان، چەمکی زانستە کۆمەڵایەتییەکان هێندە لە پەراوێز کەوتووە کە کۆمەڵێك لە قەبووڵکردنی سەرپێچییان کردووە، بۆ وێنە، لە زانکۆی ئاکسفۆرد زانستە سیاسییەکان بەسووکی چاو لێدەکەن و وەکو توێژینەوەیەکی کۆمەڵایەتی لێی دەڕوانن، خەڵکانێکی دیکە تەنانەت نێوی شوورای لێکۆڵەری زانستە کۆمەڵایەتییەکانیشیان گۆڕیوە و بەناوی شوورای لێکۆڵەری ئابووری و کۆمەڵایەتی[3]

(1) Fact – Value
(2) Naive Empiricist
(3) Social Sciences Research Council

دەینرخێنن کە گوایە ناونیشانێکی گونجاوتر و بەلاگیرییەکی کردەیی هاوئاهەنگترە ( نابێ لەبیر بکەین کە ئاکسفۆرد هەر ئەو جێگایەیە کە راجر بیکەن[1] لە سەدەی سێزدەهەمدا سەرقاڵی وتنەوەی وانەی کیمیا بوو و بە تاوانی رووهەڵماڵاوی، لە لایەن بەرپرسانی کلێسا مەحکووم بە حەڤدە ساڵ دەستبەسەربوونی تاکەکەسی کرا). خودا دەزانێ گەر لەگەڵ نیوتۆنیش[2] لە "کمبریج" وەها هەڵسوکەوتێکیان بکردبا دۆخی جیهان هەنووکە چلۆن دەبوو.

ئەو نارەزایەتییە فەلسەفییانەی کە لەسەر چەمکی زانستە کۆمەڵایەتییەکانە زۆربەیان لەسەر بنەمای وێنایەکی تەواو بەرتەسکن کە لە بنچینەدا چ شتێك زانستە، بە واتایەکی دیکە دەتوانین هێمای زانستی لەسەر دابنێین. ئەوان بە دڵنیاییەوە گرینگی بەم راستییە لە ناوبژیوانییەکانی خۆیان نادەن کە زانست لەلای فەیلەسووف رەنگە واتایەك لەخۆ بگرێ بە تەواوی جیاوازە لەگەڵ ئەوەیکە بیرمەندێك پێناسەی بۆی هەیە و پشت بەم هۆکارە دەبەستێ کە کۆمەڵگا لە ماکییەکی بێگیان یان گیاندارانی خاوەن هەست بەڵام بێبەش لە ئاوەز (وەك چوارپێیان) ئاوێتە نەبووە بەڵکو پێکهاتووە لە کەسانێك کە لە کاروباری خۆیاندا توانای دامەزراندنی پێوەندی بەرانبەر و پێویستن. ئەم باسە دوو ئاکامی لێدەکەوێتەوە کە هەرکام لەوانە لە تێروانینی یەکەمدا وا بەرچاو دەکەوێ زۆر بڕ ناکات.

یەکەمین ئاکامی ئەوەیە کە چونکە مرۆڤ گیاندارێکە کە بەردەوام پاساوی بۆ کاروباری خۆی هەیە، کەواتە کرداری ئەو هیچ کات بە تەواوەتی شیمانە ناکرێ، ئەم هۆیە رەنگە راست بێ، بەڵام ئاکامی وەبەرهاتوو لەوە زۆر پایەدار نابێ. راستە کە زانست[3] زۆر ورد و دروستە هەروەك فیزیا (کە باشترین نموونەیە لە زانستی راست و دروست) لەگەڵ رووداوگەلێکی بە تەواوی پێشبینی کراو، کە لەگەڵ جیهانی (ماددە) سەروکاری هەیە و بە شێوەی تیئۆری دەتوانرێ تاقیکردنەوەیەکی فیزیکی چەندین جار

(1) Roger Bacon
(2) Isac Newton
(3) Hard Sciences



دووپات بکەین و هەر جارێك ئاکامێکی بەرابەری لێ بەدەستبێنین، لە کاتێکدا چێکردنی وەها تاقیکردنەگەلێك لەمەڕ زانستە کۆمەڵایەتییەکان نایەتە ئاراوە و رەنگە کۆمەڵناسی و زانستە سیاسییەکان هێندێ وردتر نەبووبن بەڵام وا بەرچاو دەکەوێ فیزیك نەرمییەکی پتری بەخۆوە بینیوە.

بنەمای نەبوونی لێبڕاوەیی "هایزبنەرگ"[1] لە جیهانی "زیراتم"[2] بەم جۆرەیە کە کردارەکانی داهاتوو بە هیچ شێوەیەك ناتوانین یەکلاکەرەوانە شیمانە بکەین، هەر ئەڵێی نەبوونی لێبڕاوەیی لەگەڵ تانووپۆی جیهان لە یەك هاڵێندراوە. بەڵام ئەم بابەتە لە کردەدا هیچ شتێك ناگۆڕێ. لەو ئاستەی کە بۆ ئێمە مانادار بێ گوزارە شیمانە نەریتییەکان هەروا بڕەویان هەیە. هەر بەو یاسایە هەنووکەش دەتوانین ژنراتۆر درووستبکەین و وەگەڕی بخەین و رووناکی لێ وەربگرین، هەروەها هەر بەو یاسایە ئێستاش دەتوانین کارەبا لە سەماوەر بدەین و کاتژمێرێك دواتر ئاوی کوڵاوی لێ درووستبکرێ.

ئاکامی دووهەم بە جۆرێکە دواهاتەکانی تیئۆری دارشتن لەمەڕ کۆمەڵگا باندۆری لەسەر هەمان کۆمەڵگادا دابنێ و لەم کاتەدا ئەم جۆرە تیئۆری دارشتنە ناتوانێ بەها هەڵگر نەبێ. وەها رەخنەیەك هەر وەك بەڵگەی شیمانەهەڵنەگری پۆپر[3] (١٩٥٧- لاپەڕەکانی ٩و ١٠، پێشەکی) لەسەر بنەمای هەڵەیەك تێپەڕ بووە. تەنیا لە کاتێکدا پێشهاتەکانی تیئۆری دارشتن لەسەر ماددەی جێی شیکردنەوە و راڤە وەها باندۆر دابنێ کە پرۆسەی راڤە بەلاڕێدا ببا، لەو کاتەدایە کە بێلایەنی لە بەهادانان خەوشی

(1) Heisenberg’s Uncertainty Principle
(2) Sub - Atomic
(٣) Poppers Proof of Unpredictability. پرسەکانی پێوەندیدار بە کۆمەڵگای مرۆیی شیمانە ناکرێن. چونکە بە گوێرەی رای پۆپر، لەمەڕ کۆمەڵگا و مێژووی مرۆڤ بنەماکانی یاسامەند حاکم نییە، بەریانێك لە ئارادایە. بەم پێیە ناتوانرێ جمینی کۆمەڵگا و گۆڕانکارییەکانی شیمانە بکەین. بەتایبەت کە کاری شیمانە لە ناوەرۆکدا باندۆر لەسەر جووڵانەکان و رووداوەکانی کۆمەڵگا دادەنێ. بۆ خوێندنەوەی پتر لەم بوارەدا، خوێنەر دەتوانێ چاو لە کتێبی "فقر تاریخگری" بەرهەمی پۆپر، وەرگێڕانی ئەحمەد ئارام بکات.

تێدەکەوێ، بە گوێرەی پێناسە، چونکە دواهاتەکانی وەبەرهاتوو لە تیئۆری دارِشتن جیا لە تێپەڕینی زەمەن ناتوانرێ دیاریبکرێ، لە ئاکامدا وەها بانگەشەیەك رەتدەکرێتەوە. بەهەرحاڵ، ئەوەیکە ئەکتەرەکانی گۆڕەپانی توێژینەوە لە داهاتوودا پسپۆڕی تەواویان لەمەڕ ئاکامەکانی وەبەرهاتوو لە زانستی تیئۆری هەبێ، زۆر نەگونجاوە هەرچەند کە ئەم کارە بە شێوەی تیئۆرییەکانی هەبێ.

رەخنەی سەرەکی تر ئەوەیە کە تیئۆری دارِشتن لەسەر کۆمەڵگا تەنیا تایبەت بە پسپۆڕان نییە. هەمووی ئێمە بە گوێرەی بینینەکانمان لەسەر کۆمەڵگا کۆمەڵێك تیئۆریمان پێشکەش و بێچم بە گریمانەگەلێك دەدەین کە دەبێتە بنەمای کردارمان ـ ئەمە لە راستیدا هەمان پرۆسەی "جامعه پذیری"[1]یە ـ هەنووکە ئەم پرسیارە کە چلۆن روانگە ئوبژەکتیڤەکان لەسەر جیهان لە ئێمەدا بیچم دەگرێ، پرسیارێکە کە وەڵامی ئەو زۆر سانایە، بە پرسیار کردن لە خەڵکانێکی دیکە. هەرچەند زۆرتر لە خەڵك پرسیار بکەین بە هەمان رێژە روانگەی ئێمە لەمەڕ جیهان لایەنی بایەخی کەمتر دەبێ. راستییەکە هیچکات ناگەین بە دەرهەستی، بەڵام نزیکبوون لێی رێخۆشکەر دەبێ و راست ئەو راستییەی کە ئێمە بەدوای بەدەستهێنانی دەرهەستییەوە هەین، بایەخی سەرەکی رۆڵی دەرهەست لە باشتربوونی تێگەیشتنی ئێمە دەردەکەوێ.

ئەوەیکە هێرش بۆ سەر زانستە کۆمەڵایەتییەکان تاکو ئەم رادەیە کاریگەرتر کردووە، نە بەو مانایە کێ پاساوەکانی فەیلەسووفانی وەك وینچ[2] (١٩٥٨) و وەك ئەینتایەر[3] (١٩٨٣) خۆی لە خۆیدا زۆر ئاشکرایە بەڵکو چەمکی "زانست"یش لەم نێوەدا هێرشی کراوەتە سەر بەتایبەت لە لایەن کەسانێك وەك کۆن[4] (١٩٧٠ کە لە بنەڕەتدا دووشکن لە چەمکی زانستە سیاسییەکان وەها هێرشێك لەو رووەوە بە

(1) Socialization
(2) Peter Winch
(3) A. G. Maclntyre
(4) Thomas Kohn



شەوقەوە درێژە پێدەدەن کە نەکا بە گەشەکردنی ئەم چەمکە گرووپێك لە مرۆڤەکان دەستکاری زەینی گرووپێکی دیکە دەکەن. هەنووکە ئەو شکە لە ئارادایە کە بیرمەندان راست ئەو کارەی کە خۆیان لە هزریان دایە پێی هەڵناسن. ئەوان نە ئەو توانایەیان هەیە و نە هەڵدەستن بە ئافراندنی کۆمەڵێك لە رای ئازادی بەهادار[1] لەسەر جیهانی ماددییەوە کە هەڵێنجاندنێك لەسەر بنەمای بینین و ئەزموون بێ. رەخنەگرانیان زیاتر لە هەموو شتێك ئەڵێن ئەوەیکە "زانست" پێکدێنێ، خۆی لە رووی کۆمەڵایەتییەوە دەستنیشاندەکرێ. لەبەر ئەوەیکە بیرمەندان تەنیا لە چوارچێوەی پێوەندیدار بە کۆمەڵایەتییەوە چالاکی دەکەن ئازادانە و بە گوێرەی ویستی خۆیان توێژینەوە ناکەن و حکوومەتەکان و تەنانەت خاوەندارانی کەرتی تایبەت هیچکات سەرمایەگوزارییەك ناکەن کە پسپۆڕان بیسەلمێنن ئەوانە هەڵەیان کردووە، یان لانیکە لەڕووی وشیارییەوە ئەم کارە جێبەجێ ناکەن. بەم پێیە ئەوەیکە وەبەر توێژینەوە دەکەوێ، یان بیرمەند و لێکۆڵەری لێ هاندەدرێ خاوەنی لایەنی بەهادارە. دواهاتی تاوتوێ کردنەکەش ئەوەندەش کە بیرمەند خۆی شك دەبا بێلایەنانەیان جێی بڕوا پێکردن نییە، تەنانەت کاتێك کە شێوەکارە ئەزموونییەکان لە بەردەست و شیاوی کەڵك وەرگرتن بێ، هەمدیسان ناتوانێ بانگەشە بۆ دروستی کارەکەی بکا، ئەو تەنیا دەتوانێ هەڵەی کارەکانی دیکەی بسەلمێنێ. تەنانەت ئەوە ئەو نییە کە واتاکانی "راست"و "ناڕاست" دەستنیشاندەکا.

"کۆن" دەڵێ: زانایان لە چوارچێوەیەکدا کە پێکهاتووە لە کۆمەڵێك ئەندێشە لەسەر جیهانی زانست چالاکی دەکەن کە ناوبراو دەستەواژەی "مدال وارە"[2] بۆ ئەم چوارچێوەیە بەکار دەبات. بەمجۆرە ئەوەیکە بیرمەند و لێکۆڵەر بەکاری دەبا بەستراوەتەوە بە مۆدێل وارەی باو لەو رۆژگارەدا کە "کۆن" لێرەشدا دەستەواژەی "علم بهنجار"[3] بەکار دەبات (کۆن ١٩٧٠ ل ١٠) و ئەوەش هەمان دووپاتی

(1) Valve - free
(2) Parading
(3) Normal Science

شێوەکاری پەسندکراوە لە پانتایی تایبەتمەندییەکانی زەمەنە کە وێنا دەکرێ لەڕووی کۆمەڵایەتی بەکەڵك بووە و لە هەمان کاتدا سیستمی ئارمانی زاڵ بەسەر کۆمەڵگاشدا ئەهێنێتە ژێر پرسیارەوە.

هەنووکە کە بەڵگەگەلێکی نوێ دەربکەوێ کە نەریتی کۆمەڵگا بباتە ژێر پرسیارەوە هەمدیسان توێژەر توانای رەتکردنەوەی نەریتی کۆنی نییە، بەڵکو هەوڵدەدا هەتاکو بەڵگەگەلێکی نوێ بە شێوەیەك کە لەگەڵ مۆدێل وارەی هەبوو رێکبخات، تەنانەت گەر وەها هەوڵێك ناچاری بکا کە رێگاگەلێکی زۆر چالاکانەتر و ناشیاوتر بگرێتە بەر. وەك نموونەیەکی زەق دەتوانین ئاماژە بە داهێنانی دەوایری[١] بکەین کە ناوەندی ئەوان لە دەورووبەری بازنەکانی دیکە دەخولایەوە هەتاکو شیبکەنەوە کە بۆ چی بینینە ئۆبژەکتیڤەکانی یۆهان کپلەر[٢] و تایکۆ براهان[٣] لە جوولانی هەسارە ئاسمانییەکان لەگەڵ هەیئەتی بتلیموسی کە زەوی بە سەنتەری هەموو شتێك دەزانن، ناتەبایە و لەمەڕ ئەم خاڵە تایبەتییەش کاتێك کە سەرئەنجام سازانێك کە باسی لێکرا لە بەرانبەر راستییەکان رەنگی خۆی لەدەستدەدا، ئەو کاتەیە کە ناچارین مۆدێل وارەی نوێ پەسند بکەین و "جێگۆڕکێی مۆدێل وارەیی"[٤] دێتە ئاراوە، یان بە واتایەکی دیکە نوێنگەکان دەگۆڕین.

زانایان رەنگە ئەوەندەش جیاوازییان لەگەڵ دارێژەرانی سیاسەت نەبێت. دارێژەرانی سیاسەتیش لەدەست مۆدێلی وارەی زاڵ روگاریان نابێ ـ بۆ وێنە: شەڕی سارد ـ کە جێپێی هەتا کاتێك کە بەڵگەگەلێکی بەهێز لە رێگای زنجیرە بینینێکی درێژماوە و لە رادەبەدەر کۆ نەبێتەوە کە ئەی بەرێزان! راستییەکان جیا لەوە شتێکە کە هەتا هەنووکە پێتان وابووە، نامومکینە دەکا (شیفر ١٩٨٨).

(1) Epicycles
(2) Johannes Kepler
(3) Tycho Braha
(4) Paradingm shift



روانگەی سەرەوە لەگەڵ ئەوەیکە لە پێوەندی زەمان لەگەڵ راستییەکانی کۆمەڵایەتی سەرنجی پێ دەدەین، بە تەواویی هاوتەبان. بوونی نوێنگەی مۆدێل وارەیی لە زەینی لێکۆڵەر بە دڵنیاییەوە بەم مانایە دەبێ کە بۆ چێکردنی واژەگەلێك دەبێ بەپێی هەمان مۆدێل وارەیی دابڕێژێت، بۆ وێنە ئەو رایانەی لە سەرەتاوە لەمەڕ ئەلکتریسیتە باسدەکرا و بە ئاوایی رەوانیان دەشوبهاند کە بە درێژایی وایرەکەش لە جەریان دایە هەر بەو جۆرەی کە ئاو بە درێژایی بۆڕی لە جەریان دایە. بەڵام ئەمڕۆ هەر ئەندازیارێکی کارەبا بە ئێوە ئەڵێت کە وەها بەراوەردێك نەك هەر بەکەڵك نایە بەڵکو بە کردەوە بەلارێدا چوونە.

بێگومان دەبێ قەبوولێبکەین کە راستییە کۆمەڵایەتییەکان، خۆی زەمان و هاوکات لەگەڵیدا روویەکی سۆمبۆلێکیش دەگرێتەوە. ستراکتۆری زمان لە هێماکان بیچمگرتووە و لە ئاکامدا پێکهاتوویەکی لەوانە. زمانی سیاسەت کەرەستەیەکی هەڵوەشاندنەوە نییە بەڵکو پێکهاتەیە کە لە ئەندێشەکان و ماناگەلێك کە ئەندێشە بە شێوازگەلی جۆراوجۆر رێنمایی دەکا. بەڵام پرسی سیاسەت چارەسەرکردنی ئاریشەکان و سەپاندنی دەسەڵات بۆ تەرخانکردنی بەرژەوەندییەکانی پێوەندیدارە. بەم پێیە کێشە سیاسییەکان تەنیا بەوەی کە چ کەسێك حەقدارە، نابڕێتەوە بەڵکو پێویستی بەوەیە کە چ کەسێك چ شتێك لە چ کاتێکدا و چلۆن بەدەستی دێنێ. بەمجۆرە رەنگە ئەم بانگەشەیە راست نەبێ کە مرۆڤ زمانی سیاسەت دەبێ بڵێین بە دڵنیاییەوە وەهایە.

زۆربەی دەستەواژە گرینگەکان لە تیئۆری سیاسی لە بنەڕەتدا واتاگەلێك هەن کە بۆ مشتومڕگەلێك لەبارەی مانای ئەم چەمکانە لەڕووی بابەخەوە بە تەواوی سەرەکییە و لەم رووەوە بە تەواویی بڕاوە نییە. لە کاتێکدا کە زانایان بەدوای گەیشتن بە رێککەوتنن، دارێژەرانی سیاسەت بەدوای شاردنەوەی سەرنەکەوتوویییەوەن. چەمکی "شۆڕش" وەك نموونەیەکی گونجاو و بەم پێناسەیە خەڵکانێکی زۆر لەسەری رێککەوتوون، چونکە بەردەوام لەلای ئەوانەی کە بۆ توێژینەوە لەو بارەوە تێدەکۆشن و ئەوانەی کە بەدوای ئەوەدان پێشی پێ بگرن مانایەکی جیاوازی هەبووە.

له کردەدا، لایەنی بەهاداری وەها واتاگەلێك رەنگە پێوەست بێ بە کۆمەڵێك شێواز کە خەڵك یان چین و توێژە کۆمەڵایەتییەکان بۆ بیچم دان بە ئەندێشەکان بەکاری دێنن. ئەم راستییە کە ئەم چەمکانە چ نارِوون، یان جێی مشتومڕە، بەم مانایە نییە کە هیچ چەمکێکی براوە یان زارەکی ناتوانێ لەم بوارەدا بوونی هەبێ. لێرەدا بەراوەردکردنی لەگەڵ زانست بێناوەرۆك نییە، رۆژگارێك کە لە زانستدا واتاگەلێکی پێناسەکراو لە ئارادا نەبوون و واژەگەلی پسپۆڕی دەبوایە دروست بکرابان هەتاکو ئەو ماناگەلە تایبەتییەی کە هەموو زانایان لەسەری رێککەوتبوون بۆ پێناسەکردنی پرۆسە فیزیکییەکان کەڵکی لێ وەربگرن. مێژووی پێشکەوتنی زانست هەمان جێگرتنی پێناسەیەکە بۆ واتاگەلێك کە بەردەوام مانایەیکی نەگۆڕ و جێگرتوو بەم واتایانە بدەن.

کەواتە ئەم دەرفەتەش بۆ ئەو زانایانەی کە لە چوارچێوەی زانستە کۆمەڵایەتییەکان کار دەکەن لەگۆڕێ دایە هەتاکو واتاگەلێکی نەگۆڕ پێکبێنن کە هەموان لەسەری رێککەوتبن و دەبێ بیلێین کە لە راستیدا وەها هەنگاوێك لە لایەن کۆمەڵەی نێونەتەوەیی زانستە سیاسییەکان[1] دەستپێکردووە (هەرچەند بە داخەوە کۆتایی پێ نەهاتووە). هەر بەو جۆرەی کە پێشتر ئاماژە کرا، نموونەیەك لە ئافراندنی وەها دەستەواژەگەلێك کە دوورە لە هەر جۆرە لایەنێکی بەهادار[2]، دەستەواژەی "شەڕی نێوخۆیی"[3]یە.

ناکۆکی لەسەر مانای واژەگەلێك وەك "شۆڕش"و "دژی شۆڕش" جێی مشتومڕ نییە کە لە (روانگەی پۆزیتیویستەکانەوە) رێگای چارەسەرکردنی هەبێ و لە لایەکی دیکەشەوە رواڵەتی نییە کە بە شێوەی گشتی (لە روانگەی پۆس ئەزموونگەراکان[4]) پێناسە نەکرابێ و دیاریکراو بێ کە بۆ هەمیشە چارەسەر نەکراو بمێنێتەوە. روانینی

(1) International Political Science Association
(2) Value – Connotations
(3) Internal War
(4) Post – Empiricist



کۆتایی لە راستیدا بەجێی پێشکەشکردنی ئاڵۆزییە فەلسەفییەکان، ئێمە لە دەورانی رووناکبیری بەرەو دواوە دەبا و دەمانگەیەنێتە بیابانێکی بێبەهرە لە ناکۆکی لەسەر وشەکان و گەڕانەوە بۆ چاخەکانی نێوەڕاست. قەبووڵکردنی ئەم روانگەیە بەم مانایە کە ئەوەی کە رێنوێنی ئێمە دەکا باوەڕە نەك ئاوەز. ئێستا هەرچەندەش کە بنەماکانی تێگەیشتنی زانستی مرۆڤ لە روانگەی رەخنەی فەلسەفییەوە سروشتی و بەکارهێنانی پراکتیکی زانست کە براوە پتەوەکان و نەگۆڕ لە "هەندسە" بۆ ئێمەی بە میرات جێ هێشتووە و پێی لە خاکی مانگ ناوە و تێگەیشتووە کە بە هاریکاری ئەم زانستە کردەییە و هەم بەسە هەتاکو کۆمەڵێك لە واتاگەلێکی رێژەیی پێشکەشبکا.

ئەو کەسانەی کە وەڵامی تاقیکردنەوە سەرنەکوتووەکان بە زانستی نازانن، رەنگە زۆر بەریانیان بۆ قەبووڵکردنی بانگەشەی سەرەوە نەبێ، مەگەر بەشێکی هەرەگرینگ لە هەسارە ناسی و کەش ناسی (بەهۆی رەهەندەکان و مەودا) و ساغڵەمی (بە هۆکاری مۆراڵی) لەدەستی نوینگەی نەریتی پێکهاتەی گریمانەیی و تاقیگە بە دوورە. لەگەڵ ئەوەشدا ئەمانە بەشێکن لە زانست کە بۆ دەرکی زانستی و (لە کۆتاییدا) بۆ ژیانی ئاسایی لە بایەخێکی سروشتی بەهرەمەندن.

گەر وا دانرابایە کە تەنیا بەم هۆکارە کە ئەمانە زانستێکی راست و ورد نییە دەبێ لێی گەڕێین، ئاکامی ئەوە دەبێ کە لە هەر دەرفەتێك بۆ پرسیارە بنەڕەتییەکان لەبارەی جیهانێك کە تێدا دەژین دەبوایە بەبێ لەبەرچاو گرتنی زۆر شت خۆمان مەحکووم بە گەڕان و پشکنین لەسەر بابەتگەلێکی کەم بایەخ بکەین. لەمەڕ زانستە کۆمەڵایەتییەکانیش هەر وایە. مرۆڤ بابەتی سەرەکییە. گەر تەنیا بتوانین بە شێوەی ئەگەرەکان باسی لەسەر بکەین، لانیکەم دەتوانین بناخەیەك دابنێین هەتا بە هاوکاری ئەوان ئەم ئەگەرانە وەها ورد و دروست لێکی بدەینەوە کە لە هەلومەرجی ئۆبژەکتیڤدا شیاوی چێکردن بن.

لەوەیکە لە ریزی مرۆڤدا هەین نەك هەر دەبێ قەبووڵبکەین کە کۆمەڵگا لە گەشەکردنی تایبەتی خۆی بەهرەمەندە بەڵکو دەبێ پێداگری لەسەر ئەم راستییەدا بکەین کە گەشەی کۆمەڵگا لەگەڵ گەشە و نمای جیهانی ئاسایی لەیەك جیاوازە. هەر

بەو جۆرەی کە ئەلکتریك لەگەڵ ئاو جیاوازە. بۆ وێنە هەر بەو جۆرەی کە دەزانین سیاسەت شێوازێکە بە دەستنیشانکردنی ئەوەیکە چ کەسێك بەهرەمەندە لە دەسەڵات و لێهاتوویی پێویست لە پێناو تەرخانکردنی سەرچاوە دەگمەنەکان. هەروەها شێوەیەکە (هەر وەکو ئایین و وەرزش) کە پەرە دەدا بە رۆژگار و مانا بە ژیان دەبەخشێ و لە بەرانبەردا ئەو کۆمەڵگایە پێشدەکەوێ، هەروەها لە چوارچێوەی کۆمەڵگادا کەرەستە بە هیچ جۆرێك هەتاهەتایی نییە. دەرکی کۆمەڵگا لەڕای تاك بەمانای دەرکی کۆمەڵێکی تا رادەیەکی کەم لە رۆڵەکانە. بە دڵنیاییەوە راستە کە ئێمە ناتوانین گرینگی کۆمەڵایەتی بۆ وێنە ژەمێك خواردن، تایبەت بۆ خواردنی خواردەمەنی لێی تێبگەین، خواردەمەنی دەتوانێ نیشانەیك لە پتەویی یان شەڕی بنەماڵەیی، لە نەخۆشی یان کارەسات بێ، بەڵام سەرەتاییترین کارێك کە لە زۆربەی کاتەکاندا جێبەجی دەکەین، بەدەستهێنانییەتی و لە ئەنجامی وەها کارێك لە داب و نەریت و رێکارگەلێك کەڵك وەردەگرین ئەوەندە رەگی لە ئێمەدا داکوتاندووە کە بووەتە جۆرێك لە سروشتمان. لەمەڕ زانستی سیاسیشدا وایە. شتگەلێکی زۆر لە ئارادایە کە لە تیئۆریدا شیاوی جێبەجێ کردنە بەڵام هەرکات مەبەستی دەست پێڕاگەیشتنی ئۆبژەییمان هەبێ زۆر خێرا تێدەگەین کە زۆربەیان لە کردەدا وەڵامدەر نین. هەڵبەت ئەوەیکە دەبێتە هۆی ئاڵۆزبوونی پرسەکە ئەوەیە کە ئەم رۆڵانە بوونێکی سەربەخۆیان نییە: بۆ وێنە رۆڵی هەژار و رۆڵی بەخشەندە کە ئەمە لە ناخی کۆمەڵگەدایە کە کەسێك رۆڵێکی وەئەستۆیە و هەر کەسێك و لە بەانبەر کەسێکدا بێ کە رۆڵی تەواوکەری هەبێ، بە واتایەك هەژار لە بەخشەندەیەك جیا کراوەتەوە و گریمانەی بوونی بەخشەندە بەستراوە بە بوونی هەژار. هەرکام لەوانە دوو رۆڵ دەگێڕن کە پێش رووبەڕوو بوونەوە لەگەڵ یەکتری لەڕووی کۆمەڵایەتییەوە فێری ئەوە بووە. بە وەها کەرەستەیەکی کەم (و بێکۆتایی و مەترسیدار) کە سروشتی رووبەڕوو بوونەوەی کۆمەڵایەتییە، بە شێوەی نوێنگەگەلی شیاوی شیمانە و ئارخەیان بیچم دەگرن، بە جۆرێك کە لە کردەدا تاك، (پۆس ئەزموونگەرایی) بەدەست دێنێت بۆ وێنە گەر داوای خواردن بکا شتێکی بۆ خواردن پێ دەدەن و ئیتر کاتێك لەمەڕ رەوگەی هەڵبژاردنەکە پرسیار دەکا، چونکە واتای رەوگە



لەڕووی کۆمەڵایەتییەوە دیاریدەکرێ، ئیتر پێی ناڵێن کە پرسیاری ئەو بێ مانایە چونکە هەر رێگایەك کە پیشانی ئەو بدەن، خواستەکانی کەسێك دێنێتە دی کە رەوتی ئەویان دەستنیشان کردووە، نەك ئەوەیکە ئەو بتوانێ بە سەرنجدان بە ویستەکانی خۆی دەستی بە هەموو ئامانجێکی تایبەتی رابگات!

سیاسەت جۆرێکە لە چارەسەرکردنی دوژمنایەتی لە نێوان کەسانێك کە تێدا رۆڵیان هەیە کە بە شێوەی ورد پێناسە کراوە و لە ئاکامدا دەتوانرێ وەك گۆڕەپانی شانۆ[1] لێ بدەینەوە. گشت رووداوە سیاسییەکان و لەسەرووی ئەوان شۆڕش، هەر وەك بەڕێوەبردنی جۆرە شانۆیەکە[2] لە گۆڕەپانی کۆمەڵدا بەڕێوە دەچن. لەم رووداوانەدا ئیستراتیژیکە سەمبۆلیکەکانی کۆمەڵگا بە وریاییەکی تەواو بۆ ئامانجگەلێك کەڵکیان لێ وەردەگیردرێن، لەوانە: دامەزراندنی یەکگرتوویی، بزواندنی خەڵك بۆ جووڵان و کار، مانابەخشین بە شێوەی کردە، دامەزراندنی هەست و سۆز تەنانەت بە گرتنەبەری دروشمگەلێکی ئایینی[3] هەتا بە لکاندنی تایبەتمەندییە ناڕوونەکان وەك متمانەی گشتی و ئەم ئیدەیە کە بازاڕی هاوبەش دەبێ بەرز بێتەوە ( هەنووکە وا نییە) خەڵکانی تر بۆ کاروچالاکی بانگهێشت بکرێ. شۆڕش لە هەموو شوێنێ وەك سەرسووڕهێنەرترین رووداوی کۆمەڵایەتی لە قەڵەم دەدرێ.

بایەخی گرینگی شۆڕشی مەزنی فەڕەنسا لەوەدا بوو کە ئەم وڵاتە لە ناوەندی گۆڕەپانی سیاسەتی جیهانیدا هەڵکەوتووە و ئەوەش راست لە کاتێکدا بەدوای نسکۆی ئەو وڵاتە لە شەڕی حەوتساڵە و کارکردیی سەرشۆڕانەی لە شەڕی سەربەخۆیی ئەمریکادا، ژمارەیەکی بەرچاوی وڵاتە ئەورووپاییەکانی هێنایە سەر ئەو باوەڕە هەتاکو لە هێزی رووبەڕوو بوونەوەی ئەم وڵاتە بە بنکۆڵییەك کە لە کێبەرکێی لەگەڵ وڵاتانی دیکەی ئەورووپایی لە رێگای مۆدێرنیزاسیۆنی پێشەڕۆدا هەیانبوو بە شێوەیەکی گومانавییەوە لێی بڕوانن، کێبەرکێیەك کە جۆش و خرۆشی بەدەستی خواکانی تاقانە[4]، سەرانسەری ئەورووپای تەنیبووەوە. رۆحی

(1) Drama
(2) Dramatic
(3) Ritualistic Incantation
(4) Enlightened Despots

وریای نەریتی نوێ بوو کە بوو بە هۆی ئەو پیاوان و ژنان ئالاهەڵگری بوون هەتا رۆڵێك کە لە ئەفسانە و دێرۆکی رۆحی کۆن فێری بوون، بگێڕن. مەبەستی ئەوان ئەوە بوو هەتا ببینە خاڵی وەرچەرخان لە جیهاندا و بەڕاستیش وای لێهات. رەنگە بتوانین رووداوەکان و دواهاتەکانی شۆڕشی مەزن بە شێوەی رەوا، گۆمان بخەینە سەری، بەڵام کاریزماکەی بەهێزترە لەوەی کە بتوانین بە گومان و خەیاڵ وێنای بکەین.

شۆڕشی مەزن دیکتاتۆرێکی بەهێزی لە فەرەنسا ئافراندووە کە گیانی لاوانی ئەو وڵاتەی لە گۆڕەپانەکانی بەرەنگاری شەڕە ناپلیۆنییەکان بە فێڕۆ دا، بەڵام مەزنی و شانازیشی بۆ فەرەنسا هەبوو هەر بەو جۆرەی کە ئاناتۆڵ فرانس[١] لە کتێبی خۆی بەناوی دوورگەی پەنگوئینەکان[٢]، وێنایەکی تاڵ لە شۆڕش پیشاندەدا، بە توانجەوە لەسەر دیرۆکی فەرەنسا وەها ئەڵێت: "مەزنی و شانازی هیچ کات نرخێکی لە رادەبەدەری نییە"(فرانس، ١٩٣٠ لاپەڕەی ١٤٤).

شۆڕشە مەزنەکان بەردەوام گۆڕەپانگەلێك بوون بۆ دەرکەوتنی شۆڕشگێڕە گەورەکان. ئەمڕۆکە جەستە مومیایی کراوەکانی لێنین و مائۆ لە گۆڕستانی خۆیاندا نووستوون بەڵام رەوتگەلێکی نوێ لە هزرە دێموکراتیکەکان لە شەقامەکان و گۆڕەپانەکانی جیهانی دەرەوە وەرێ کەوتوون. کاسترۆ هەنووکە هەروا رۆڵی ئەو فەرماندە لاوەی سیراماسترا[٣] دەگێڕێ، گەرچی ئەمڕۆکە بە قەڵافەتی مەزنی شەست ساڵە و بەو یونیفۆرمەوە ـ کە شیاوی هیچ کۆبوونەوەیەك نییە کە تێیدا دەرکەوێ ـ ناچار بە وەلانانی جگەرە بەرگە ناسراوەکان بووە کە جارێك بەهۆی کێشانی دانەیەك لەوانە، شتێکی ئاراستەی ویلایەتە یەکگرتووەکان کرد. دانیل ئوورتگا[٤]، شاعیر و سەرۆك کۆماری نیکاراگوا لەگەڵ قەیرانێکی ئابووری دەست و پەنجەی نەرم دەکرد کە دەسەڵاتە یەك لەدوای یەکەکانی ئەمریکا ئابلۆقەیان بەسەر ئەم وڵاتە هەژارەدا

(1) Anatole France
(2) Penguin Island
(3) Sierra Maestra
(4) Daniel Ortega



سەپاندبوو کە بەبێ یارمەتی خواستن لە دەرەوە بۆ بەدەستهێنانی دێموکراسی رێگای خۆیان گرتبووە بەر. ماوەیەکی زۆرە لە مردنی جەماڵ عەبدولناسر تێپەڕیوە و رێبەری رادیکاڵی شۆڕشی پۆرتەغال زەمەنێکی دوورودرێژی لە گرتووخانە بەسەر بردووە. لەم کاتەدا لە تاران شاهیدی ماتەمبارییەك بووین کە بەهۆی مەرگی خومەینییەوە بووە. راگەیەندرا کە هەشت کەس بۆ نزیکبوونەوە لە لاشەی ئەو لەژێر دەستوپێدا مردن و سەدان کەس بریندار بوون. چاپەمەنییە رۆژئاواییەکان ناوبراویان وەك کەسێك کە پتر لە خەڵکانی دیکە باندۆری لەسەر گۆڕانکارییەکانی ئەم سەدەدا داناوە، ناو دەبەن.

جفرسۆن، پەنجا ساڵ بەدوای شۆڕشی ئەمریکا لە شەوی پێش مردنیدا دوایین بۆچوونەکانی خۆی لەمەڕ شۆڕشێك کە خۆی لە سەرخستنیدا دەورێکی سەرەکی هەبوو، بە نووسراوە ئاشکرا کرد. لەم نووسراوەدا بە کورتی بەڵام بە روونی دەڵێت چ شتێك پێشکەوتنە و چ شتێك پێشکەوتن نییە. "رۆژێك جیهان دێتە سەر ئەو باوەڕە ـ کە بە دڵنیاییەوە وا دەبێ، رەنگە لە هێندێك برگەدا بە خێرایی و لە هێندێك برگەشدا بە هێواشی، بەڵام لە کۆتاییدا سەرتاسەری جیهان دەتەنێتەوە ـ کە هێمای مرۆڤایەتی راپەڕیو، ئەو زنجیرانەی کە نەزانی و خورافات بە درێژایی چاخەکان بە دەست و پێیانەوە بەستبوون هەتاکو بیانخەنە ژێر فەرمان و رکێفی خۆیان لە یەکی بڵاو دەکەنەوە و تەناهی و حکوومەتێکی سەربەخۆ بەهرەمەند دەبن. ئەو جۆرە حکوومەتانە کە ئێمە بە جێگای ئەوانە دامانمەزراندووە مافی جێبەجێ کردنی ئازادی لە رادەبەدەر و دەربڕینی هزری گەرانتی کردووە. هەموو چاوەکان روویان لە مافی مرۆڤە یان دەبێ. تیشکی گشتگیری زانست رووناهییەکی بەسەر هەمواندا هەڵایساندووە تاکو دەرکەوێ نە چین و توێژەکانی مرۆیی بە کۆیلەیی ئافرێندراون و نە کۆمەڵێك وەك چەکمە لەپێ و قامچی بەدەست لە دایك بوون کە سواری سەرملی خەڵك بن و بۆ هەر شوێنێك بخوازن لێیبخوڕن رەوایی خۆیان بە رەحمەت بخەملێنن کە گوایە لە لایەن خواوە وەك دیاری پێشکەشی ئەوان کراوە" (وەرگێراو لە باتریلا[١] ١٩٥٩).

(1) Buttertield

لە راستیدا بە یەك بەڵگە، شۆڕشی ئێران، بزاوتێكی راستەقینە و پێوانەیەكە بۆ ئەوەی كە ببینین سیكۆلاریزمی كۆمەڵگای رۆژئاوا ئەوەندە بەرفراوان بووە كە تەنیا كۆمەڵێكی كەم لە ئێمە پێشتر لێكدانەوەیان وا بووە كە هێزی ئایینی نەریتی هەنووكەش تاكو ئەم رادەیە بەهێزە، بۆ ئیعتباری بزاوتەكانی دیكەی ئاماژەپێكراو جیاوازی نێوان دوو دەستەواژەی شۆڕش و دژە شۆڕش لە چوارچێوەی چەمكی پێشكەوتن دێتە گۆڕێ، واتە هیچ جیاوازییەكی فەننی لە نێوان ئەم دوو دەستەواژەیە لە ئارادا نییە، لە راستیدا دواهاتی سەرنەكەوتووی لە دۆخی هەبوو لە هەردووكیان بەرابەری، شێوەكاری بەدەست گرتنی دەسەڵاتیش وەكو یەك وایە، تەنیا جیاوازییەك كە لە پلانەكانی دوارۆژی پێشكەش دەكرێ دەرخەری ئەم جیاوازییە و ئەمەیش زۆر بابەتەكە روون ناكاتەوە. بۆ نموونە یەكسانی خوازان[١] لە بەریتانیا لە رابردوودا چاویان بە ئارمانێك بڕیبوو، واتە ئەو كاتە كە بەریتانیا لەدەستی نۆرمەنەكان رزگاریان بوو. مریدان رۆسۆ[٢] لەو بڕوایەدا بوو كە مرۆڤ بە شێوەی سروشتی ئازاد ئافرێندراوە و پێكهاتەی پاشایەتی جیا لەوەیكە نیشانەی بەلاڕێداچوون لەم سروشتە مرۆییە، شتێكی دیكە نییە. بلشویكەكان پشتیان لە پلانی "پێتری" مەزن كە لەسەر بنەمای گرینگی دان بە بۆچوونەكانی بالتیك بوو، كرد و پێتەختیان لە پترزبۆرگڕا بۆ مسكۆ گواستەوە.

---

(١) Levellers. لە دیرۆكی بەریتانیا ناوی حیزبێك بوو كە لەگەڵ سیستمی پاشایی بە تەواویی دژ بوو، ئەندامانی ئەم حیزبە لە پەرلەمانی بەریتانیا پتر سەربازگەلێك بوون كۆماریخواز كە خوازیاری یەكسانی پلە بۆ هەموو سوپا بوون و لە ئاكامدا بەدەستی كرام وول، سەردار و گەورەپیاوی حكوومی لە سەدەی حەڤدەدا، لەناو بران.

(٢) Jean – Jecques Roussean (٧٨ ـ ١٧١٢). نووسەر و فەیلەسووفی گەورەی سویسی ـ فەڕەنسەوییە كە ژمارەیەكی زۆر لە شۆڕشگێڕانی فەڕەنسا ـ لەوانە شكسپیر ـ بە چڕ كەوتە ژێر كاریگەری هزری ئازادیخوازانەی ناوبراوەوە.



وا بەرچاو دەكەوێ كە جەماوەر لەكاتی گۆڕانكارییە مەزنە سیاسی و كۆمەڵایەتییەكان، هەڵوەدا بەدوای جەنەتی لەدەست رۆیشتوو و ئاڕمانێكەوەن كە داهاتووی خۆیانیان تێدا وێنا كردووە. چونكە مێژوو پیشانیداوە كاتێك ئیسلام لە وەها دۆخێكدا بوو كە كۆمەڵێكی كەم لە بیابانێكدان لە ترۆپكی گەوریی و هێزی خۆیاندا بوون و ئەو كاتە بە ئایینێكی جیهانی بەئەژمار دەهات و دەنگی سەی سوار چاكانیان سەراپای لەشی دەهەژاند، جێنشینانیان لەنێو حەرەمسەراكان، نوقمی خۆشی و لە ناز و بەرەكەتدا دەژیان.

## "شیكردنەوەی شۆڕش"

هەر بەو جۆرەی كە بینیمان، روانگەگەلێكی جۆراوجۆر و رەنگاوڕەنگ كە لەسەر هەر جۆرە شۆڕشێكی دیاریكراو پێشكەش دەكرێ، بەهۆی ئەوەیكە تەنیا دەرخەری روانگە جۆراوجۆرەكانە نەك راستییە جۆراوجۆرەكان، دەیشتوانێ كە "دروست"یش بن. دەرك و تێگەیشتن لە هەر ئەو شتەی كە لە شۆڕشی فەڕەنسا روویدا زۆر لەوە گەورەترە كە لە زەینێكی یەكگرتوو و زەمەنێكی گونجاودا بگونجێ، بە پێی وێنایەك كە لەوە دەردەكەوێ، بە ناچار دەستچین كراوە. هەڵبەت بە تەواوەتی دەستچین كراوەیی، نابێتە هۆكار كە بتوانێ لایەنی شیكردنەوەیشی هەبێ. ئاڕمانجی ئێمە لە "شیكردنەوە" شتێكە بە تەواویی روونە: ورد و خاش كردنی هەموو نوێنگەی رووداوەكان بە بەشی بچووكتر، بە جۆرێك بتوانرێ هەر كام بە جیا بە وردی تاوتوێیان بكەین. هەر كاتێك بە سەرنجدان بە بنەمایەكی گشتی كە لە سروشتی هەر جووڵانێكدا و لە هەر قۆناخێك لە پێشهاتدا دەستنیشانبكەین وامان كرد، ئەو كاتە دەتوانین هەوڵبدەین هەتاكو لە تەنیشت دانانی ئەوانە نوێنگەیەكی یەكدەست لە راستییەكان روون بكەینەوە. گرفتی دووهەم ئەوە نییە كە وەها كارێك لە بنەڕەتدا جێبەجێ ناكرێ، بەڵكو لێرەدایە گەر جێبەجێش ببێ، نائاگایانە دەبێ، بەو دەرەنجامەی كە مەفرووزە نەگوتراو و نەنووسراوێكی زۆر لەبەر جەوەنی داهاتووی گشتی دایە كە دەتوانن بەلاڕێدا بەرەو خراپترین دۆخی خۆیدا بە تەواوەتی رێگا

ونکەر بێت. جیا لەمەڕ شۆڕش وەها مژارێك زۆر جێی گرینگی پێدان نییە، بەڵام لەمەڕ شۆڕش ـ دیاردەیەك کە بە دان پێدانانی زۆر کەس لە بایەخێکی کۆمەڵایەتی مەزن بەهرەمەند و لە روانگەی کۆمەڵێکی زۆر لە نووسەران بایەخی ئەوە وەکو دیاردەیەك لە گرەویی گشتی ئەودایە- و لە گرینگییەکی بەرچاو بەهرەمەندە. هەر بۆیە زۆر جار شاهێدی نووسینی نووسەرانێکین کە لەسەر شۆڕش، کەمتەرخەمی دەکەن، بێ ئەوەیکە توانای ئەوەیان هەبێ، یان هەر لە سەرەتاوە خوازیاری ئەوە بێ کە هەر ئەو پیشە رەخنەییەی کە لە زۆربەی دیاردە کۆمەڵایەتییەکاندا بەکاریان دەهێنا، بۆ شۆڕشیش بەکاری بهێنن.

بەم پێیە شیکردنەوەی سیستماتیك لە شۆڕش وەکو دیاردەیەك، وەرچەرخانێکی نوێیە لە بواری ئەندێشەی کۆمەڵایەتی، ئەم خاڵە کە روو وەرگێڕان لە پۆزیتیوزم رەنگە ببێتە هۆی بەربەست لەسەر رێگای بەرەوپێشچوونی ئەم بابەتە، ئەویش راست لە کاتێکدا کە راڤەکاران ریسکی سیاسی، زانستی کە هەتاکو ئێرە بەدەست هاتووە لە خزمەتی کار و پیشەدا بەکاردێنن، توانجێك پتر نییە. لەنێو نووسەرانی پێشوو کە لە هەوڵی ئەوەدا بوون تاکو رووداوە پێکهێنەرەکانی هەر شۆڕشێك بە جیا و بە چڕی شیبکەنەوە، سیمای کەسانێك دەبینین کە بایەخێکی تایبەتییان هەیە، کەسانێك وەك ئالکسی دوتۆویل (١٩٦٦) لەسەر شۆڕشی فەڕەنسا و پیتریم سورۆکین[1] (١٩٢٥) لەسەر شۆڕشی رووسیا. ئەم نووسەرانە هەروەکو دیرۆکنووسانی ئەم دواییانە، پتر بایەخیان بە هۆکار و واهاتەکانی شۆڕش دەدا هەتا ئەو رووداوانەی کە ئەم شۆڕشانەیان پێکدەهێنان، گەرچی بە پێچەوانەی زۆر کەسی دیکە، هەوڵی ئەم دوانە دەرکێشانی ئەزموونە گشتییەکان لەسەر شۆڕش بوو کە لە بارودۆخی دیکە و لە وڵاتانی دیکەشدا دووپات بکرێتەوە.

جارێکی دیکە پێویستی بە باس کردنە کە تەنیا بەراوەردێك لە شۆڕشی رووسیا لەگەڵ هاوتای خۆی واتە شۆڕشی مەزنی فەڕەنسا بوو کە پەرەی بەهانەی بە

---

(1) Pitrim Sorokin



دەستنیشانی یەکەمین شیکردنەوەی بەراوەردی لەشۆڕشدا. بەڵام لێرەشدا هەمدیسان دوو گریمانە بە خێرایی دێنە ئاراوە، دوو گریمانە کە مەبەستی لەژێر رکێف خستنی هەموو نووسینەکانی لە داهاتوودا هەیە. یەکێك لەو تایبەتمەندییانە ئەوەیە کە شۆڕش بە شێوەی بەربڵاو زیاتر لەسەر ئەندێشەکانە، یان دەبێ وابێ، هەتاکو کارکردەکان.

شۆڕشی راستەقینە ئەوەیە کە رەوتی بەربڵاوی زانستی باسی لێوە دەکا و زۆربەی ئەو رووداوانەی کە پێوەندی بە رەوتی ئاکادمیك نەبێ، لە بایەخێکی یەکسان بەهرەمەند نین. لێرەدایە کە دیرۆکنووسانی شۆڕش دەخوازن هەتاکو بە نرخی شۆردنەوەی دیاردەکانی دیکەی شیاوی بەراوەردکردن، سەرنجی خۆیان، هەروەها ئێمەش بۆ لای شۆڕشە مەزنەکان کۆبکەنەوە. لەسەر شۆڕشی مەزنی فەڕەنسا هێندە پەرتووك نووسراوە کە دەتوانین چەندین دۆڵابچی کتێبخانەیەکی بۆ تەرخانبکەین کە ئامانج سەرلەنوێ پێناسەکردنێکی زانستییە، هەروەها بڵاوکردنەوەی بڵاڤۆکی توێژینەوەیی، کە تایبەت بە شۆڕشی مەزنە. لەمەڕ شەڕی نێوخۆیی بەریتانیا و شەڕی سەربەخۆیی ئەمریکا و شۆڕشی ئۆکتۆبری رووسیاش پێکدادانێکی هاوشێوە هاتووەتە ئاراوە.

شۆڕشی مەکزیك لە بەراوەرد لەگەڵ شۆڕشەکانی ئاماژەپێکراو، بەگشتی ئەسپێردراوە بە پسپۆڕانی ناوچەکە لە دەرەوەی مەکزیك، زیاتر بە ئەمریکاییەکان، چونکە تێدا ئەندێشە رۆڵێکی بە تەواوەتی جیاواز (لە روانگەی کۆمەڵێك زۆر بێبایەختر) دەگێڕا. تێگەیشتنێکی دروست لەوەیکە لە راستیدا لە شۆڕشی کووبا رووی دا نەك هەر راستییەکانی پێوەندیدار بەهێز، بەو جۆرەی تا رادەیەك چاوەڕوان نەکراوە ئاشکرا چدەکا بەڵکو گرینگی بە روونکردنەوەی بەشێکی یەکجار زۆر لە رووداوەکانی دوای ١٩٦١یش دەدا. بە هەرحاڵ راست هەر بەم هۆیە، کووبا گۆڕەپانی لێکۆڵینەوەیە کە بە چڕی جێی مشتومڕە، هەرچەند رووداوەکانی پێوەندیدار بەم ساڵانەی دوایین و زۆر یەك لە شاهیدە سەرەکییەکان کە هێشتا لە ژیاندان، شۆڕشی خۆی بە رادەیەکی بێوێنە کەوتووەتە بەر وردبینی و هەڵسەنگاندنی راگەیەنە جیهانییەکان. کووباییەکان بە شێوەیەك دەگێڕنەوە و ئەمریکاییەکان بە جۆرێکی

دیکە. هەر هاوشێوەی ڕووداوەکانی ڤێتنام، ئێران، نیکاراگوا ئەفغانستان و لە دەقی گوتاری سیاسییەکانی جیهانیش جێ دەگرن، ئەویش لە سەرەتادا نە لەڕووی وردبینی مێژوویی نە بە مەبەستی بەرەوپێشبردنی تیئۆری زانستی- کۆمەڵایەتی، بەڵکو وەکو ئەو دروشمانە وایە کە لەنێو گوتاری خەڵکانی کەڕدا لە ئارادایە.

لەڕاستیدا هەر ئەم کۆجێیی بوونی هەموو هەوڵەکان بۆ شۆڕشەکانی پێشوو لە بەریتانیا، فەڕەنسا، ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و ڕووسیا، خۆی گریمانەیەکی نامۆی هێناوەتە گۆڕێ، ئەوەش ئەوەیە کە ئەم شۆڕشە کۆمەڵایەتییە مەزنانە کە هەر کام هاوکاتە لەگەڵ وەرچەرخانە گەورەکان لە بەرجەوەنێکی جیهانیدا، لە وەها تایبەتمەندییەك بەهرەمەندە کە نە مومکینە و نە دەکرێ لە بەستێنێك لە تیئۆری کۆمەڵایەتی گشتیدا دابنێین، مەگەر ئەوەیکە وەها تیئۆرییەك لەسەر بنەمای ئەم شۆڕشانە دامەزرابێ. پتە[1] (١٩٣٨، لاپەڕەکانی ١ ـ ١٢) ئەم ڕوانگەیە بە پوختەیی بەم جۆرە شیدەکاتەوە:

توێژینەوەم لەسەر شۆڕشە بچووکەکان نەکردووە. لە شۆڕشە مەزنەکان هەتا شۆڕشە کۆشکییەکان وەك کوشتنی "دۆنکین" بەدەستی مەکبەس، مرۆڤ دەتوانێ زنجیرەیەك لەیەك گرێدراو لە نموونە جیاوازەکان بە شێوەگەلی جیاواز پێشکەشبکا، بەڵام ئەوە تەنیا شۆڕشە مەزنەکانن کە دەرفەتێك دەرەخسێنێ تاکو بتوانرێ گرینگی هەموو فاکتەرەکانی باندۆردانە تێدا مەزەندە بکرێ. فاکتەرگەلێك کە بە ڕوونی لەناخی سیستمی کۆمەڵایەتی نووستووە ڕەنگە ڕۆڵێکی گرینگ بگێڕن، بەڵام ڕۆڵی ئەوان لە هەر شۆڕشێك زۆر قورسایی نییە. لە قەیرانە جۆراوجۆرەکاندا دەکرێ هۆکاری ناسەقامگیری کۆمەڵگا بە گەڕانەوە بۆ تەوەرە جیاوازەکان لە ڕێکخستنە کۆمەڵایەتییەکان شی بکرێتەوە، هەروا کە ڕاوەستان یان هەڵئاواسان لە سیستمی کۆمەڵایەتیدا بشێویی پێکدێنی، بەڵام تەنیا لە کاتی شۆڕشێکی مەزنە کە گشت تانوپۆی کۆمەڵگا تووشی ئاڵۆزی دەبن. ئەمە تەنیا لە شۆڕشێکی گەورەیە کە

(1) George Pette



کۆمەڵگا بە هەموو هێزی نێوخۆییەوە بە دەرکەوتنی ڕووناکییەك ئاشکرا دەبن و لەبەر یەك هەڵدەوەشێتەوە. لەم ڕووەوە و بەمجۆرە وا بەرچاو دەکەوێ کە گەیشتن بە دەرکێکی تەواو لە شۆڕشە لاوەکییەکان تەنیا لە سێبەری ڕێنوێنیی تیئۆری شۆڕشە مەزنەکانە کە دێتە ئاراوە، چونکە هەر ئەم تیئۆری شۆڕشە مەزنەکانە کە وێنایەکی تەواو لە گرژی لە نێوان هێزەکان پێشکەش دەکات کە کۆمەڵگایەکی ڕێکخراو دراو بەو شێوەی کە هەیە، پێکدەهێنێ.

تەنیا پێویستییەك کە لە بەیانی ڕوانگەی سەرەوە هەستپیدەکرێ، کردەیی کردنی هێڵە سەرەکییەکانییەتی. دوو سەدە دوای شۆڕشی مەزنی فەڕەنسا و پتر لە پەنجا ساڵ بەدوای بڵاوبوونەوەی بەرهەمی پتە، دەبێ دەرکەوتبێ کە شۆڕشی ئاماژەپێکراو دووپات نابێتەوە. لە ڕاستیدا نە لەیەکچوونەکان کە موفتەرەکانی هەبووی ناو شۆڕشە کۆمەڵایەتییەکانی ئەم دواییانەن کە لە زۆرترین بایەخ بەهرەمەندن، چونکە ڕووداوەکان بە چەندین جار شاهێدانی لەگەڵ تیئۆرییەکی نەخوازراو نەگونجاو ڕووبەڕوو کردووەتەوە و پیشانیداوە کە گەیشتن بە ڕاڤەیەك بۆ ئەو ڕووداوانەی کە دیویانە، کەم و کورتی هەیە. هەڵبەت جێی سەرسووڕمان نییە، چونکە شێوازێك کە پتە پێشنیاری دەکا، شێوازێکە لەسەر بنەمای بەراوەرد لەمەڕ دیاردە ئاڵۆزەکانی هەبوو لە هەر کەوشەنێکی دیکە لە ژیانی مرۆیی، سەرەتا بە هێنانەئارای تێگەیشتنێك لە جۆرە بچووکەکانی کە "دیاردە" لەوانە پێکهاتووە نە بە پێچەوانەی. شۆڕشە مەزنەکان ئاستەنگێکی گەورەی لە بەرانبەر ڕوانینەکانی ئێمە لە ڕێکخراوە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان و ڕێکخراوە کۆمەڵایەتییەکان بە ئەژمار دێن. لە ڕەوتی شۆڕشی مەزنی فەڕەنسادا ڕووداوێك نەهاتە ئاراوە کە نەکرێت لە زۆربەی نموونە مێژووییەکانی دەرەوەی شۆڕشە کۆمەڵایەتییە گەورەکان دووپات بکەینەوە. هەر بۆیە ئێمە دەبێ لە هەوڵی ئەوەدا بین هەتاکو لەگەڵ شۆڕش هەر وەکو دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی دیکەدا هەڵسوکەوت بکەین.

لەم ڕووەوە هەڵسوکەوتە ڕوونکەرەوەکان لەگەڵ شۆڕش، لە دەرەوەی دوو جیهانی لەیەك جیا و لە هەمان کاتدا بەستراوە و پسپۆڕانە، واتە جیهانی شۆڕش و دژە

شۆڕش سەرنجی کەسانێکی دیکە بۆ لای خۆی رانەکێشاوە. خەڵکێك کە خوازیاری شۆڕش بن، پێویستیان بە کتێبێك لەو پێوەندییەدا هەیە. لە لایەکی دیکەوە ئەوانەی کە دەرماڵە وەردەگرن هەتا پێش بە شۆڕش بگرن پێویستە باش بزانن کە پێش بە چ شتێك دەگرن، هەروەها لەسەر چۆنییەتیی پێشگرتن پەروەردە بکرێن. ئامانجی شۆڕش بۆ هەردوو گرووپەکە هەمان ئەندازیاری گۆڕانکاری لە هێزی سیاسی دایە، بە جۆرێك کە حکوومەتی تازە دامەزراو بتوانێ پلانی داهاتووی خۆی بەسەر کۆمەڵگادا بسەپێنێ. لەم رووەوە کلیلی راڤەی شۆڕش، هەمان رووداوەکانی شۆڕشە.

ئەم رەخنەیە رووی لە هەردوولا، واتە شۆڕشگێڕان و ئەوانەی کە دژی شۆڕش دەنووسن هەیە کە هەموویان زێدە لە رادە پێداگری لەسەر هێزی ئیرادە دەکەن، بەم واتایە کە شۆڕشگێڕان خوازیاری شۆڕشن و دژی شۆڕشەکانیش خوازیاری سەرکوت و ئەویش بەبێ لەبەرچاو گرتنی بارودۆخ.

ئاشکرایە گەر شۆڕش هێزێکی گەورە بوایە، لەو کاتەدا قسەکردن لە پێشگیری لە شۆڕش یان شۆڕش کردن، بێمانا دەردەکەوت. کەواتە باشترین وانەیەك کە هەم فێری شۆڕشگێڕان و هەم فێری بژاردەکانی دژی شۆڕش بیکەین ئەوەیە کە ئەو وانە کردەیەی کە کانۆت[1] لە کنارەکانی ساوات هامپتۆن واتر[2] فێری خوێندکارەکانی دەکرد گوێی پی بدەن کە دەیگوت، تەنانەت پاشاکانیش هێزی فەرمان دان بەسەر "جزر و مد"[3]یاندا نییە. لە لایەکی دیکەوە کۆمەڵێك خاڵی دیکەی زۆر لە ئارادا هەن کە بۆ

---

(١) King Canute (٩٩٤ــ ١٠٣٥). شای بەریتانیا لە نێوان ساڵەکانی ١٠١٦ ـ١٠٣٥) و دانیمارك (١٠٣٥ ـ ١٠١٨) و نەروێژ (١٠٢٨ــ ١٠٣٥) و دەسەڵاتداری ناوبراو لە ساڵەکانی یەکەمەوە بە دڵڕەقی بەڵام لە ساڵەکانی دوایینی دەسەڵاتداری بە نەرمی و بە باشی بەڕێوە چوو.

(2) Southampton Water

(٣) رەنگە مەبەستی قامچی لێدانی خەشایارشا لە دەریا بێت کە لە کاتی هێرش بۆ سەر ئاتن بەلەمەکانی تووشی باهۆزی دەریایی بوون کە بۆ دامرکاندنی تووڕەیی خۆی، هەوڵیدەدا دەریا بە قامچی لێدان ئەهوەن بکاتەوە.



دانی تیئۆرییەکی گونجاو لە شۆڕش دەبێ لەبەرچاو بگیرێن. جیا لەو زانیارییانەی کە شیمانە کراوە کە رەشەبای دەریای ئوکتۆبەری ١٩٨٧ی کەنارەکانی باشووری بەریتانیا تێکەوە پێچێ، نە پێش بەو خەسارە گەورەیەی کە بە سامانەکان دەیگا دەگیردرێت و نە لەناوچوونی نیوملیۆن دار و دارستان بەڵام ئەم دەرفەتە دەرەخسێنێ هەتاکو کۆمێك پێش بە خەسار بگرین و بە دڵنیاییەوە کۆمەڵێك لە دانیشتوانی ئەوێ بتوانن لە کاتی پێویستدا خۆیان لە شوێنێکی باش داڵدە بدەن.

چوارچێوەیەکی وەها باو و ئەزموونکراو هەر وەك چۆڵکردنی خێرای دانیشتوان و جێگرتنیان لە ژێرزەمینگەلێکی ئەمن بۆ پێشگیری لە زیانەکان لە کاتی دوو رەشەبای دەریایی کە لە ساڵی ١٩٨٨ لە دوورگەکانی کارائیب روویدا زۆر بە کەڵك بوو. بەم پێیە دەتوانین بە ناسینی سێ قۆناخ لە شۆڕش کە گووداسپید[1] (١٩٦٢) ئەوانەی بە "ئامادەیی"، "هەنگاو"و "پتەویی" پێناسە دەکا، دەستپێبکەین. ئامادەیی[2] ئاماژە بەو لایەنە لە شۆڕشە کە پێشتری لەژێر ناوی پرۆسەی شۆڕش[3] دەناسرا واتە رێگایەك کە تێدا گرووپگەلێکی بەرچاو یان جەماوەر دەست لە پشتیوانی لە حکوومەت یان رژێمی پێشوو هەڵدەگرن و لەسەر گواستنەوەی توندوتیژانەی دەسەڵات بۆ گرووپێکی دیکە، رێکدەکەون. ئامادەبوون[4] ئاماژە بە رووداوەکان دەدا، ئەو کاتەی کە دەوڵەت لە ئاکامی کردەیەکی توندوتیژانەوە یان بە هەڕەشەیەکی دامرکێنەر لەمەڕ کەڵك وەرگرتن لەو هێزە دەڕووخێ و حکوومەتێکی نوێ دەسەڵات بەدەستەوە دەگرێ. پتەویی[5] ئاماژە بە قۆناخێك دەکا کە بەدوای گۆڕانی دەسەڵات دێ کە تێدا حکوومەتی نوێ کۆڵەکەکانی حکوومەتی خۆی پتەو و قایم دەکا و پلانێك[6] دەهێنێتە بواری

---

(1) D. J. Coodpeed
(2) Prepration
(3) Process
(4) Action
(5) Consolidation
(6) Program

جێبەجێ کردنەوە. کە بۆ گۆڕانی سیستمی کۆمەڵایەتی گەلالەی بۆ دارێژراوە. ئەم قۆناخە بە چاوپۆشی لەوەیکە لە قۆناخی یەکەمدا تا چ رادەیەك بۆ شۆڕش پلان دارێژی کراوە، لە روانگەی شیکردنەوە نەگونجاو نییە.

ئەم قوناغگەلە هەر ئەوەندە لەمەڕ شۆڕشی مەزنی فەڕەنسا بەکار دێن ئەوەندەش لەمەڕ کودەتای سەربازی هائیتی. جیاوازی لە یەك بەدواییەکی ئەم قۆناخگەلی نییە بەڵکو لە ناوەرۆکی پلانە کۆمەڵایەتییەکە کە حکوومەت ئاڵترناتیڤەکان جێبەجێ دەکەن. وەها پلانگەلێکی شۆڕشگێڕانە هەم بەرهەمی هێزە کۆمەڵایەتییەکانە و هەم هێزی ئیرادە، راست هەر بەم هۆکارەیە کە هەتا ئەم رادەیە شیمانە نەکراون.

## "پێش مەرجە کۆمەڵایەتییەکانی شۆڕش"

ئەو تایبەتمەندییانەی کە رێبەری شۆڕش و لایەنگرانی بەرهەڤی دەکەن و بەرەو کەرەستەی ماددی بۆ سەپاندنی توندوتیژی بە مەبەستی بەدەستهێنانی شۆڕش کەڵکی لێ وەردەگرن ( یان بواری وەها ئامادەکردنێك دەرەخسێنن) پێش مەرجە کۆمەڵایەتییەکانی شۆڕشن. ئەم هۆکارانە تایبەتمەندی هاوبەشی هەموو شۆڕشەکانن گەرچی شیکردنەوەی شۆڕش لە بوارێکدا ئەویش تەنیا لایەنی مێژوویی، یان بایەخی شیکردنەوەی نییە، یان گەر بشبوایە کەم بایەخە، هەمدیسان هەر بەو جۆرەی کە توورایین[1] (١٩٧٧ ـ ١٩٨١) پاساوی بۆ دەهێنێتەوە، رێگە و کارایی هەر تەڤگەرێکی جیاواز لە لایەن تایبەتمەندییە دیرۆکییەکانی ئەو تەڤگەرە دەستنیشان دەکرێت. نووسەرانی دیکە ئەم توخمانە بە شێوازگەلی جۆربەجۆر لەگەڵ تایبەتمەندییە کۆمەڵایەتییەکان کە هاسانکارییان بۆ دەکا ئاوێتەیان کردووە. بۆ وێنە نێل ئەسەلی سر[2] (١٩٦٢) لیستێکی شەش ماددەیی خوارەوە دەخاتەڕوو:

یەکەم: پەیوەست بوونێکی پێکهاتەیی[3] کۆمەڵگا لە راستای نارەزایەتی یان شۆڕش.

دووهەم: گوشاری پێکهاتەیی[4] کە دەبێتە هۆی داواکاریگەلێکی تایبەتی بۆ گۆڕان.

(1) Alain Touraine
(2) Neil Smelser
(3) Stractural Concluciveness
(4) Structural Strain



سێهەم: باوەڕمەندییە گشتییەکان[1] کە وەڵامێکی بەرین لە بەرانبەر ئەم هەستە گوشارە و لە راستایەك بە تەواوی پێناسەکراو بیچم دەدا.

چوارەم: فاکتەرە خێراکەرەکان[2] کە گەشە بە کارەکان دەدەن.

پێنجەم: بوونی کارێکی هاوئاهەنگ[3] (بۆ وێنە رێکخراو) بۆ رێبەری و پشتیوانی لە تەڤگەر.

شەشەم: توانا سنووردارەکانی چاودێری کۆمەڵایەتی[4] بۆ پێشگرتن لە بزووتنەوە، یان سەرکەوتنی.

بەهەرحاڵ لەپێناو جیاکردنەوەی ئەم پێش مەرجانە، باشتر دەزانین کە فاکتەری کۆمەڵایەتی و بنیاتییەکان و هۆکارە تاکییەکان کە خەڵك بۆ لای چەکداربوون رادەکێشن، بە شێوەی جیاجیا باسیان لەسەر بکەین.

## "بارودۆخی کۆمەڵایەتی"

ئەگەری روودانی شۆڕش بە گوێرەی بەریانی کۆمەڵگا بەرەو سەپاندنی توندوتیژانە دەگۆڕدرێ، بەڵام هەمدیسان لە بەڵگەکانی ئەم بانگەشەیە ناڕوونییەکی تێدا دەبینرێ (کالوەرت ١٩٨٤، لاپەڕەکانی ٧٨ ـ ٦٤)، کۆلۆمبیا و مەکزیك لە ریزی ئەو وڵاتانەدان کە رێژەی کوژراوەکانیان پتر لە واقیعی راگەیەندراوە و حکوومەتە سەقامگیر و دێموکراتەکان (یان تا رادەیەك دێموکراتیك) لە هەر هەوڵێکی توندوتیژانەیان لە راستای رووخاندنی حکوومەت، تێدا ناکام ماونەتەوە. نیکاراگوا بەم دواییانە تووشی شۆڕشی کۆمەڵایەتی مەزن بووەتەوە و توندوتیژی بەردەوامی تێدا درێژەی هەیە کە بەهۆی ئەو هێزە دژە شۆڕشە چەکدارانەیە کە لە دەرەوەی سنوورەکانەوە پاڵپشتی دەکرێن. بە سەرنجدان بە پێوانە ئەورووپاییەکان، ویلایەتەیەکگرتووەکان پلەیەکی بەرزی لە کوشتاری خەڵکدا هەیە، بەڵام لەڕووی

(1) Generalized Beliets
(2) Precipiating Factors
(3) Co-Ordinated action
(4) Social Control

کۆمەڵایەتییەوە، سەقامگیر و پارێزکارە، گەرچی لە چاخی نۆزدەدا کاتێك گیرۆدەی شەڕی بەربڵاوی نێوخۆیی بوو، وەها نەبوو. گرژی یان بوونی گرووپگەلێکی خۆجێیی گوشار، دەکرێ بە گۆڕانە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان پێوەند بدرێ، بەڵام هێندێ جار بەدوای ڕووداو یان کاتێك کە هۆکاری گۆڕان بە جۆرێك نەزۆك دەبێ ئەم توندوتیژییانە ڕوو دەدەن.

نەبوونی ئەرخەیانی یان نەبوونی پشتیوانی لە حکوومەتی دەسەڵاتدار یان ڕێکخراوە کۆمەڵایەتییەکان، جارێکی دیکە وەك پێش مەرجی کۆمەڵایەتی پێویست بۆ گۆڕان دەردەکەوێ. بە هەرحاڵ، ڕەوشەکە ئەم جارەش بەم سانایییە نییە کە لە ڕوانینی یەکەمدا بەرچاو دەکەوێ. هەر بەو جۆرەی کە گامسۆن[1] (١٩٧٥) دەستنیشانیدەکا، ڕێژەی خەڵك کە پشتیوانی لە گۆڕان دەکەن پرسیارێکی بێ‌مانایە هەتا کاتێك نەزانین چ ڕادەیەك لە خەڵك و چ چینێك لە خەڵك پشتیوانی لە حکوومەتی دەسەڵاتدار دەکەن. هاوسەنگی نێوان حکوومەت و ئۆپۆزیسیۆنەکە تێکهەڵپڕژانی چەکدارانە دیاریدەکا نەك ژمارەی خەڵکەکان لەملا و لەولا و لە کەشێکی کراوە کە بەهۆی ڕووداوەکانی شۆڕشە، پارسەنگی هێزەکانە کە دەتوانێ بە خێرایی بگۆڕدرێ.

جیاکردنەوەی پۆلینەکان لە بنەڕەتدا بەم هۆمێدە پەرەی گرت کە زانیارییەکی ڕاست و دروست لەسەر ئاکامی شۆڕشێکی کۆمەڵایەتی و لە ناکاودا بەدەستەوە بدا. بەڵام ڕوانگەگەلێکی نوێ لەسەر پۆلێن لە نوێنگەی سانای پۆزیتیویستی مارکس و لایەنگرانی زۆر دوور کەوتوونەتەوە. پۆلێنیش لە بنەڕەتا چەمکێکی جێی مشتومڕە. لەوە گرینگتر ڕەنگە بە پێچەوانەی ئەوەیکە مارکس هیوادار بوو ڕاست هەر ئەم ناوەرۆکی پۆلینە کە ناتوانرێ لەسەر هەر کۆمەڵگایەك درووستبێ، چەمکە ئەزموونییەکانی بنچینەی پۆلین بەڕاستی خراونەتە ڕوو، بەڵام ئەم چەمکانە بە تەواویی لە چوارچێوەی سیستمی کۆمەڵایەتی پێوەست بە خۆ مانا دەگرێ (کالوەرت ١٩٨٢). بە

(1) Willam Gamson



هەر جۆرێك نووسەرانی دیکە هەروا شۆڕشیان لەسەر بنەمای هێزە پۆلێنییەکان شرۆڤە دەکەن، بێگومان لە داهاتووشدا هەتا ماوەیەك ئەم ڕەوتە درێژەی دەبێت. لەبیرمان نەچێ پێداگرییەك کە ژمارەیەك لە نووسەران بەم دواییانە لەسەر "ڕۆڵی جووتیاران لە شۆڕشە مۆدێرنەکان" (ئەسکۆت پەل ١٩٨٢و مێك داڵ[1] ببینین) دەکەن، ئەڵێی نابەجێیە ئەویش بەتایبەتی لەڕووی دونیای ١٩٩٠ەوە. ئەوەیکە بۆچی بزووتنەوەی جووتیارییەکان لەم دوو دەیەی دوایین تاکو ئەم ڕادەیە لەنێو ڕووناکبیرانی شۆڕشگێڕ سەرنجی پێدراوە، خۆی لەم دوو دەیەی دوایین تاکو ئەم ڕادەیە لەنێو ڕووناکبیرانی شۆڕشگێڕ سەرنجی پێدراوە. خۆی نهێنییەکە ئەویش ڕاست لە کاتێکدا شێوازی چاندن تووشی گۆڕانکاریگەلێکی گەورە بووەتەوە و گوندەکانیش ڕۆژ بە ڕۆژ لە جووتیارەکان پۆشاڵ دەبێتەوە و ئەمە خۆی بووەتە هۆی دابەزینی لەرادەبەدەری گرینگی ڕۆڵی ئەوان. تەنانەت ئەو کارەش کە مەسەلەی جووتیاران باسێکی باو بوو و نارەزایەتییەکانیان ترسی دەخستە دڵی حکوومەتەکانەوە، بەو حاڵەش جووتیاران بە کەمی ڕۆڵێکی گرینگیان لە سیاسەتدا دیاریدەکرد. تەنیا ئەم دەرفەتە کاتێك دێتە ئاراوە کە ئەوان ناچار بە مانەوە و کارکردن لەسەر زەوی خۆیان بن و لەم کاتەدا دەتوانن ئەوان بکێشینە گۆڕەپانەوە هەتاکو چاوەڕوان بین کە بۆ پاراستنی خاك، یان بە دەگمەن بۆ پاراستنی شێوەی ژیانی خۆیان وەك شتێکی لە ڕاپەڕینێکی گەورەتر، چەك بەدەستەوە بگرن و ڕەنگە گیانی خۆشیان لەدەستبدەن. سەرسووڕهێنەرە کە بەم شێوەیە گرووپێکی کۆمەڵایەتی کە پارێزکاران بە جێگەیەك دەگەن کە تێکەڵ بە بناژۆخوازەکان دەبن، بەڵام ئەم بناژۆخوازییە بەرهەمی دەرەوەستی نییە، بەڵکو لەڕووی ناچارییەوەیە.

هەر بەو شێوەی کە ئەریك ولف[2] (١٩٧٠، لاپەڕەی ٣٠١) کۆمەڵناس ئەڵێت:

هیچ بەڵگەیەك بۆ بەرگری لەم ڕوانگەیە لە ئارادا نییە کە بەهۆی "دنەدەرانی دەرەکی" وەنەبا، جووتیاران ڕانەدەپەڕین. هەر ڕاست بە پێچەوانەی جووتیاران بۆ

(1) Migdal
(2) Eric R. Wolf

قەرەبووی نارەواییەکان رادەپەڕن، بەڵام ئەو نادادپەروەرییانەی کە ئەوان بە دژی رۆدەچنەوە نیشانەی کورت بینانەگەلێکە کە بەهۆی دارمانە مەزنەکان پێکدێ. هەر بۆیە کە راپەڕین بە سانایی تێکهەڵکێشی شۆڕش دەبێ و بزووتنەوە جەماوەرییەکان بۆ گۆڕینی کۆی پێکهاتەی کۆمەڵایەتی بە شێوەی گشتی کۆمەڵگا و خۆیان دێنە گۆڕەپانی بەربەرەکانێوە و ئەو کاتەی شەڕ دوایی دێ کە کۆمەڵگا و هاوکات لەگەڵ ئەوان جووتیارانیش گۆڕانکاری لە رەوشیان چێ دەبێ.

لە قسەکانی وەڵف دەردەکەوێ کە لەم کارەدا، ئەویش دونیایەك لە هیوای تێدا دەبینێ و هەم دونیایەك لە کارەسات، لە روانگەی ئەوەوە جووتیارانی شەش وڵاتی جێی سەرنجی، واتە مەکزیك، رووسیا، چین، ڤێتنام، ئەلجەزایر و کووبا هەموویان پێشڕەوانی رۆژگارێکی خۆش بوون کە بە یەکیەتیی پیرۆز[1]، حاشا لەوانە دەکرێ کە دەیانهەوێ بە رێکخراو و تەکنۆلۆژیای پێشکەوتووی خۆیان و هێزی خۆیان هەر وەك رنوویەك بەسەریاندا بڕمێنن و هیواکانیان بنێژن هەتا لەم رۆژگارە بێبەشیان بکەن، کە مەبەست هەمان ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکایە. بەڵام جۆش و خرۆشی وەلف هەر وەك پێشبینییەکەی چگوارا[2] (١٩٦٧، لاپەڕەی ٢) کە دەیگوت: "ناوچە گوندنشینە پاشکەوتووەکانی ئەمریکا گۆڕەپانێکی سەرەکییە بۆ خەباتی چەکدارانە". بە پێچەوانەی راپەڕین، لەسەر شۆڕش دەبێ بڵێین کە جووتیاران هیچکات نە لە رابردوودا هێزێکی شۆڕشگێڕ بوون و نە هەنووکە شۆڕشگێڕن. لە شۆڕشی مەکزیکی جووتیاران تەنیا رۆڵی هێزی "پیادەنیزامیان" هەبوو نە رێبەرایەتی و دوای ١٩٤٠یش خەڵکانی دیکە لە جێگای ئەوان دەخەوتن و لەمەڕ ئەو نموونانەی کە وەڵف بانگەشەی بۆ دەکرد یەکدەگرێتەوە.

زێدەباری ئەوەش، ئەم حکوومەتە خۆجێییەکانن کە چاودێری بەسەر چارەنووسی ئەم جووتیارانە دەدا دەکەن و نە ویلایەتە یەکگرتووەکانی مەیلی بەدواداچوونی ئەو دەستە لە حکوومەتە شارنشینەکان[3] کە بە خستنەژێر رکێفی گوندەکان لە کردەوەدا،

(1) Holy Alliance
(2) Ernesto Che Guerara
(3) Govemments of Town - Dwellers



سیاسەتێك دەگرنە پێش کە دەتوانین ناوی چەوساندنەوەی نێوخۆیی لێبنێین، کارێك کە بە شێوەیەکی بەرچاو لەگەڵ ئەم ئیدەیە یەکدەگرێتەوە کە لە داهاتوودا چارەنووسی نەتەوەکان بەدەست بگرێت.

مارکس هەر وەك رووناکبیرانی دیکەی شارنشین بە هەڵە بەم دەرئەنجامە گەیشتبوو کە گوندییەکان خەڵکانێکی بەگشتی ساویلکەن "ساویلکەیی ژیانی گوندییەکان[1] مارکس و ئەنگلس ١٩٦٢، جی یەك، لاپەڕەی (٣٨). ئەم هزرە کە جووتیاران وەك هێزێکی شیاوی شۆڕشگێڕ لێهاتووییان نییە، رێگای بۆ پۆلێنێکی نوێی کرێکار دەکاتەوە هەتاکو بن بە پێشەنگیان، بەڵام ئەم روانینە کە کرێکارانی شارن کە بناغەی شۆڕشی پرولتاری داهاتوو پێکدەهێنن پاتر لە لۆژیکی دیالکتیك سەرچاوە دەگرێ هەتا لەسەر بنەمای هەڵسەنگاندنی ئاوەزمەندانەی توانای نیزامی ئەوان. لە راستیدا بە گشتگیربوونی سەردەمی پیشەیی و گەورەبوونی قەوارەی کارخانەکان، هاوئاهەنگی نێوان کرێکاران دژوارتر بووە نە ئاسانتر. ئامانجی سەرەکی کرێکاران هەر وەك ئارمانجی جووتیارانی پێش لە خۆیان، باشتربوونی بەشی ئەوان لە هێزی کار بوو. بەڵام بە پێچەوانەی جووتیاران کە بەربەرەکانێ لەگەڵ دەسەڵاتدارانی دەرەبەگی خۆیان، لانیکەم بە مەترسییەکی لەناکاو بۆ سەر حکوومەتی خۆجێیی و کاروباری ئاوایی بە ئەژمار دەهاتن، کرێکاران لە ناوەندی دەسەڵات وەدەر نراون و بەبێ جێهێشتنی شوێنی کار دەستڕاگەیشتن بە ئەم ناوەندانە مومکین نەبوو. زێدەباری ئەوەش، هەر بەو جۆرەی کە حکوومەتەکان خێرا لێی تێگەیشتوون، کۆبوونی کرێکارانی لە کارخانەکان، یان ژێرخانە جیاوازەکانی، کرێکارانی بەتەواویی لە بەرانبەر حکوومەتەکاندا لاواز دەکرد، چونکە ئابلۆقەدانیان و لەکاتی پێویستیشدا ناچار کردنیان بۆ ملڕاکێشان لە رێگای برسییەتییەوە جێبەجێ دەبێ. بەکارهێنانی وەها رێگایەك لە لایەن ژنراڵ بارینتۆس[2] لە بۆلیویی ساڵی ١٩٦٥ی ز لەمەڕ کانگای چییان قەلع، بە وتەی ژریس دەبڕی[3]

(1) The Idiocy of eural Lif (marx and Engels 1962.1, P.38)
(2) Rene Ortuno Barrientos
(3) Regis Debray

(١٩٦٥) هەر وەك ژەهرێكی بەهێز بۆ سەر گشت ئەو دەرفەتانە لە راستای شۆڕشێكی سوسیالیستیدا بوو، بەڵام بەریانی لە رادەبەدەری "وافردبره" بـۆ چـگوارا بـووە هـۆی ئەوەی كە ئەوەی خۆی دیگوتەوە لەبیربێ بچێ، ناوبراو بۆ پەیوەست بوون بە چگوارا بۆ بۆلیوی سەفەری كرد و لەوێ قۆڵبەست و دادگایی و دواتر ئاخێندرایە بەندیخانەوە.

رەوشی كرێكارانی پیشەیی لە كۆمەڵگا پێشكەوتووە پیشەییەكان، فاكتەرێكی زۆر ناخاتە روو لەمەڕ راستی ئەم گریمانەیە كە ئەوان لە شۆڕشەكانی داهاتوودا كۆمەڵێك هێزی گەورە پێكدەهێنن. كەم لەوانە دەتوانێ ببێتە هۆی ئاڵۆزییەكی وەها بەربڵاو كە لە بەراوەرد لەگەڵ رێژەی كەمیان چەندین بەرابەر گەورەترن، رۆڵێك كە بایەخی لە شۆڕشدا بۆ یەكەم جار سەرنجی ترۆتسكی[1] راكێشا.

خەباتی وشیارانەی حكومەتەكان بە مەبەستی بێبەش كردنی كرێكاران و ئەو تكنیسیەنانەی كە لە بەشی خزمەتگوزارییە گشتییەكان كار دەكەن و لە رێگای دابەشی ئەو پێشەسازییانەی كە ئەم گرووپە دەتوانن بە تەواو هێزەوە چاودێری بەسەریاندا بكەن بووەتە هۆی ئەوە تاكو ئەوان نەقشی چلمێرانەی خۆیان لەدەست بدەن. بەستراوەیی حكوومەت بە خزمەتگوزاری گشتی بە مەبەستی رێخستنی كۆمەڵگا پێشكەوتووە پیشەییەكان بۆ شەڕ، زۆر كەمتر لەوەیە كە چین و توێژەكانی كۆمەڵگا وێنای دەكەن (لاریە، ١٩٧٠)[2].

خوێندكارانیش ئەو جۆرەی كە بارودۆخەكە رەخساندوویەتی هێزی سێهەمن كە خۆیان بە كەرەستەیەكی شۆڕش لە قەڵەم دەدەن. خوێندكاران وەك توخمی لایەنگری بژاردەكانی دەسەڵاتدار، لە هەر وڵاتێك لە دەرفەتە نائاساییەكان لەپێناوی بەشداری لە چالاكییە سیاسییەكان بەهرەمەندن و نائارامییەكانی ١٩٨٩ی پكەن نوێترین نموونە لەو شێوازانەیە كە خوێندكاران تێدا زۆر بەرچاوتر لە گەورەكان لە پەرەدان بە نارەزایەتییە گشتییەكان لە دەسەڵاتی بەرێوەبەریدا دەوریان گێراوە. ئەو شتەی كە

(1) Leon Trotsky
(2) Laurie



خوێندكاران لێی بێبەرین، هەمان ئەزموون و پۆختەیی پێویستە، كە بە داخەوە كورتەمێژووی بزووتنەوە خوێندكارییەكان لە كەوشەنی سیاسەتدا دەرخەری دەركەوتنی بەرچاو و نەمانی لەناكاویانە.

رەنگە بزووتنەوە كۆمەڵایەتییەكان بە هۆكاری جۆراوجۆرەوە پێكبێن كە هەڵگیرساندنی شۆڕش نموونەیەكی كەم وێنەیە لەم پێوەندییەدا لەبەر ئەوەیكە بەدەستهێنانی دەسەڵات بەدوای گۆڕانە بنەڕەتییەكان لە كۆمەڵگادا كارێكە كە زۆر بە هەند وەرناگرن. لە پۆلێن بەندی ئابرلە[1] لە بزووتنەوە كۆمەڵایەتییەكانی (گیدنز ١٩٨٩، لاپەڕەی ٣٢٥) تەنیا دەتوانین چاوەڕێی ئەوە بین كە شۆڕش لە راستای گۆڕانكارییەكی بنەڕەتی پۆزەتیڤدا بێ، واتە ئەو تەڤگەرانەی بەدوای ئاڵ و گۆڕی بنچینەیی لە ستراكتۆری كۆمەڵگادان.

بەهەرحاڵ، شاهیدی ئەم بانگەشەیە كە وەها بزووتنەوەگەلێك بە دەگمەن بە ئارمانجەكانی خۆیان دەگەن، هەروەها شۆڕشە كۆمەڵایەتییەكان پتر بەهۆی یەكگرتوویی لایەنە ریفۆرمخوازەكانی لەگەڵ بزووتنەوەیەك سەرچاوە دەگرن. وەها بەرەگەلێك ناوەرۆكی دوو بابەتی دیكەی ئابرلە بە یەكەوە گرێدەدەن، یەكەم: بزووتنەوە چاكسازیخوازەكان كە بەدوای گۆڕانێكی دیاریكراو لە نەزمی هەبووەوەن (بۆ وێنە بزووتنەوەكانی ریفۆرمی یاسای بنەڕەتی) و دووهەم: بزووتنەوە رزگاری دەرەكان كە لە هەوڵی ئەوەدان هەتاكو ئەوانەی بە گەندەڵییەوە تێوەگلاون رزگاریان بكەن. ئەركی پێوەندیدانی وەها بەرەگەلێك و كردنی ئەوانە بە بزووتنەوەیەكی سیاسی كاریگەر پێویستی بە پێكهاتەیەكی بنیاتینە كە ئەوەش لە جێی خۆیدا بەستراوەتەوە بە ناوەرۆكی بنیاتی كۆمەڵگا و ناوەرۆكی حكوومەت.

**فاكتەرە بنیاتییەكان**

شۆڕش تەنیا پرۆسەیەكی كۆمەڵایەتی نییە، بەڵكو كردەیەكە یان "كۆمەڵێك كردەوە"ی سیاسییە كە گرێدراوە بە بەدەستهێنانی دەسەڵات و پتەوكردنی و كەڵك

(1) David Aberle

وەرگرتنی لە داهاتوودایە. بەم پێیە، هەبوونی تێگەیشتنێك لە ناوەرۆكی حكوومەت و كۆبوونی بەو جۆرەی كە بۆ لای ئارمانجە سیاسییەكان ڕێكخراون، بابەتی سەرەكییە لە ڕاڤەی شۆڕش. لەو كاتەوە كە فرانتس بۆركێنا[1] ئاماژەی بەم ڕاستییە كرد كە گۆڕانكاری لە حكوومەتیش بە هەمان ڕادە بە بەشێك لە شۆڕش دێتە خەملاندن، ئەم بابەتە چەندین جار لە لایەن نووسەرانی جۆربەجۆرەوە دووپاتكراوە كە هەمدیسان هەر لە بیر براوەتەوە. پییەر بێرن بام[2] جیاوازییەك كە دادەنێ لەنێوان حكوومەتی "بەهێز" كە هەر جۆرە تەنگەژەیەك تێدەپەڕێنێ و حكوومەتی "لاواز" كە وا بەرچاو دەكەوێ تاكو هەنووكە دەسپێكی هەر شۆڕشێكی كۆمەڵایەتی مەزن (نەك هەموویان) بووە. بۆ وێنە لەمەڕ بەرازیل، بەدەستەوەگرتنی دەسەڵات لە لایەن سوپاوە بووە هۆی پتەوبوونی حكوومەت لە ساڵی ١٩٦٤ ز، حكوومەتێك كە توانی بۆ ماوەی بیست ساڵ دەوام بێنێ — حكوومەت بە هەر جۆرێك تێكەڵێكە لە كۆمەڵێكی ئاڵۆز پێكهاتووە لە ستراكتۆرگەلێكی بە یەك تەنراو كە گوشاری بنیاتی دەسەپێنێ بەسەر هەڵسوكەوتە كۆمەڵایەتییەكان، كە گرینگی ڕۆڵی دامەزراوەكان لە تێگەیشتن لە شۆڕش لێرەدایە.

حكوومەت بە هەموو لایەنێكییەوە گرینگترین دامەزراوە و یەك ئامانجی داواكارییە سیاسییەكان، لە ناوەندی پرۆسەی سیاسیدا جێی گرتووە. مانەوەی ڕۆژانەی بەستراوەتەوە بە توانایی گۆڕینی ئەم داواكارییانە بە ئارمانجگەلێكی جێی ڕەزامەندی و كەڵك وەرگرتن لە سەرچاوەگەلێكە كە لە پشتگیری ئەوان بە مەبەستی پتركردنی سەرچاوەكانیان و پشتگیری هەرچی زیاتر بەهرەمەند دەبێ. كۆجێیی حكوومەت لە هەر سیستمێكدا ئەم دڵنیاییەی لێدەكەوێتەوە كە گەر نموونەیەك هەبێ، دەبێ بە ڕوونی ئاشكرا بكرێ و بە وردی تاوتوێ بكرێ. دەبێ ئەو بەشە لە هاوكێشەی شۆڕش ببێت كە بە جوانی لێی تێبگەین. بە هەر حاڵ گوشارە بنیاتییەكانی پەیوەست بە شۆڕشگێڕی، لە پراكتیكدا بە سێ هۆ حكوومەتەكان لێی تێناگەن چ بگات بە نەیارە سیاسییەكان.

(1) Franz Borkeau
(2) Pieerre Birnboum



حكوومەت كۆیەكی ئاڵۆسكاوە[1] كە جگە لە پێگەی كۆمەڵایەتی ئەندامانی خۆی و ئەو گرووپە كۆمەڵایەتییانەی كە پشتیوانییان لێدەكەن، لایەنگری بنیاتی تایبەت بە خۆیانیان هەیە. ئەم خاڵە لایەنی پۆزەتیڤی هەیە و ئەویش ئەوەیە لە حكوومەتێكی پەرەگرتوو و مۆدێرن، دەسەڵاتداری تاكێك لەمەوبەدوا ئیتر لە پراكتیكدا نایەتە گۆڕێ. هەنووكە لایەنی نیگەتیڤی ئەوەیە، هەر بەو جۆرەی كە ئالیسۆن[2] (١٩٧١ دەیگوت، ئەمە ڕاستییەكی كە نوێگەی "كاراكتەرە ڕاسیزمە"[3] كلاسیكەكان لە بڕیاردانەكان، ڕوونكردنەوەیەكی جێی ڕەزامەندی لەسەر ئەوەیكە لە ناوەندە حكوومییەكان چی ڕوو دەدا، ناخاتە ڕوو، لەم ڕووەوە گەر بكرێ كاركردنی حكوومەت بە ئاوەزمەن لە قەڵەم بدەین (كە ئەمەش خۆی لە خۆیدا بابەتێكە كە جێی مشتومڕە) تەنیا لە مانایەكی زۆر تایبەتیدا ڕەنگە گونجاو بێ، چونكە ئەم كاركردە بەرهەمی بڕیاردانی ئاوەزمەندانەی تاكەكەسە، بەجێی ئەوەیكە ئاوەزمەندی بە كۆمەڵ تێدا بچەسپێ، بە پێویست زانراوە. تیئۆری بڕیاردانی نوێ[4] ژمارەیەكی بەجێی نوێنگەی ڕێكخراوەیی و نوێنگەی سیاسەتمەداری حكوومی (بۆروكراتیك) دەستەبەندی كردووە بەڵام لە هەر یەك لەم دەستەبەندییانە، كاریگەری بەرانبەر و ئاڵۆزی هێزەكان، چ لە نێو خەڵكدا و چ لەنێو بەشەكاندا، نابێتە گەرانتییەك بۆ ئێمە كە بتوانین بە ئارخەیانییەكی تەواوەوە ئاكامی هەر بڕیاردانێكی تاكەكەس یان كۆمەڵێك لەم شێوەیە شیمانەی بڕیاراتەكان بكەین.

لەوەیكە حكوومەتەكان لە یەكگرتوویەكی بنیاتی[5] بەهرەمەندن، بابەتی سەرەوە لە زۆرشوێندا شاراوە دەمێنێتەوە. خەڵكانێك كە حكوومەت پێكدەهێنن، لە بەراورد لەگەڵ خەڵكانێك كە لە دەرەوەی بازنەی خۆیاندان لە كۆمەڵێك خاڵی هاوبەش

(1) Complex
(2) Graham T. Allison
(3) Rational Actors
(4) Modern Decision – Making Theory
(5) Institutional Solidarity

بەهرەمەندن، تەنانەت پتر لەو کەسانەی کە لەگەڵ ئەوان گەورە بوون و یان پێگەیەکی پۆلینی هاوشێوەی یەکیان هەیە.

ئەم بابەتە لە پاشکەوتووترین شێوەی خۆ دەبێتە هۆی بەلارێدابردنی دەروونناسانە، کە جانیس[1] (١٩٧٢) وەك هزری بەکۆمەڵ"[2] پێناسەی دەکا واتە بەریانی بۆ لای هەیئەتی بەکۆمەڵ کە بە دادوەری نابەجێ، یان تەنانەت بڕیاراتی خەسارهێنەر جەخت لەسەر هەڵوێستی خۆیان دەکەن، چونکە هەر کام لە ئەندامانی گرووپ بەهۆی هەستی هاوبەندی گرووپی خۆیان، نارەزایەتییەکانی خۆیان بە شێوەی پێشنیاری پیشان نادەن. تێڕوانینی لەو بابەتە هەر بەو جۆرەی کە لە رابردوودا شیاوی جێبەجێکردن بوون هەنووکەش هەر لە ئارادان. لەم رووەوە روانینی نەریتی بە شۆڕش کە لە سەردەمی حکوومەتە پاشاییەکان بەجێ ماوە، ئێستاش زۆر نەگونجاو نییە بەڵام پێویستی بە چاکسازی هەیە.

حکوومەت زنجیرە سانترالێکە[3] و حکوومەتەکان لەسەرەوەی پێکهاتەی ئیداری تێکەڵاو هەڵکوتوون و بۆ کردەیی کردنی بڕیاراتیان پشت بەستوو بە فەرمانبەرە حکوومییەکان و بەڕێوەبەری "صف"[4] و هەروەها پاراستنی پێوەندییەکانی خۆیان لەگەڵ ناوچەکانن. کارناسانی سیاسەتی حکوومی[5]ش لە ئەزموونەکانی هەڵقوڵاو لە بڕیاراتی ئەم دوایییانە فێر بوون کە ئەم بڕیاراتە هەڵە بووە یان بە تەواویی نەیانتوانیوە گۆڕینی مەزنی بەدواداچوونی بڕیارات و گەیاندنی ئەوانە بگەیەنە قۆناخی جێبەجێ کردنەوە کە توندئاژۆترین شێوەی دیاردەی وەیزانی "گوێڕایەڵ"[6] و ئەو بەدەنە

(1) Irving L. Janis
(2) Group Think
(3) Hierarchical
(٤) Line Management لە بەرانبەر بەڕێوەبەریدا ناوەندێکە کە ئاماژە بە جێبەجێ کردنی بڕیارات لە خوارەوە بۆ سەرەوە لەناو رێکخراوەکاندا دەکا.
(5) Public Policy
(6) Yes, Minister



ئیدارییەی کە رەنگە بەهۆی تایبەتی خۆی فاتیحەی گشت بڕیاراتی حکوومی بخوێنێ، جۆرێك کە بۆ وێنە ئەو حکوومەتانەی کە بەدوای رێککەوتن لەگەڵ گرووپە شۆڕشگێڕەکانن، تێگەیشتوون کە لە باشترین کاتدا، گوێ بۆ فەرمانەکانیان راناگرین و خراپترین شێوەی، بەدەستی هێزە چەکدارەکانی خۆیان تێکهەڵپێچراون. بەم پێیە لە هەڵسەنگاندنی دژکردەوەی کۆمەڵایەتی حکوومەت، توێژەر دەبێ پرسیارگەلێکی ورد بهێنێتە گۆڕێ کە حکوومەت زۆر حەزی لە وەڵامدانەوەی نەبێ. بۆ وێنە: گەر بڕیارات جێبەجێ دەکرێن. چ مکانیزمێك بۆ گەرانتی کردنی جێبەجێ کردنی ئەم بڕیاراتانە لە بەردەستدا هەیە؟ گەر دەسەڵاتی ئەوانە بکەوێتە مەترسییەوە، ئایا رێکاری توندوتیژی لە وەها دۆخێکدا دەگیردرێتە بەر؟ بە شێوەی لۆژیکی چاوەڕێ لەو کەسانە دەکرێ کە لە کاتی گۆڕانی حکوومەت یان کۆمەڵگادا دەست بۆ چەك ببەن و لە هێز کەڵك وەرگرن و کەسانێکیش هەن کە بۆ ئەم مەبەستە راهێنرابن و لە ئاکامدا هیچ فاکتەرێك ناتوانێ کە پێش بە کەڵك وەرگرتنی هێز لە لایەن ئەوانەوە بگرێ و لەم نێوەدا هێزە چەکدارەکان تەنیا گرووپێکن کە سەروگەردنێك لەوانی دیکە بەرزترن. توانای هێزە چەکدارەکان لەم کاتەدا، لە راستیدا ئەوەندەیە کە بە گۆتەی فاینەر[1] (١٩٧٦) ئەوەیکە پێویستی بە روونکردنەوەیە، ئەوە نییە کە وڵات کەوتووەتە دەست هێزە چەکدارەکان و ئەم هێزانە چاودێری بەسەریاندا دەکەن، بەڵکو هێندە لایەنی دەبێ روونبکرێتەوە کە هێزە چەکدارەکان کۆنترۆڵی بارودۆخەکە بەدەستەوە ناگرن. رێژەکان نیشانی داوە کە لە ماوەیەکی زۆریدا، تا رادەیەکی بەرچاو باوترین شێوەی دەستێوەردانی هێزە چەکدارەکان لە سیاسەتی کودەتای سەربازیدا بووە.

بەڵام کۆمەڵێك لەو وڵاتانەی کە بە وەها رێگایەك بە دەسەڵات دەگەن، ماوەیەك دەوام دەکەن و دواتر زۆربەیان هەر بەو شێوەیەی کە رۆژێك پێی بە دەسەڵات گەیشتوون هەر بەو شێوەیش لە دەسەڵات دەکەون. لەم رووەوە فاینەر لە نێوان

(1) Samuel Finer

دەرفەت[1] بۆ دەستێوەردان و بەریان[2] بۆ دەستێوەردان جیاوازییەك دادەنێ. هێزە چەكدارەكان لە زۆربەی رووداوەكان دەرفەتی دەستێوەردانیان هەیە، بەڵام لە هەر هەلومەرجێكی دیاریكراودا تەنیا كۆمەڵێك مەیلیان بۆ وەها كارێك هەیە.

بابەتی سەرەوە لە هەر دوو شێوە دا كارایی هەیە. هەر بەو جۆرەی كە پێشتر ئاماژەی پێكرا، كاترین چۆرلی (١٩٤٣) یەكەمین چاودێر و بێلایەنێك بوو كە جەختی لەسەر دەوری هێزە چەكدارەكان لە شۆڕشدا دەكرد و رێگای بۆ توێژینەوەی چڕوپڕ لەسەر رۆڵی سوپا لە سیاسەتدا كە لە شەڕی نێونەتەوەیی دووهەم بەملاوە دەركەوتووە، خۆشكردووە (بەتایبەتی سەردانی بەرهەمەكانی ئادریۆل[3] و هۆپێر[4] ١٩٨٤و ئۆكان[5] ١٩٨٧ بكەن). ناوبراو رەخنەی چ لە شۆڕشەكانی رابردوو دەگرێ كە كەمتەرخەم بوون دەرهەق بە لەبەرچاو نەگرتنی ئەم فاكتەرانە.

"رێبەرانی پراكتیك گەری شۆڕش، هەڵبەت جیا لە رووسەكان، لەگەڵ كێشەكانی خۆیان بە جیددی بەرەوڕوو نەبوونەتەوە بێ ئەوەیكە بگەڕێنەوە و كەڵك لە ئەزموون و تیئۆرییەكانی پێشوو بگرن. بەتایبەتی، هەر كات جار نا جارێك لە بیرمەندە سوسیالیستەكان یان سیاسەتمەدارە هەڵكەوتووەكان تێپەڕین كە زۆربەیان لە راستەكانن و كارەكەیان وا دەخوازێ ناچارن لە كردەدا بەرنگاری شۆڕش ببنەوە، ئەوانی تر زۆر گرینگی بە راڤەی مێژوویی راپەڕینی چەكدارانە و پێوەندی ئەم راپەڕینە لەگەڵ ناوەرۆك و توانایی هێزی بەرگری فەرمانڕەوا و بارودۆخی هەبوو نەكردووە كە لامەبەست راپەڕینی رووخێنەرانە بووە"(چۆرلی ١٩٤٣، لاپەڕەی ١).

بەم پێیە، سەرەتا چۆرلی بوو كە بنەمایەكی هێنایە ئاراوە كە لەگەڵ بوونی جۆرێك تێبینی، لەنێوبژیوانی رۆژگار وەها سەربەرز هاتووەتە دەرێ كە بكرێ لەوە وەكو

---

(1) Opportunity
(2) Disposition
(3) Andriole
(4) Hopper
(5) Okane



هۆشدارییەكی بەهێ بدرێ بەو كەسانەی كە نوقمی هەڵایساندنی شۆڕشن: "حكوومەتەكان لە رەوشی هەنووكە كە زاڵن بەسەر هەموو هێزە چەكدارەكانی خۆیان لە دۆخێكدا ئەژین كە بتوانن كەڵك لە هەموو تواناكانی ئەم هێزانە بگرن.، لە توانایەكی یەكلاكەرەوە بەهرەمەندن كە هیچ هێزێكی سەربزێو ناتوانێ هیوایەكی بۆ سەركەوتن بەسەر ئەواندا هەبێ".

بەم پێیە تەنیا دەكرێ چاوەڕوانی ئەوە بین كە لە قۆناغەكانی دواییینی شەڕێكی ناسەركەوتوو، راپەڕینێك روو بدا. جگە لەمە گەورەترین هەڕەشە بۆ چاودێری حكوومت بەسەر هێزە چەكدارەكانی لە كاتێكدا دێتە ئاراوە كە لە نێوان ئەم هێزانە و خەڵكانی سڤیل برایەتی دروستبێ، كەچی ئەم هێزانە بەگشتی بۆ ترس و تۆقاندنی خەڵك پەروەردە و راهێنراون.

وەها بڕیاراتێك بەتایبەتی لە فەڕەنسا لە سەردەمی كۆمۆن جێی تێڕامانە و حكوومەتی كاتی فەڕەنسا بە سەرۆكایەتی تییەر[1]، دیرۆكناس بیری لە رێكارێك بۆلا ئەو مەبەستە كردەوە كە بەم جۆرە بوو، گەڕاندنەوەی هێزی سەربازی بۆ سەربازگەكان و گۆشەگیر كردنیان بەو مەبەستە كە پێش لە گەڕانەوەیان بۆ گۆڕەپانی شەڕ، مێشكیان بە تەواوەتی بشۆنەوە، مەبەست لەبەریەك هەڵوەشاندنەوەی پێوەندی برایەتی دامەزراوە. حكوومەتی چین لە ساڵی ١٩٨٩ راست هەر كەڵكی لەم شێوەیە گرت ـو دوای ئەوەیكە زانییان لە نێوان ئەو یەكینانەی كە بۆ داگیركردنی پێكەن دیاریكراون، برایەتی دروستبووە، ئەوانیان گەڕاندەوە و هێزی تایبەتییان كە لە شوێنە جیاجیاكانی دیكەی وڵات هاتبوون رەوانەی پێكەنیان كرد. ئەو لەشكرانەی كە بۆ ماوەی دوو حەوتوو پێش لە ئۆپەراسیۆن لە راگەیەنە خەبەرییەكان دوور كرابوونەوە و هەر یەكینەیەك بە زمانی خۆجێیی خۆیان كە بۆ ئەوانی دیكە بە تەواویی نامۆ بوو، دەئاخاوتن و تەنیا بە ئەمگناسی میللی پێوەندییان لەگەڵ یەكتریدا هەبوو.

---

(١) Louis Adolphe Thiers (١٨٧٧ ـ ١٧٩٧). مێژووزان و سیاسەتمەداری فەڕەنسەویی كە یەكەم سەرۆك كۆماری وڵاتێك بوو كە بەدوای رووخانی ناپلیئۆنی سێهەمدا پێكهاتبوو.

له سەردەمی نوێدا، جلی سەربازی و کەرەستەکانی دژە شۆڕش لە بەهێزکردنی گۆشەگیری باویی هێزە سەربازییەکان لە کۆمەڵە سڤیلەکان بە باشترین شێوە کاریگەر بووە و ئەوەش سەرکەوتوو بووە لە نامۆ کردنی ئەوان لە خەڵکی ئاسایی و رادەیەکی دیاریکراویان بۆ پشتیوانی لەم هێزانە دابینکردووە کە بۆ بەجێ گەیاندنی رۆڵی تەناهی نێوخۆیی بانگهێشت دەکرێن.

بەم پێیە گرینگی تایبەتی هێزە چەکدارەکان لە شۆڕشدا بەهۆی ئاخێزگەی کۆمەڵایەتییانەوە نەبووە. بەڵکو بەهۆی ئەوەیە کە هێزی بناغەدانەرن. دامەزراوەی نیزامی بۆ سەقامگیری بنچینەیی پلانی بۆ دارێژراوە و ناوەرۆکی ئەندامگیری، وەرگرتنیان و پەروەردەی ئەفسەران بە وردی دەردەکەوێ کە ئەوانە گرووپێکی دەستچین کراون کە لە پێکهاتەی ئاسایی پۆلینەکانی کۆمەڵگا لێك جیا کراوەتەوە و شیاوی بەراوەردکردنە لەگەڵ کاست[1]، واتە پۆلینێك جیا لەوانی دیکەن. لەم رووەوە دەتوانن وەك خەڵکێکی سەربەخۆ لە ئاخێزگەی کۆمەڵایەتی خۆیان دەرکەون و لە راستیدا هەر واش دەکەن.

بەردەوام گریمانییەکی نەریتی چ لە نێوان چەپەکان و چ لە نێو راستەکان بووە کە هێزە چەکدارەکانی پۆلینی دەسەڵاتدار کاتێك حکوومەت دەکا، سەرقاڵی چین (دێربۆرن[2] ١٩٨٠)، ئەڵێت، دەبێ سەرنج بدەینە ئەوە کە ئەو تاوتوێیانەی کە لەمەڕ هێزە چەکدارەکانەوە هاتووەتە ئاراوە پێشاندەری ئەوەیە کە وەها گریمانەیەکی روون لە گۆڕێدا نییە کە بتوانرێ پشتی پێوە ببەستین. لە راستیدا ناوەرۆکی پێوەندی نێوان ئەفسەران و خەڵکلی سڤیل بەو جۆرەیەکە لە هێندێك کاتدا ئەوە خەڵکی ئاسایی بوون کە هێزە چەکدارەکانیان بە پیلانگێڕانی سیاسی خۆیان لە قەڵەم دەدان، ئەوەش رەنگە لە توندئاژۆترین شێوەی خۆی ـ بۆ وێنە لەمەڕ بەرازیل، پرۆسەی وەها پێوەندییەك

(١) Caste پۆلینێکی کۆمەڵایەتییە لە کۆمەڵگا کە بەهۆی پێگەی کۆمەڵایەتی، یان پیشەیان، یان بە شێوەی مۆروسی لە پۆلێنەکانی دیکەی کۆمەڵگا جیاوازن.

(2) Therborn



وەها پتەو و مەحکەم بنەجێ کرابێ کە سیاسەتمەدارێکی بەرزەفڕ بەو رادەیە لە پشتیوانی نیزامی بەهرەمەند بێ کە بۆ وێنە پشتگیری ئەوانەی کە پشتیوانی ماددی لێدەکەن و یان پشتیوانی بەڕێوەبەرانی حیزبەکەی ـ ئەمانە هەمووی بەشێك لە پێکهاتەی بنەجێی سیاسەتی بەرازیل پێکدەهێنن. ئێستا لە وەها پێکهاتەیەك روانینە نەریتییەکان لەسەر دەستێوەردانی هێزە چەکدارەکان لە سیاسەت و حکوومەتی نیزامیدا، روانینێکن کە بە ئاشکرا پێویستیان بە چاوپێداخشاندنەوە هەیە.

زێدەباری ئەوەیش، دەوری هێزی چەکدار لە شۆڕش بەدەستەوەگرتنی جڵەوی دەسەڵات، یان بە کەڵك وەرگرتن لە چاودێری کۆمەڵایەتی لە راستای پتەوکردنی دەسەڵات، دابینکردنی تەناهی حکوومەتی شۆڕشگێڕ دواییی نایەت. بەپێی وتەی ئادێل مەن[1] (١٩٨٥)، یەکێك لە سیماکانی جیاکەرەوەی شۆڕشە کۆمەڵایەتییە مەزنەکان ئەم راستییە بووە کە توانای حکوومەت لە دابینکردنی تێچووی شەڕێکی پڕتێچوو دەباتە سەرێ. هەر ئەم دیاردەیەمان لە ماوەیەکی نە زۆر دوور لە ئێراندا بینیوە کە کەڵکی لە کۆکردنەوەی جەماوەر گرت و بە شێوەکاری "شەپۆلە مرۆییەکان" پێشی بە هێرشی عیراقییەکان دەگرت و لە کۆتاییدا ئاکامێکی سەرکەوتوانەی لێکەوتەوە. هەروەها دەوڵەتی شۆڕشگێڕی نیکاراگوا ئەو توانایەی هەبووە لە بەرانبەر گوشارەکان هەتا رادەیەك خۆڕاگری بکا کە ئەگەر بارودۆخی پێش لە ساڵی ١٩٧٩ ببایەت، بە سەرنجدان بە تێبینییە گشتییەکان، خۆڕاگری بکا لە بەرانبەر ئەو گوشارانەدا نامومکین بوو. هەر بەو جۆرەی کە ئەسکۆك پۆڵ[2] (١٩٨٨) ئەڵێت، ئەم بناغەیە پێویستی بە جۆرێك دەستکاری هەیە. تێبینییە ژێئۆپلۆتیکەکان باس لەوە دەکەن کە توانای شۆڕشی مەکزیك لە کۆکردنەوەی کۆمەڵانی خەڵك لەپێناو بەشداریکردن لە شەڕێکی دەرەکیدا هیچکات تاقی نەکراوەتەوە (هەر چەند کە شۆڕش خۆی، یەکێك لە پڕتێچووترین "شەڕە نێوخۆییەکان" لە مێژوودا بووە)، ئەوە کە

(1) Adelman

(2) Theda Skocpol

حکوومەتەکان دوای ١٩٣٤ لە جێبەجێ کردنی ئارمانجە کۆمەڵایەتییەکانی خۆیان لەوەیکە لە بارودۆخێکی تردا دەرفەت هەبایە بەدەستبێنن، رەنگە سەرکەوتووتر بایەن، کە ئاکامەکەی شۆڕش بووە.

بۆ پۆلیسی جیابوونەوە لە رەوتە کۆمەڵایەتییەکان، کە بەپێی رۆڵی خۆیان دەبێ لەنێو خەڵکدا ژیان بکەن و لە ئاکامدا لەژێر گوشارە کۆمەڵایەتییەکان لە لایەن خەڵکەوە بن، دیاریکردنی کارەکە بەدەست خۆیان نییە. ئەم تەردکردنی لەئارادایە (هاوسەری پۆلیسێك شاهیدی بۆ ئەم کارە دەدا) بەڵام وەها تەردکردنێك پتر لایەنی کۆمەڵایەتی هەیە تاکو ژیانی نیزامی بەڕاستی جیا لە کۆمەڵگا بێ. بەم پێیە پۆلیس هەستی ئەمگناسی بنەجێی خۆی لە ناخ کۆمەڵگایەك دەپەروەرێنێ کە ئەوانە بە شێوەی سامانێکی سەقامگیر ببینێ و پارێزگاری لێکردنی بە ئەرکی خۆی دەزانێ. لێرەدا لێکچوونێکی زۆر لە نێوان پۆلیس و تاوانباران وەبەرچاو دەکەوێ ئەویش ئەوەیە کە گریمانە سەرەکییەکانیان هەردووك لەسەر سامانی سروشتی کۆمەڵگا لە یەك دەچێ. لە سەرەتاوە بشێوییەکان لە ئیرلەندی باکووری لەساڵی ١٩٦٩ شاهیدی پەرەدان بە پرسێکن کە هێندێك (هەڵبەت نەك سەدا سەد) ئەوەیان بە تاوانی شەرافەتمەندانە[1] لێکدەدەنەوە، بەڵام ئەوەیکە جێی سەرسوڕمانی چاودێرێکی بیانییە ناوەرۆکی زۆر ئاسایی و باوی کۆمەڵگا و ئەرکەکانیانە. ئەو شتەی کە درێژە بە وەها توندوتیژییەك بۆ ماوەیەکی وەها دوور و درێژ دەدا، لە راستیدا هەمان پارێزکاری توندرۆیانەی نێو کۆمەڵگایە.

هەرچی پۆلیس نیزامیتر دەبێ، لە هەڵسوکەوتی نیزامییانەش نزیکتر دەبێ و لە ئاکامدا باشتر دەتوانێ ببێ بە هێزێکی سەرکوتکەری کاریگەر. بە دانانی پۆلیس لە پێگە نیزامییەکان و چەکدارکردنیان و دانی کڵاوی تایبەتی و باتۆن و دانانیان لەنێو ئۆتۆمبیلە زێرهەڵگرەکان، هەمووی ئەوانە یارمەتی بە جیاکردنەوەیان دەدا و دەبێتە هۆی کەڵك وەرگرتنی کاریگەرانەتر بۆ رێکاری توندوتیژانە.

(1) Good Honest Crime



بە هەرحاڵ لە روانگەی هێزە نیزامییەکان، پۆلیس هەمیشە بە هاووڵاتی پلە دوو لە قەڵەم دەدرێ و پتر وەك هاووڵاتییەکی دەستکورت لەگەڵیاندا هەڵسوکەوت کراوە. لەم رووەوە حکوومەتەکان لەو کاتەی کە شیرازەی حکوومی لە حاڵی هەڵوەشاندنەوە دایە، زۆر پشت بە پۆلیس نابەستن. هەر بەو جۆرەیە کە حکوومەتەکانی "پسا انقلاب" دەسکەوتیان بەدەستهێناوە (هەڵبەت ئەگەر واژەی دەسکەوت واژەیەکی گونجاو بێ) کە رێخستنێکی ئەمنی کۆکراو و بەهێزی بۆ خۆی جێبەجێ کردبێ کە هەم لە بەرانبەر دژە شۆڕش بەرگری لەوان بکا و هەم هێزێکیش بێ بۆ پشتیوانی لە پلانە چاکسازییەکانیان.

لێرە گەرچی لەڕاستیدا شاهیدی درێژەی بەرچاوی هەمان خەڵکانی کاربەدەست لەنێو رێکخراوەکانی پێشوو و دوای شۆڕشین، بەڵام ستراکتۆری ئەم رێکخراوانە خۆی، بە وردییەکی زۆرەوە دارێژراوە و هێزی ئەوانە بە جارێك رەگی داکوتاوە کە دەرکەوتنیان تەنیا لە کاتێکدا ئیمکانی دەبوو کە گۆڕانێکی بەرین لە پێوانە کۆمەڵایەتییەکان بێتە گۆڕێ.

ئامانجی ئێمە لێرەدا گرینگیدان بە هەموو گرووپە بنەجییەکانی کۆمەڵگا و نیشاندانی پێوەندییە لە یەك جیاکانی ئەوانە لەگەڵ پێشهاتەکانی شۆڕش نییە. تا رادەیەکی زۆر قسەکان گوتراوە هەتا پیشانبدرێ کە شۆڕش بە تەواویی مەسەلەی کۆکردنەوەی گرووپەکانی بەرژەوەندیخوازی شاراوە لە کۆمەڵگادا نییە بەڵکو مەسەلەکە پێکهاتەی بنەجێییە کە کۆکردنەوەی وەها گرووپگەلێك لە دەوروبەریدا دەرفەتی خۆدەرخستنی دەبێ.

## "فاکتەرە تاکەکەسییەکان"

هەڵسوکەوت و کردەوەی تاکەکان بەتایبەتی کاتێك کە رۆڵی رێبەرییان وەئەستۆیە، بە رادەیەك لەچاوگ و پەرەدان بە دۆخی شۆڕشگێڕیدا بایەخی هەیە کە سنوورداربوونی تۆێژینەوە لەسەر هانە تاکییەکانی شۆڕشگێڕان بەڕاستی دڵساردکەرەوەیە. دەتوانرێ فاکتەرە تاکەکەسییەکان بەژێرکۆی هۆکارە کۆمەڵایەتییەکان و دەروون ناسی دابەشبکەین. بەشی هەرەزۆری ئەو نووسراوانەی کە

لەسەر شۆڕش نووسراون، بەردەوام لە هەوڵی ڕەنگدانەوەی ئەم گریمانە نەریتییە دایە کە ئەو شتەی ببێتە هەوێنی هانەی کەسێك، کە دواتر دەبی ببێتە هانەی کۆیەکیش .

روانگەی پتی (١٩٨٣) لە "گیران"[1] وەك شتێك کە پێش بە ڕەوشی شۆڕش ئەزموون دەکرێ، نموونەیەکی باشە. بەڵام تاوتوێی وردەکارییەکان لەمەڕ ڕێبەرە شۆڕشگێڕەکان پێشاندەدەن کە رابردووی ئەم تاکانە و ئەو شتەی کە پێی گەیشتوون، هەر وەك ئەوانی دیکە، شتێکی نائاسایی نەبووە، بەڵام ئەو شتەی لەسەر ژیانی ئەوان ناسروشتی بەرچاو دەکەوێ، تاقم و دەستەیەکن کە ئەوان پێی بەستراوە بوون، یان بارودۆخێکە کە ئەوان لە بڕگەیەکی قەیراناویی خۆیان دەگەڵی تێکهاڵاندووە.

**"راڤی ڕووداوەکان"**

بەدەستەوەگرتنی فەرمی دەسەڵات، هەر بەو جۆرەی کە تێگەیشتوون بەشێکی سەرەکییە لە شۆڕشێك. ئەوەیکە لە ڕاستیدا ڕوو دەدا ئەوەیە کە گرووپێکی دەسەڵاتدار بە کرداری توندوتیژانە و گرووپێکی دیکە دەستبەسەر کراون و ڕێگا بۆ گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکانی دواتر کردووەتەوە (کالوەرت ١٩٧٠ ب، بە ڕێبەر و کالوەرت ١٩٧٥و بەرییەر ١٩٨٢).

ئێستا چی بەسەر دەسەڵاتدارانی پێشوودا دێ ئاشکرایە. ئەوانە لە هەموو پوانگەلەکان، نیشانەکان و بۆنە فەرمییەکانی خۆیان بێبەش دەکرێن، لە بازنەی دەسەڵات وەلا دەنرێن، قۆڵبەست دەکرێن، دواتر دوور دەخرێنەوە و هێندێك کاتیش ئێعدام دەکرێن. ئەوەیکە لەوە بەدوا بتوانن ڕۆڵێك لە ڕووداوەکان بگێڕن یان نە، نەك هەر پێوەستە بە خۆیانەوە بەڵکو بەستراوەتەوە بە کردە و ویستی ئەوانی دیکەشەوە.

سیاسەتی هەڵوەشاوەی پێشوو بە شێوەی پەلەقاژە کردن، گەڕانەوەی سەرلەنوێی بۆ گۆڕەپان زۆر بە دژوار نازانێ. ڕەوشی ئەو کەسانەی دەسەڵاتیان بەدەستەوە گرتووە، لەڕووی ئاوەزەوە، بە چەند قات دژوارترە. تەنانەت گەربەدەستەوە گرتنی توندوتیژانەی دەسەڵات لە کۆمەڵگایەك بە شێوازێکی پەسندکراو بخەڵمێنن کە تاك لە دەسەڵات

(1) Cramp



رازی بێ، هەمدیسان لە کردەوەدا، داسەپاندنی هێزە، بابەتێکی دیکە دەبێ. یەکێك لە شۆڕشگێڕە نوێیەکان بە هەڵە دەیگوت دەسەڵات هاوڕێ لەگەڵ بەرپرسایەتی و پلە دێت، کە ئەو کەسە ئەبولحەسەنی بەنی سەدر بوو، کەسێك کە بە ئاواتی لەمێژینەی خۆی، واتە بەدەستهێنانی یەکەمین پۆستی سەرۆك کۆماری ئێران گەیشت.

ئەم وتەی مۆجز مائۆ کە ئەڵێت "هێزی ڕاستەقینە لە لوولەی چەکەوە سەرچاوە دەگرێ" گەرچی کلێشەیەکی لەبیر ناچێتەوە، بەڵام لە بنەڕەتدا هەڵەیە. هێز نیشانەی دەسەڵات نییە، هێز ڕەنگە وەك ئێستا دەوری کەڵکی لێ وەربگیردرێ، بەڵام سەپاندنی دەسەڵات، بەردەوام کارێکی ئیرادییە ئەویش بە جۆرێك ڕێگایەك دابینبکرێ هەتا بڕیاراتەکان بەڕێوە بچن و هەوڵی پێویستی بۆ بدرێ. پشتیوانی دەسەڵات لە شیکردنەوەی کۆتاییدا توندوتیژییە هەر بەو جۆرەی کە زێڕ پشتیوانی دراوە، بەڵام سەپاندنی ڕۆژ لە ڕۆژی بەستراوەتەوە بە ئەعتووباری. پشت بەستنی بەردەوام بە هێز نابێتە هۆی بەرزبوونەوەی ئاستی قورسایی هیچ وڵاتێك. هەمدیسان لەم سوێنگەیەوە کە تاوتوێی حکوومەتەکان بە شێوەی فۆرمالیتە دەبێتە هۆی ئەوە کە لە ناوەرۆکی سەرەکی بابەتەکە بچیتنە دەرەوە. ئۆپۆزیسیۆنێك کە تا ڕادەیەك بەهێز دەبێ، گەر بیهەوێ دەتوانێ حکوومەت پێکبێنێ، ئەو شتەی کە جێی پرسیارە ئەوەیە کە بۆچی کۆمەڵێك کەس لە وەها ڕەوشێکدا لە هەوڵی بەدەستهێنانی دەسەڵاتن و کۆمەڵێکی دیکە هەوڵ بۆ وەها کارێك نادەن.

ئاشکرایە کە دانی وەها بڕیارێك بۆ گرتنە دەستی دەسەڵات بەستراوەتەوە بەو ئامانجەی کە گرتوویەتە بەر. بە لەبەرچاو نەگرتنی ئەوە کە چی پێشدێ، حکوومەتێك کە دێتە سەر کار دەبێ دەسەڵاتی کاتی بوونی خۆی پتەو بکا. دەتوانرێ دەورانی سەقامگیری و پتەوکردنی حکوومەت دابەش بە دوو قۆناغ بکەین، ئەگەرچی کە قۆناخەکانی سەقامگیری بە شێوەی سروشتی زۆر لە یەك دەچێ، بەڵام سنووری نێوانی ئەم دوانە لەڕووی دەرفەتەوە یەك بەدوای یەك نابێ. یەکەمین قۆناخ، سەقامگیرکردنی حکوومەتە، واتە کۆمەڵێك کاری بە پەلە دەبێ جێبەجێ بکرێ هەتاکو لە بەرانبەر

هەر جۆرە پاتوکێك پارێزراو بێ. ئەم جۆرە هێرشانە بەگشتی کاتین و تێدەپەڕن. گەرچی حکوومەتەکان دەتوانن هێزی مەحکەم و پتەو بکەن و رێژەی هێزی خۆیان بەرنە سەرێ تەنانەت بۆ ماوەیەکی زۆریش دوای ئەوەیکە ئیدی هیچ چەشنە تەنگ و چەڵەمەیەکیان لە پێشدا نەما، بردنەسەری رێژەی هێزەکانیان کارێکی زۆر ئاساییە.

قۆناخی دووهەم رەنگە لەناکاو دەستپێبکا، ئەگەرچی وەها شتێکیش روو بدا، زۆرجار چەندین حەوتوو یان چەندین مانگ وەدوا دەکەوێ. ئەم قۆناخە جێبەجێ کردنی گەڵاڵەگەلێکە لەپێناو وەرچەرخانی بەرینی کۆمەڵایەتی لە پێناو ستراکتۆرێکی نوێ لە کۆمەڵگا بە شێوەیەك هاوتەریب بێ لەگەڵ حکوومەتی نوێ بە گوێرەی هەڵکەوت دەرفەتگەلێك بۆ مانەوەی حکوومەت دابڕێژرێت.

واژەی "چاکسازی"[۱] دیاریکەری وەها گۆڕانکارییەکە. گەرچی مانای تایبەتی واژەی "چاکسازی" هەنووکە لەمێژە وەها سواوەتەوە کە لە کردەدا تا رادەیەك بە مانای "گۆڕان"[۲] بەکاری دێنن، بەڵام لێرەدا راست هەر ئەو مانا تایبەتییەی ئەو واژەی ئێمەیە چونکە هێشتا هێندێك لە واتا زارەکییەکان هەر لە گەشەی کۆمەڵایەتیدان. لانیکەم لەم سوێنگەیەوە، چەمکەکانی شۆڕش و وەرچەرخان[۳] واتاگەلێکن کە هێندێ کات بە جێی یەکتر بەکاری دێنن. گەر جیاوازییەك لەنێوان ئەوانەدا لە ئارادا بێ، لەبەر ئەوەیە کە ریفۆرمێك کە لە رێگای وەرچەرخانەکانی هەڵقوڵاو لە کامڵ بوونەوە بەرهەم هاتوو بێ دەبێتە هۆی ئەم جیانەکردنەوانە. هەر بەو جۆرە کە زانیمان، نێوانی شۆڕش و دژە شۆڕش لە راستیدا جیاوازییەك کە بەپێی رووخسار و شێوازی ئەوان کە هەمان سێ قۆناخی ئامادەبوون، ئەنجامدان و پتەو بێ لەگۆڕێدا نییە، لە ئاکامدا کاتێك یەکێك لەم دوانە بێتە ئاراوە، رێگای بۆ ئەندێشەی هاوشێوە کە لە لایەن گرووپەکانی دیکەوە گیراوەتە پێش دەکاتەوە.

(1) Reforms
(2) Change
(3) Evolution



کەواتە ئایا مەسەلەکە ئەمەیە کە شۆڕشەکان بەوە مەحکوومن کە بە ترمیدۆر دواییان بێ یان هەمووی دەستکەوتەکانی، لانیکەم بەشی هەرە زۆریان بۆ هەتا هەتایە لەنێو بچێ؟ ئایا بەدوای هەر شۆڕشێك دەبێ کۆنەپەرستی لێبکەوێتەوە؟ وەڵامی ئەم پرسیارە بە دڵنیاییەوە نە شۆڕشگێڕان پێیان خۆش دەبێ نە کۆنەپەرستان، کۆنەپەرستی یان دواکەوتوویی زۆر جار بەدوای شۆڕش نایەتە ئاراوە، یان لانیکەم لە ماوەی ژیانی کاریگەرانەی ئەواندا وەها نابێ کە لە شۆڕشدا لەگەڵی دەرگیر ببوون. ئەگەری سەرهەڵدانی رەنگە کاتێك بگاتە ئەوپەڕی خۆی کە ئەو حکوومەتەی کە لەپاش شۆڕش بەدەسەڵات دەگا تووشی شەڕێکی پرتێچوو، ماڵ وێرانکەری دەرەکی بێ کە بانگەشەی رەوایی بوونی لاواز بکا. بەڵام حکوومەتە مۆدێڕنەکان توانای ئەوەیان هەیە هەتا رێکخستنێکی تەواو کارانە بۆ چاودێری و سەرکوت ئەویش لەو جۆرەی کە ژۆزف فووشە[۱] بەرپرسی پۆلیسی ناپلیۆن لە خەونیشدا نەیدەدی، وەڕێ بخات. لە لایەکی دیکەوە، زۆر دەگمەن پێویست بە وەها کارێك دەکا، ئەویش راست بەو هۆیە کە دەسەڵاتی ئاسایی ئەم حکوومەتانە لە بەراوەرد لەگەڵ گرووپە ناحکوومییەکان گەورەتر لەوەیە کە لە خەیاڵدا بگونجێ. بەڵام لە بەرانبەر ئەوەدا مەترسییەکی جیددی لە ناوەوە لە ئارادایە، بەتایبەت لە لایەن هێزە چەکدارەکانەوە. کەواتە هۆی ئەوە کە بۆچی کۆنەپەرستی بەدوای شۆڕشدا نایەتە ئاراوە، لە زۆربەیاندا پێشکەوتنییەتی و پرسیارێك کە لە دەیەی ۱۹۹۰ دەبێ وەڵامی بدرێتەوە ئەوەیە کە گەلۆ رەنگە شۆڕش بە مانای نەریتی و کۆمەڵناسییەکەی لە بنەڕەتدا روو دەدا یان نا؟

(1) Joseph Fouche

# "تیۆری داڕێژی"

## تێفکرین لەمەڕ شۆڕش

تیۆری داڕێژی بابەتێکە چەن قات بەرزتر لە دوو مژاری "بینین" و "راڤە" بە تەواویی وێنایەکی روون لە هاتنەئارای دیاردەیەك دەخاتە روو و ئێمە ناچار بەدانی شیکردنەوەی پوخت و تەواو لەو رووداوەی کە لەئارادایە ناکات. بەڵام تیۆری داڕێژی پەیامی خۆی لە پێشکەشکردنی وەها روونکردنەوەیەك دەردەخا و ئەویش لە قەوارە و چوارچێوەی دەقگەڵێك کە رەنگە بەکەڵکی مرۆڤێکی توێژەر بێ و ناچاری بکات بە پشت بەستن بەوانە بتوانێ ئاکامگەلێکی دیاریکراو لە رووداوە دیاریکراوەکان لە داهاتوودا شیمانە بکا.

ئەندێشەی پێشوو لەسەر شۆڕش لەڕووی ئامانجەکان و مەبەستەکان خۆی ئەندێشەیەکی سنووردار بوو. روونکردنەوەکان لە شۆڕش بە سەرنجدان بە رۆڵی شۆڕشی مەزنی فەڕەنسا وەك نوێنگەیەکی سەرکەوتوو دەهاتە ئاراوە، لە پراکتیکدا تایبەت بەخۆبوون Suigeneris بەشێك لە نەریتی مێژووی ئاوەزمەندانەیان[1] پێکدەهێنا و خۆیان پاشماوەی دەورانی رووناکبیری بوون. شێوازی بەراوەردکردنی مێژوو تەنیا لە نێوەڕاستی سەدەی نۆزدەیەم، ئەویش بەدوای ئەوەیکە جان ئیستوارت میل بنچینە و بنەماکانی لە کتێبی خۆی لەژێر ناوی دەزگای بەراوەرد داڕشت، کەوتە بەر دیدی خوێنەرانەوە. پانایی ئەم رێکارە بە تەواویی بەستراوەیە بە رێژەی نموونەکان و کاتەکان، گەرچی چوولایەکی بە چڕی تایبەت بە پانتاییەك لە زانیارییەکانی بەدەست هاتوو لە سەرچاوە باوە مێژووییەکان بوو. لەگەڵ ئەوەشدا رێکاری بەراوەردی مێژوو تاکو هەنووکە

(1) Asystem Of Logic



وەك هۆکارێکی بە باندۆر لە راستای پێشکەش کردنی راڤەیەکی تیۆری لە شۆڕش درێژەی دەبێ و هەر بەو جۆرەی کە پێشتر باسمان لەسەر کرد ئەم رێکارە وەك کەرەستەیەکی سەرەکی لە خزمەتی تێگەیشتن و فامی شۆڕشدا دەمێنێتەوە.

مارکسیش، شۆڕشە بورژوازییەکان لە بەستێنی مێژووی بەراوەردی وەبەر توێژینەوەدا. لەگەڵ ئەوەشدا ئەو شتەی کە بوو بە هۆی ئەوەی کە مارکس لە ئەندێشەی نەوەکانی دواتر هەتا ئەو رادەیە کاریگەری دابنێ رێکارناسی ناوبراو نەبوو (پۆپەر ١٩٦٢، بەرگی ٢) بەڵکو ئەو شتەی کە ناوبراوی کرد بە بژاردەیەك، ئەوە بوو کە توانی هاوسەردەمەکانی خۆی رازی بکا کە تێگەیشتنی ئەو لە رووداوەکانی داهاتوو زۆر بەرزترە لە تێگەیشتنی رۆژنامەنگارێك. بەڵام لە بواری رادەربڕینیدا، ئەویش هەر وەك هەموو رادەربڕانی دیکە شێوەی پێوانەیی Analogy دەگرنە بەر و لەم پێوەندییەدا پێش لە هەموو شتەیەك پێوانەکانی خۆی لە گۆڕەپانی ئابووریدا هێنا دەرەوە. ئایا بەدوای بەشێویەکانی شۆڕش، قەیرانێك لە بازرگانی جیهانی سەری هەڵداوە؟ زۆر باشە! لە قۆناخی دواییدا شاهیدی وەها قەیرانگەلێکی بەرین لە شۆڕشەکان دەبین! دەفەرموون کە سامانداران سەرچاوە سامانییەکانیان بەدەستەوە گرتووە؟ کەواتە دەبێ بە جۆرێك ئەوان دەسەڵاتە سیاسییەکان کە وایان لێدەکا سامان بۆ خۆیان کۆبکەنەوە بەدەستەوە بگرن. لێرەدا نموونە دیرۆکییەکان ئەم گریمانە بنەڕەتییانە دەسەلمێنێ کە رووداوە سیاسییەکان بە شێوەیەکی لەیەك جیانەکراو لەگەڵ دیاردە ئابوورییەکان تێکئالاون، گەرچی تاقیکاری لەسەر نەدەکرا. ئەم بابەتە راست لەو سۆنگەیەوە کە ناڕوونییەکی پێوە دیارە ناکرێ رەت بکرێنەوە. بەم پێیە ئەم دەرفەتە بۆ توێژەرێکی مارکسیستی (ئەسکۆك پەل ١٩٧٩، لاپەڕەی ٣٤) لە ئارادایە کە بەم جۆرە بنووسێ:

"کارایی تیۆری مارکسیستیش لە هەمبەر تیئۆریە کۆمەڵایەتییەکانی ئەم دواییانە، پتر لەسەر بنەمای بابەتگەلێك داڕێژراوە کە رەگیان لە مێژوودا هەیە تاکو بابەتە گشتییەکان، هەروەها شیکردنەوەیەکی تەواو و ورد لە گۆڕانکاری شۆڕشە

کۆمەڵایەتییەکان بەمانای راستی وشە (نە توندوتیژییە سیاسییەکان بە شێوەی گشتی) پێشکەش دەکا. بەمجۆرە بە هەڵکەوت نییە کە هەروا پتەوترین تیئۆری کۆمەڵایەتی لەسەر پایەی زانستە، هەروەها پڕبەهرەترین بابەتە کە لەبەر دەستی دیرۆکناسان لە پێناو روونکردنەوەی شۆڕشە جۆربەجۆرەکانە. بەم حاڵەش چونکە نموونە مێژووییەکان بۆ ئەزموون کردن و راستکردنەوەی ئەو شیکردنەوانەیە کە ئەم تیئۆرییە باسی لەسەر کردووە، بەکار نەهێنراون، بەراوەردکردنی لە نێوان دیرۆك و ئەم تیئۆرییە هێشتا روون نییە".

لەڕاستیدا دەبێ بڵێین کە ئەسکۆك پەلیش دەرهەق بە مارکسیزمەکانی دواتر، هەروەها دەرهەق بە توێژەرانی زانستە کۆمەڵایەتییەکانی غەیرە مارکسیزم کەمتەرخەمی کردووە، ناوەرۆکی ئەم تیئۆرییانە بەرهەمی ئەم راستییەیە کە ناتوانرێ رەتبکرێنەوە. مالاکس پێناسەیەکی تەواوی لەوەیکە ناوبراو بە چینایەتی ناوی دەبرد، پێشکەش ناکات، راستییەك کە بێگومان ئەوە هۆکاری سەرەکی گۆڕانە مێژووییەکان بە ئەژمار دێ. ناوبراو نەك هەر هیچ جۆرە روونکردنەوەیەکی لۆژیکی لەم پێوەندییەدا کە بۆچی پرولتاریا دەبێ لە ڕێگای شۆڕشەوە بەدوای دەسەڵاتەوە بن، نادا، یان ئەوەیکە بۆچی بۆرژوازی دەبێ بە جۆرێك کار بکا کە ببێتە هۆی بەدەسەڵات گەیشتنی پرۆلتاریا، بەڵکو خشتەی زەمەنی پێویستیش بۆ وەها رەوتێکیش دیاری ناکا. لەم رووەوە ئەم تیئۆرییانە لەو بارودۆخەی کە تێیدان بنەمایەکی گونجاو بۆ شیمانەکردنی شۆڕشەکان بە ئەژمار نایەن.

زێدەباری ئەوش، ئاشکرایە گۆڕانکاریگەلێکی زۆر قوول لە کۆمەڵگا پێشکەوتووەکان بەدوای کۆچی دوایی مارکس رووی داوە. بەم پێیە مارکسیستەکانی دواتر ناچارن کە ئەم تیئۆرییە لە هێندێك رووەوە دەستکاری بکەن و ئەم راستکردنەوەیەیان بە گوێرەی کۆمەڵێك مەرج کە هاوکات لەگەڵ مەرجەکانی پێشوو کە پێش لە رووداني هەر شۆڕشێك دەبێ بێنە ئاراوە تاکو شۆڕشێك سەر بگرێ یان پێداچوونەوە بە رۆڵی سەرەکی چینی پرولتاریا کە بۆ گرتنەدەستی جڵەوی دەسەڵات



پێشتر بۆیان لە بەرچاو گیراوە، یان بە قەبووڵکردنی رێژەی سەربەخۆیی بۆ حکوومەت لە ستراکتۆری ئابووری بۆ کۆمەڵگا کە بتوانێ کاریگەر بوونی لە سەرکوتی حکوومیدا پاساو بکەن. جۆن ئەلستەر[1] کە هیچ کام لەم رێکارانەی بەلاوە پەسند نەبوو و خوازیاری نوژەن کردنەوەی بنەڕەتی مارکسیزم نییە، ئەڵێت:

"بەم پێیە دەبێ بەو ئاکامە بگەین کە تیئۆری شۆڕشی کۆمۆنیستی مارکس بەمجۆرە گریمانەی کردووە کە کرێکاران، ساماندارن یان حکوومەتە سەرمایەدارەکان، دەبێ مێتۆدێکی دوور لە ئاوەزمەندی بگرنە بەر. وەها گریمانەییەك پەسند کراو نییە، چونکە مارکس هیچ پاساوێکی بۆ ئەو مەبەستە پێشکەش نەکردووە. مەسەلەکە ئەوە نییە کە رەوتی رووداوەکان رەنگە هاوتەریبی یەکێك لەو سیناریۆیانەی پێشوو نەبێ. رێکاری دوور لە ئاوەزمەندی دەتوانێ هێزێکی سیاسی لە رادەبەدەری بەهێزیش بێ. مەسەلەکە ئەوەیە کە مارکس هیچ جۆرە پاساوێکی لۆژیکی بۆ رەوتی رووداوەکان بەو جۆرەی کە خۆی پێی هیوادار بوو، پێشکەش نەکردووە. سیناریۆکانی مارکس لە بنەڕەتدا بە گوێرەی ئەندێشەی ئارەزوومەندانەیە هەتا لەسەر بنەمای شرۆڤە کۆمەڵایەتییەکان". (لە تایلوور وەرگیراوە ١٩٨٨، لاپەڕەی ٢٥٥).

لە ساڵەکانی کۆتایی سەدەی نۆزدەهەم بەرهەمێکی تا رادەیەك کەم لەسەر شۆڕش نووسراوە. وڵاتە مەزنە ئەورووپاییەکان لە ساڵی ١٨٧١ەوە توانییان هێز و دەسەڵات بگرن. ئەورووپا لە ئاشتی و ئارامیدا دەژیان و تەنانەت دوای دەستپێکی چاخی بیستەم، ئەو شۆڕشانەی کە لە ئێران و مەکزیك و چین روویاندا راست پەسندکردنی ئەو سەرکەوتن و کاراییەی کە دامەزراوە ئەورووپاییەکان بەدەستیان هێنابوو. کەواتە، جێی سەرسوڕمان نییە کە ژیاندنەوەی لایەنە دامرکاوەکان لە ناخی مێژووی شۆڕشەکان جارێکی دیکە تەنیا لە ساڵی ١٩٢٠ دەرفەتی دەرکەوتنی بۆ دەرەخسێ. مێژوو بەدوای بەدەستهێنانی هێمایەك بوو کە بتوانێ رەوتی داهاتووی شۆڕشی رووسیا دیاریبکا و بە وردی و شیتەڵکاری بکا و وەڵام دانەوە بەم پرسیارە گرینگییەکی

(1) Jon Elste

تایبەتی هەبووە کە ئایا شۆڕشی ئۆکتۆبر بە درێژایی زەمەن هەمان رووکە دەپێوێ کە شۆڕشەکانی پێشوو پێوابوویان، یان ئەوەیکە بەگشتی دیاردەیەکی بەتەواویی نوێیە لە مێژووی مرۆڤایەتیدا؟

کران برین تۆن[١] مێژووناسی بە رەچەڵەك ئەمریکایی کە پانتایی توێژینەوەکانی دەورانی شۆڕشی مەزن لەخۆ دەگرێت، لە ساڵی **١٩٣٨** پەرتووکێکی لەژێر ناوی "ئاناتۆمی شۆڕش"[٢] بڵاو کردەوە کە توێژینەوەیەکی بەراوەردییە لە مێژووی شۆڕشەکانی بەریتانیا، ئەمریکا، فەڕەنسا و رووسیا. ناوبراو لەم توێژینەوە بەراوەردییەدا لێکۆڵینەوەی لەنێوان چوار دەورەدا کردووە و بە دڵنیاییەوە لەو باوەڕەدا بوو کە شۆڕشی رووسیا خاوەنی کۆمەڵێك خاڵی هاوبەش لەگەڵ شۆڕشەکانی پێش خۆی بووە و ئەوەیکە رەنگە لەکاتی خۆیدا چووەتە قۆناخی ترمیدۆرییەوە دوور لە چاوەڕوانی نابێ، قۆناخێك کە کەفوکوڵی شۆڕشگێڕی تێدا نیشتبێتەوە و بەرەو خامۆشی بچێ و بەدوای ئەودا سیستمێکی حکوومی نوێی کاراتر بپێکێ کە ماوەی تاقیکردنەوەی بێکەڵکی تێپەڕاندبێ و بە قۆناخی جێگیرگرتنی سیستم بگات. بە هەرحاڵ بەرین تۆن وەك دیرۆکناسێك بۆ گشتگیرکردنی بابەتەکانی بەڕوونی پێداگری لەسەر جیاوازیگەلێکی زۆر کە لە نێوان ئەو نووسینانەدا هەبوون، دەکرد. لە راستیدا ناوبراو توێژەرانی ئاگادار دەکات کە نموونەی ئەو بە کارێکی سەلمێندراو لە قەڵەم نەدەن، ئاگادارکردنەوەیەك کە زۆر بایەخی پێنەدرا (بەتۆن **١٩٥٢**، لاپەڕەی **٣**).

لەکاتی شەڕی دووهەمی جیهانییەوە هاتنەئارای حکوومەتە نوێیەکان بەردەوام لەگەڵ شۆڕشە کۆمەڵایەتییە نوێیەکان هاوڕێ بووەوەش بە زێدەبوونی رادەی نموونەکان بۆ توێژینەوە هەمدیسان لێکۆڵەرە جۆراوجۆرەکان لە هەوڵی ئەوەدا بوون هەتاکو توێژینەوەی خۆیان لە هەمان بواری نەریتیدا درێژە پێبدەن و لە زۆربەی

(1) Crane Brinton

(٢) The Anatmy Of revolution، ئەم کتێبە لەژێر ناوی شیتەڵکاری چوار شۆڕش لە لایەن بەڕێز موحسین سەلاسییەوە وەرگێڕدراوەتەوە.



نموونەکان پشت بە هەمان پێوەرەکانی پێشوو ببەستن. بەم شێوازە لایدەن[1] و ئەشمیت[٢] (**١٩٦٨**) لە بنەڕەتدا هەمان توێژینەوەی بەرین تۆنیان دووپات و چوار نموونەیان وەك نموونەگەلێك بۆ تاوتوێ کردن دەستنیشانکرد کە دەستنیشانیانکرد کە یان پێشتر لە بواری بەراوەردیدا وەبەر توێژینەوە درابوو یان ئەوەیکە نموونەگەلێکی بە تەواویی نوێ بوون، نموونەگەلێك وەك: تورکیا، مەکزیك، میسر و کووبا. ئەو لە پێشەکی تیئۆرییەکەیدا، دەستکاری توێژینەوەی لێکۆڵەری زانستە کۆمەڵایەتییەکان کە لەسەر بنەمای هەڵێنجاندنی بابەتە گشتییەکانی دیکە لەو نموونانەی کە توێژینەوەی لەسەر کار دەکرا دەکرد کە بەو جۆرە بتوانرێ لە هەموو نموونەکاندا کەڵکی لێ وەربگیردرێ.

بەرهەمی جان دان[٣] بە نێوی شۆڕشە نوێیەکان[٤] هەمدیسان نموونەیەکی روونی دیکەیە لە نەریتی مێژووی بەراوەردی کە یەکەم جار لە ساڵی **١٩٧٢**دا بڵاوکرایەوە. هەشت نموونە لەم پەرتووکە تاوتوێی لەسەر کردوون (رووسیا، مەکزیك، چین، یوگوسلاڤی، ویێتنام، ئەلجەزایر، تورکیا و کووبا).

ئەم کتێبە گەرچی بە گوێرەی سەرچاوەکانی دەستی دووهەمە و لە ئاکامدا بە شێوەیەك تا رادەیەك بەرین لە بەردەم راپرسیدا دانراوە بەڵام لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا پڕبایەخە و پەرتووکێکە دەستپێك و کۆتاییەکەی بە شێوەیەکی باسهەڵگر و سەرنجڕاکێش، زۆربەی یاسا نەریتییەکان لەسەر شۆڕشی وەبەر رەخنەگرتن دەدا. بەڵام بە داخەوە لەو شوێنەی کە ئەم لێکۆڵەرە بە خەستی لەژێر کاریگەری رەشبینی فەلسەفی بریتانییە، ناوبراو لەسەر ئەگەری دامەزراندنی زانستی راستەقینەی کۆمەڵایەتی رەشبینە و گرینگییەکی ئەوتۆ بە تیئۆری شۆڕش نادات. ناوبراو دەیسەلمێنێ کە شۆڕش بە راوێژی گرووپێکی بچووك لە بژاردەکان دێتە ئاراوە کە لە

(1) Leiden
(2) Schmitt
(3) John Dunn
(4) Modern Revolution

راستای بەرەوپێشچوونی بەرنامەکانی، دەسەڵات بەهێز و پتەو بکەن. هەروەها جان دۆن ڕێکارە راستەقینەکانی وەدەستهێنانی دەسەڵاتی قەبووڵە و پێناسەی دەکا، بەڵام پێوەندی نێوان بەدەستهێنانی دەسەڵات و ئاکامەکانی بەرهەم هاتوو دانامەزرێنێ، جیا لەوەیکە هەردووکیان بەهێژمۆنخوازی لە قەڵەم دەدا. شۆڕش لەلای دۆن (١٩٧٢، لاپەڕەی ٢٥٥)، بە بابەتێکی لە "بنەڕەتدا" بەئەژمار دێ.

بەڵام لەژێر تیشکی ئەو شتەی کە پێش لەمە لەسەر دیاردە کۆمەڵایەتییەکان باسمان لەسەر کرد، زۆر نائاساییە کە بە جۆرێك شۆڕش تەنیا خواستێك بێ، بتوانین بۆ یادی دووسەد ساڵەی ساڵهاتی شۆڕشی مەزنی فەڕەنسا بەمجۆرە بە گوڕوتینەوە جێژن بگرین. گەر خواستنیش بێ، خواستێکی ئەوەندە بەهێز و گشتگیرە کە خەڵکانێکی لەڕادەبەدەر لە دەوریا کۆببنەوە و جەماوەر لەو پێناوەدا گیانی بۆ دەبەخشن. ئەم شۆڕشانە نەك هەر بۆ فەڕەنسەوییەکان بەڵکو بۆ هەموو دانیشتوانی جیهانیش ماناداره. دۆن لە پێشەکی پێداچوونەوە بە چاپی دووهەمی پەرتووکەکەی (١٩٨٩) ئەم راکێشان و گڕوتینە لە رادەبەدەرە دەسەلمێنێ و پەسندیدەکا. هەروەها ناوبراو هەموو ئەو هەوڵانەی کە بۆ پێشکەشکردنی تیئۆرییەکی زانستی و کۆمەڵایەتی دەدرێ چ لە چوارچێوەی واتایەك بەناوی "هیوای خەیاڵی" رەت دەکاتەوە، (دۆن ١٩٨١، لاپەڕەی ٢٥ پێشەکی).

بەڵام بە خۆشییەوە هەر بەو جۆرەی کە تاکو هەنووکە بینیومانە، پێویست ناکا کە وەها هەڵسەنگاندنێك بە جیددی بگرین. لە لایەکی دیکە پەرتووکی چاوگی کۆمەڵایەتی و دیکتاتۆری و دێموکراسی[1]، بەرهەمی بارینگۆن مۆر[2] کە پتر لە هەر بەرهەمێکی دیکە لەم سەردەمەدا دەوری لە جێگرتنی روانگەی کۆمەڵگاناسی یەك بەدوای یەکی شۆڕشدا هەبووە، روانگەیەك کە شۆڕش وەك دیاردەیەکی مێژوویی و دەگمەن و لە هەمان کاتدا گرینگ لە قەڵەم دەدا، خۆی لەڕاستیدا هیچ بەریانێکی

(1) Social Origins Of Didatorship And Democracy
(2) Barington Moore



بەلای تیئۆری شۆڕش پێشان نادا، بەڵکو هەر بەو جۆرەی کە لە ناونیشانی لاوەکی پەرتووکی "دەرەبەگ و کۆیلە لە دامەزراندنی جیهانێکی نوێدا" بە روونی دەردەکەوێ، بەرهەمی ئەو دەقێکە زۆر پسپۆڕانە لەسەر کۆمەڵناسی مێژوویی کە تێدا مێتۆدی بڕەودانی هەنگاو بە هەنگاویی کۆمەڵگاکانی پێش سەردەمی نوێ لێکۆڵینەوەی لەسەر دەکا و روانگەی ئەو لەگەڵ پێشینەکانی خۆی لەسەر ناسینی گرینگی خاوەندارییەتی نیشتمانی و رۆڵی کۆیلەکان لە مێژووی رووسیا، هەروەها چین، بە تەواوەتی لەگەڵ ئەوانی دیکە جیاوازە. پەرتووکی مۆر لە وێنەی خۆیدا هەر وەك بەرهەمێکی کەم وێنەی دیکەیە، وەك بەرهەمی ئەسوالد ئەشپنگلەر[1] (١٩٢٣) و توێن بی[2] (١٩٤٦) زۆر خێرا بەدوای بڵاوبوونەوەی وەك بەرهەمی یەکەم و گرینگ ناسرا کە لە کردەوەدا پێگەیەکی بۆ خۆی بەدەست هێنا. یەکێك لە هۆکارەکانی سەرکەوتنی مۆر وەرگرتنی بڕوانامەی کۆمەڵناسی لە زانستی کلاسیك لە زانکۆی هاروارد بوو و توانی پلەیەکی بەرز لە بەشی کۆمەڵناسی بەدەست بێنێ و لە سەردەمی شەڕی دووهەمی جیهانی لە بەڕێوەبەرایەتی توێژینەوە ئەستراتیژیکەکان سەرقاڵی خزمەتکردن بووە کە لە نیوەی دەیەی ١٩٦٠ی زایینی دەستی بە نووسین لەسەر مۆدێرنیزاسیۆن کردووە و راست لە کاتێکدا مۆدێرنیزاسیۆن هزری ویلایەتە یەکگرتووەکانی داگیرکەر بوو، هۆیەکی دیکەی سەرکەوتنی ناوبراو بەریانی "سەربەخۆیی" خوازی ناوبراو لە مەکتەبە مێژووییەکان و ئایینییەکاندا بوو. مۆر لەقاو دەرە. بریتانییەکان خۆیان لایەنگری ئاشتی لە قەڵەم دەدەن، بەڵام بەریتانیا تاکە سەنتەری ئاشتی نییە. ئەمریکاییەکان رەنگە بەم هزرە راهاتبێتن کە لە کۆمەڵگایەك ژیان دەکەن کە لە بنەڕەتدا جیاوازی لەگەڵ هەموو کۆمەڵگاکانی دیکەدا هەیە،

(١) Oswold Spengler (١٩٣٦ ـ ١٨٨٠). فەیلەسووف و رەخنەگری کلتووری بە ناوبانگی جیهانی خۆی پێش هەموو شتێك بە مەدیوونی بەرهەمی باسهەڵگری "الخطاط مغرب زمین" دەزانێ (The Decline Of The West).

(2) Arnold Toynbee

حکوومەتێکی دێموکراتیك کە زادەی ئازادی و لەسەر بنەمای ویستی خەڵکە. بەڵام ئەم روانینەی ئەمریکاییەکان لە هەمبەر کۆمەڵگای خۆیان، بە تەواویی بیرکردنەوەیەکی ئارەزوومەندانەیە. مۆر بەردەوام جەختی لەسەر ئەمە دەکردەوە کە توندوتیژی و داسەپاندن بۆ بیچمدانی حکوومەتە دێموکراتە رۆژئاواییەکان هەر بەو رادەیە رۆڵی هەبووە کە بۆ بیچم گرتنی حکوومەتە کۆمۆنیزمەکان یان سەرهەڵدانی فاشیزمدا هەیبووە، پێداگری دەکاتەوە کە جیاوازییەکانی نێوانیان دەتوانین لە ناوەرۆکی جیاوازی ئەزموونی شۆڕشەکانی ئەواندا ببینینەوە. راست هەر ئەم لەخۆبوردوویەیە کە بە هەڵە یان راست سەرنجی هاوسەردەمانی مۆری راکێشا تاکو بۆچوونەکانی لە هەر بابەتێکی پێوەندیدار بە تیئۆری شۆڕشەوە بەهەند وەربگرن.

به هەرحاڵ شێوازی مۆر هەمان شێوازی مێژووی بەراوردییە. جەخت لەسەر چەند نموونە دەکا کە سی جۆری یەکەمی ئەوان نموونەگەلێکی نەریتین: بەریتانیا (مۆر لە "وشەی ئینگلستان" کەڵك وەردەگرێ ـ هەڵەیەك کە گشتگیرە بەڵام نەك لەو جۆرەی کە متمانەیەك پێکبێنێ) فەرەنسا و ویلایەتە یەکگرتووەکان. دواتر بە شێوەیەکی باشاریانە توێژینەوە لەسەر چین و ژاپۆن و هیندیش دەکا. ئەویش نەك لەڕووی ئەوەیکە لە زانستێکی پسپۆڕانە بۆ توێژینەوە لەمەڕ ئەم وڵاتانە بەهرەمەند بێ بەڵکو بەو جۆرە کە خۆی دانی پێدا دەنێ بەهۆی بایەخێکی ئاشکرایە کە ئەم سێ نموونە لێی بەهرەمەندن. دەبێ بڵێین کە ئەمە هۆکارێکە بە تەواویی راست، بەڵام بە نۆبەی خۆی پرسیارێکی دیکە لەمەڕ بنەما و ریشەی لێکۆڵینەوەی ئەو دێنێتە ئاراوە مۆر ١٩٦٩، لاپەڕەی ١٠، پێشەکی) و هۆشداری دەدا کە ئاشکرایە کە شیکردنەوە بەراوەردییەکان هیچکات ناتوانین بەجێی تاوتوێ راڤەییەکانی نموونە دیار و ئاشکرا دابنێین". لەگەڵ هەموو ئەوانیشد ئەوەیکە زۆر سەرسووڕهێنەرە ئەوەیە کە بۆچی مۆر، توێژەری مەزنی ناوەندی توێژینەوە رووسیاکان لە زانکۆی هاروارد لەگەڵ هاوتەریب بوونی مەسەلەی رووسیا لەگەڵ ئەو دەرئەنجامانەی کە دەیهەوێ پێشکەشی بکا، لێکۆڵینەوەی خۆی لە یەکیەتیی سۆڤییەت لە بەردەست ئێمەدا نانێت.



مۆر بەدوای تاوتوێی تەواویی لێکۆڵینەوەکانی دەرکی بە سێ رەوتی گەورەی مێژوویی، لە دەورانی پێش پیشەیی بوون تاکو جیهانی مۆدێرن کرد (مۆر ١٩٦٩، لاپەڕەی ١٢، پێشەکی). ئەم سی رەوتە کە پتر هەوڵئەدەین وەك "نموونەگەلێکی ئارمانی" لەقەڵەمیان بدەین، بە شێوەیەکی بەرچاو ئەزموونی رووسیا هاوتەریب لەگەڵ جۆری چینی دەکا و بەم شێوەیە دەنگی باو لەسەر پێوەندی نوێکردنەوەی ئابووری لەگەڵ شۆڕش لێك گرێدەدا.

مۆر لە کاریگەری واتای "ئاڵای سوور" لەسەر غەیرە مارکسیستەکان بێ ئاگا نییە، یەکەمین رەوت لە سێ رەوتەکان بە "شۆڕشە بورژوازییەکان" دەخەملێنێت (مۆر ١٩٦٩، لاپەڕەی ١١، پێشەکی). لە روانگەی ئەو، ئەوانە شەڕە نێوخۆییەکانن و شۆڕشە مەزنەکانن کە کۆمەڵگاکانی بەریتانیا و فەرەنسا و ئەمریکا بۆ لای تێکەڵکردنی سەرمایەداری و دێموکراسی لیبراڵی پاڵ پێوە دەنێن. پێویستە سەرنج بدەینە مۆر کە دەستەواژەی "بورژوازی" بەبێ پێشکەشکردنی پێناسەیەکی روون لێی، بە دەیان جار و بە شێوەی جیددی کەڵکی لێ وەردەگرێ، ئەم واژەیە کاتێك بۆ یەکەم جار لە بەرهەمەکانی ناوبراودا دەردەکەوێ کە مەبەستی ئەو تایبەتی "شارنشینانە" بەڵام بە دڵنیاییەوە لە پاشان کە بەردەوام ناوبراو کەڵك لەم واژەیە دەگرێ، ئیدی کەڵك لە وەها واتایەك ناگرێ. رەوتی دووهەمی سەرمایەداری و پاشاگەردانی بوو. پیشەیی بوون لەژێر رێبەری بەشێکی کەم لە بورژوازی بە هاوڕێیەتی کۆمەڵێکی ناڕازی لە خاوەندارانی زەویی کە هێشتا هەر دەسەڵاتدار بوون، بەرەو گەشەکردن هەنگاوی دەنا و لە ئەڵمانیا و ژاپۆن فاشیزمی لێکەوتەوە.

بورژوازی هانەیەکی لاوازی بۆ شۆڕش هەبوو بە جۆرێك کە ئاواتەکان سیمایەکی شۆڕشگێڕی دەگرتە خۆ، ئەو شۆڕشە تووشی نسکۆ دەهات. بەدوای ئەوەیکە بۆروکراسی خاوەندارییەتی زەویی رووسیا و چین ئامانجی مۆدێرنیزاسیونیان نەزۆك کرد، هەروەها بەدوای ئەوەیکە گوشاری مۆدێرنیزاسیۆنی جەماوەری جووتیار لە راستای لەبەر یەك هەڵوەشاندنی سیستمی کۆن بۆ

هەڵگیرساندنی شۆڕش خەڵکیان کۆ کردەوە، ڕێگای سێهەم ڕێگایەك بوو "هەڵبەت" بەلای کومۆنیزمدا دەشکایەوە. هاوکاریی هاوبەشی هەر سێ ڕەوتەکە ڕێژەی کۆکردنەوەی بورژوازییە نەك کۆکردنەوەی پرۆلتاریا کە لە تیئۆری مارکسیستیدا هاتووە. مۆر نموونەی هیند وەك ریزپەڕێکی بێوێنە ناو دەبا، نموونەیەك کە هیچ کام لەو سێ ڕەوتەی سەرەوە نەیانپێواوە.

"لە هیند تاکو هەنووکە نە شاهیدی شۆڕشی سەرمایەداری لە سەرەوە بۆ خوارەوە بووین نە شۆڕشی جووتیاری کۆمۆنیستی هاتووەتە ئاراوە. هانەی مۆدێرنیزاسیۆنیش لە هیند زۆر لاواز بووە. لە لایەکی دیکە کۆمەڵێك هێمای دێموکراسی ڕۆژئاوایی بەجوانی تێدا دەبینرێ. سیستمی پەرلەمانی لەمێژە لەو وڵاتە بنەجێ کراوە، بە شێوەیەکی چاوەڕوانکراو پتر لە سیمایەکی بەتەواویی ڕواڵەتییە. لەوەیکە لەم وڵاتە هانەی مۆدێرنیزاسیۆن بە چڕی لاواز بووە، بەڵام دەبێ نموونەی هیند بە نموونەیەکی بێوێنە لەچاو سیستمە تیئۆرییەکانی دیکە لە قەڵەم بدەین" (مۆر ١٩٦٩، لاپەڕەی ١٣، پێشەکی).

بە گوێرەی هۆیەکی زۆر ئاسان ڕۆڵی بزاوتی جووتیاری لە دامەزراندنی کۆمەڵگایەکی نوێ لە بەریتانیا بایەخی نەبوو چونکە ئیدی هیچ دەرەبەگێك لە ئارادا نەبوو. هۆی نەمانی دەرەبەگەکان لەوێدا بەم هۆیەوە کە دەسەڵاتی حکوومەت لەدەستی ساماندارا بوو لە راستی سنووردارکردنی سنووری زەوییە گشتییەکان کەڵك لەو دەسەڵاتە دەگیرا، هەروا کە زەوییەکان کەوتە ژێر دەستی خاوەندارە گەورەکان، دواتر حکوومەتە هەرێمییەکانیش کەوتە بەر دەست سامانداران، بەڵام خاڵی جێی تێڕامان لێرەدا ئەوەیە کە سامانداران گەورەکان بە پێچەوانەی فەڕەنسا شارنشین نەبوون و بەو جۆرەی کە لە ئەڵمانیادا شاهیدی بووین، بە تەواویی گوندنشینیش نەبوون، بەڵکو تێکەڵاوێك بوون لەم دوانە- سەرمایەدارانی گوندی بوون کە پەرەیان بە جووتیارانی نوێی زانستیدا و سامانێکی ئێجگار زۆریان بەدەستهێنا. بورژوازی شاری سەری هەڵدا، بەڵام پۆلینی خاون زەویی تێکنەشکا، بە پێچەوانە لە ڕێککەوتنێکی



بەجێ، کۆمەڵێکی نوێیان بۆ لای خۆیان ڕاکێشا و بەرنامەیەکی توکمە تریان بۆ هەرچی بەرەنترو پتەوترکردنی کۆڵەکەی دەسەڵاتەکەیان دارشت.

لە بەراوەرد لەگەڵ بەریتانیادا، هەڵوەشانەوەی سیستمی کۆن لە فەڕەنسا کە بەهۆی هێزێکی شۆڕشگێڕ هاتە ئاراوە و مەرجێکی پێویست بوو بۆ دامەزراندنی دێموکراسی، گەر شۆڕش یەکیەتی گەشەکردووی نێوان دەرەبەگەکان و بورژوازی تێکنەدەدا (کە ئەگەری ڕوودانیشی دوور نەبوو) ئاکامەکەی هەر ئەوە دەبوو کە لە ئەڵمانیا و ژاپۆن ڕوویاندا. شۆڕش ڕێگا بۆ توندئاژۆیی کردەوە کە بە هاریکاری دانیشتوانی شاری پاریس خۆی لەدەست دەسەڵاتی بورژوازی ڕزگار کرد، پرۆسەیەك کە دواتر لەجێدا مایەوە، چونکە ئەو کاتە کە هێزی بزاوتی جووتیاری سیستمی دەرەبەگایەتی و کۆیلەتی لە گوندەکان تێکەوە پێچا ئاکامەکەی ڕاگرتنی هەناردنی خواردەمەنی بۆ پێتەختی لێ کەوتەوە کە ئەمەش بووە هۆی کۆتایی هاتنی ئەزموونی توندڕۆیی. بەڵام ڕێگا بۆ گەیشتن بە دێموکراسی کرایەوە، ڕێگایەك کە ماوەیەکی زۆری دەبوایە بۆ تەرخانبکرێت تا بە ئامانج بگات.

مۆر لە چەند ڕەستەدا ڕوانینی نەریتی بە شۆڕشی ئەمریکایی لەلا پەسند نەبوو و گومانی لە ڕوودانی ڕووداوێك بەناوی " شۆڕش" لە ئەمریکادا هەبوو. ئەو دەیگوت: "ئەم بانگەشەیە کە لە ئەمریکادا شۆڕشی دژی چەوسانەوە ڕووی داوە، ڕەنگە دروشمێکی ڕاگەیەنی باش بێ بەڵام بە دڵنیاییەوە بابەتێکی مێژوویی، کۆمەڵناسییەکی باش نابێ"، (مۆر ١٩٦٩، لاپەڕەکانی ١١٢ـ ١١٣). زێدەباری ئەوەیش گەیشتن بە کۆمەڵگایەکی پیشەیی بە شێوەی پێویست بەبێ توندوتیژی تێدا بەرهەم نایەت. بە باوەڕی مۆر ئەم شەڕەی نێوخۆیی ئەمریکایە کە "برینێکی خوێناویی لەسەر لاپەڕە مێژووییەکانی بەجێهێشتووە"٠مۆر ١٩٦٩، لاپەڕەی ١١٣) و سەردەمی نۆژەن کردنەوە[1] واتە شۆڕش لە سەرەوە، شۆڕشێکی ڕاستەقینە بۆ ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بە ئەژمار دێ. ڕۆژگارێك کە گۆڕانی بەسەر

(1) Reconstruction

کۆمەڵگای ئەمریکادا هێنا. لەگەڵ ئەوەیشدا، جێبەجێ کردنی ئەم گۆڕانکارییە هێندەش ئەستەم نەبوو، چونکە هیچ جۆرە ناتەباییەکی بنەڕەتی لە نێوان کۆیلەداری و شێوازەکانی سەرمایەداری لە ئارادا نەبوو گەرچی بۆ قاییم و پتەوکردنی دیموکراسی پێویست بوو هەتا حکوومەتی فێدراڵ لە کردەوەی کۆیلەداری دوور بکەوێتەوە.

مۆر رادیکالیزمی کۆیلەتی بە هۆکاری رووداوی شۆڕش لە هەردوو وڵاتی چین و رووسیا لە قەڵەم دەدا کە تاوانباریان دەکا کە لە توانایاندا نییە لە نەبوونی مۆدێرنیزاسیۆن، خۆیان لەگەڵ گوشاری بەرهەمە مۆدێرنەکان رێکبخەن و هەروەها تاوانباریان دەکا کە خۆیان لەخاوەندارانی خۆجێیی زەویی نامۆ کردووە کە هۆکاری گەشەکردنی دەسەڵاتی حکوومەتە. دەرەبەگەکان بە تەنیا توانای شۆڕشیان نییە، ئەوان دەبێ کۆمەڵێك رێبەریان لە چینەکانی دیکەدا هەبێ و تەنانەت بەم شێوەیەش هەمدیسان زۆربەی جووڵانەوە جووتیارییەکان تووشی نسکۆ هاتوون. ویستی دەرەبەگەکان لە رووسیا بە تەواوەتی ئاشکرا بوو، وردە بوورژوازە رووسییەکان یان لە تێگەیشتنی تووڕە بوون یان توانای وەڵامدانەوەیان نەبوو، ئەم ویستانە بریتی بوون لە: "رزگاربوونیان لەدەستی دەرەبەگەکان، دابەشکردنی زەویی، هەروەها کۆتایی پێهێنان بە شەڕ" (مۆر ١٩٦٩، لاپەڕەی ٤٨١).

تەنی بلشویکەکان بوون کە بەبێ هیچ چەشنە بەستراوەیی بە سیستەمی ئەوکاتی، بەدانی بەڵێنی جێبەجی کردنی ئەم خواستانە دەسەڵاتیان قۆرخ کرد و خەڵکی رەش و رووت کاتێك زانییان هەڵخەڵەتێندراون کە کار لە کار گوزەراوە و ئیدی بۆ هەر هەولێك درەنگە.

جیایی حکوومەت لە کۆمەڵگادا بوو کە هەم لە ئەڵمانیا و هەم لە ژاپۆن رێخۆشکەر بوو بۆ دەرکەوتنی فاشیزم. کۆمەڵێك رێبەر هاتنە گۆڕەپانەوە کە هێزی ئەوەیان هەبوو تاکو لە چوارچێوەی پارێزگارانەدا پەرە بە نۆژەن کردنەوەی ئابووری کۆمەڵگا بدەن. "کۆنەپارێزان بەردەوام توانای ئەوەیان هەیە تاکوو ئەم مژارە هەڵخەڵەتێنەرە زەق بکەنەوە کە رێبەرانێك کە لایەنگری نوێژەنکردنەوەن دەبنە



هۆکاری گۆڕانکاریگەلێك کە کۆمەڵێك پوانی بۆ کۆمەڵگای لێ دەکەوێتەوە و هەر ئەم بابەتەیە کە خواستی چینە دەست کورتەکان بەرز دەکاتەوە تاکو شۆڕش بەرپا بکەنەوە" (مۆر ١٩٦٩، لاپەڕەی ٤٤١). رێبەرانی کۆنەپارێز هەم لە ئەڵمانیا و هەم لە ژاپۆن توانای تێگەیشتن لەم بابەتەیان هەبوو کە ئەمە چینە دەستکورتەکانی کۆمەڵگا بوون کە بەهای نوژەنکردنەوەیان دا، لە کاتێکدا سیستەمی بۆروکراسی و دەزگاکانی سەرکوت ئاستەنگ بوون کە رێبەرانی داهاتوو زەحمەتی بیرکردنەوەی رێکار دژی نەیارانی خۆیان خۆشبکەن (لە بەریتانیاش خەڵکانێك بوون کە خوازیاری جێبەجێ کردنی پلانێکی هاوشێوە بوون بەڵام تاکە خاڵی لاوازی حکوومەت و لێنەهاتوویی هێزەکانی سەرکوتکەر پێشی بە وەها پلانێك گرت). فاشیزم بزاڤێکی جەماوەری بوو کە چین و توێژە هەژار و چینی نێونجی و گوندنشینەکانی بە دژی چینە سەرمایەدار کۆکردبووەوە، چینی هەژارەکان کە لە هەموو خزمەتگوزارییەك بێبەش بوون گرینگی ئابووری پێدراو تاکو لەم رێگایەوە هێزی دەزگا سەرکوتکەرەکانی فاشیزم گەورەتر نیشانبدرێ.

مۆر بە دەرئەنجامێکی رەشبینانە لە لێکۆڵینەوەکانی دەگا. ناوبراو لەو بڕوایە دایە کە هەرکام لیبراڵیزمی رۆژئاوایی و هەم کۆمۆنیزم (بەتایبەت لە جۆری رووسییەکەی) رەنگە بەرەو هەڵدێر بڕوات. ناوبراو بەمجۆرە ئەڵێت کە "لیبراڵیزم و کۆمۆنیزم وەك وانەگەلێکی سەرکەوتوو دەستیانپێکرد، بەڵام گۆڕان بە ئیدیۆلۆژیك کە شێوازی جۆراوجۆری سەرکوت پەردەپۆش و نکۆڵی دەکەن" (مۆر ١٩٦٩، لاپەڕەی ٥٠٨). دروستی ئەم بۆچوونە لە رووداوەکانی ئەمریکا لەدوای ١٩٦٩ بەملاوە کە روویان داوە دەردەکەوێ. مانەوە بەبێ شۆڕش تێچوویەکی مەزن هەڵدەگرێ، سیاسەتی پلە بە پلە و ریفۆرمە هەنگاو بە هەنگاوەکانیش رەنگە پتر لە رادە دەڕواتە پێشێ. لە لایەکی دیکەوە، شۆڕش تێچوویەکی ئێجگار قورسی هەیە. کۆمۆنیزم ناتوانێ خۆی لە بەرپرسایەتی ئیستالینیزم بەدوور رابگرێ- هەموو حکوومەتێك هەڵسوکەوتی سەرکوتکارانە وەك پێویستییەك لە راستای زاڵبوون و بەرەنگاری لەگەڵ نەیارانی

دەگرێتەبەر و لە هەردوو لای رووباری ئالْب (Elbe) خاوەندارانی بەرژەوەندی بەهێز بەربەستێکیان لەسەر رێگای گەیشتن بە کۆمەڵگایەکی راستەقینە بینا کردووە. بەم جۆرەیە کە مۆر لە کۆتاییدا هیچ جۆرە لێدوانێکی پێویست دەرنابڕێ. بەرهەمی ئەو هاوئاهەنگ و تەبایە لەگەڵ ئەو باوەڕمەندییە بەربڵاوەی سەردەمی ئەو کە بریتی بوو لە شۆڕش کەرەستەیەکی پێویستە بۆ چاکسازی ئابووری. بەڵام گرینگی نەدانی ئەو لەمەڕ ئەزموونی رووسیا بە دڵنیاییەوە بابەتێکی گرینگە. ئەم رایە (Thesis) کە رۆڵی چینی هەژار لە رووسیادا گرینگییەکی مەزنی لە شۆڕشدا هەبووە، تەنیا بەم هۆیە گرینگی هەیە کە ئەوان قوربانیانی سەرەکی شۆڕش بوون. جیا لەوە پێداگری لە فاشیزم وەك بەرهەمی شکست لە شۆڕش هەڵەیە. شۆڕشی ئەڵمانیا بەدوای بەدەسەڵات گەیشتنی هیتلەر و کەڵك وەرگرتنی ئەو لەو دەسەڵاتە لە راستای گۆڕانی بەربڵاو بەرین لە کۆمەڵگای ئەڵمانیا هاتە ئاراوە. ئەم گۆڕانە بنەڕەتییە کە هێشتا لە کۆماری دێموکراتیکی ئەڵمانیا هەر لە جێی خۆی ماوەتەوە لە کاتێکدا پشتیوانی خەڵکی ئوتریش لە کۆرت والدهایم[1] سەڵمێندراوە و هەر وا کە پێشکەوتنی کۆماریخوازان لە هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی ئەورووپا لە پارێزگای باواریای ئەڵمانیا نیشاندەدا کە گرۆتینی فاشیزم گەرایی هێشتا هەر لە ئارادایە. ئەو شتەی کە بووبە هۆی ئەو کە شۆڕشی ئەڵمانیا وەك شۆڕش بە فەرمی نەناسرێ، جارێکی دیکەش هەمان باوەڕمەندی سەرەکی بە پێشکەوتنی مرۆیی بوو، واتە باوەڕێك کە پاشماوەی سەردەمی رووناکبیری و رۆژەکانی شۆڕشی مەزنی فەڕەنسایە و هەر ئەم باوەڕەیە بووبە هۆی ئەوە تاکو رووناکبیرانی ئەورووپایی گریمانە لەسەر ئەوە بکەن کە شۆڕش بەردەوام لە چەپەکانەوە دەستپێدەکا نەك لە راستەکان.

نوێترین بەرهەم لە دیرۆکی بەراوەردی کە لەمەڕ شۆڕشە کۆمەڵایەتییەکان کەڵکی لێوەرگیراوە- بەرهەمی تەجا ئەسکۆك پۆل بەنێوی حکوومەتەکان و شۆڕشە سوسیالیستەکانە[2]. ئەسکۆك پۆل بە شیکردنەوەی بەراوەردی و وردبینانە لە هەوڵی

(1) Kurt Waldheim

(2) States and Sosial Revolutios



ئەوەدایە تاکو بە پشت بەستن بە سێ شۆڕش، واتە شۆڕشی مەزنی فەڕەنسا لە نێوان ساڵەکانی ١٧٨٧ ـ ١٨٠٠ و شۆڕشی رووسیا لە نێوان ساڵەکانی ١٩١٧ ـ١٩٢١ و شۆڕشی چین لە نێوان ساڵەکانی ١٩١١ ـ ١٩٤٩، "هەڵسەنگاندنی ئێمە لە ناوەرۆکی شۆڕشەکان، هەروەها ئاڵۆزییە پرسیارهەڵگرەکانی دوای شۆڕشەکان، بەو جۆرەی کە لە مێژوودا باسیان لەسەر کراوە، دەگۆڕێ"، هەر بۆیە "بنەمایەك بۆ بەراوەردکردن بە مەبەستی شیکردنەوە و شرۆڤەی گۆڕانکاری و وەرچەرخانە شۆڕشی و کۆمەڵایەتییەکان لە مێژوویی هاوچەرخی جیهاندا پێشکەش دەکا" (ئەسکۆ پۆل ١٩٧٩، لاپەڕەی ١١ پێشگوتار).

ئەسکۆك پۆل هەروەك هەموو ئەو توێژەرانەی پێشوو کە باسمانکردن، پێناسەیەکی زۆر سنووورداری بۆ کاری توێژینەوە خۆی کردووە کە گوایە روون بووەتەوە و بڕیار نییە تاکو لەم تاوتوێ کردنانە لەگەڵ هیچ جۆرە رووداوێکی چاوەڕوان نەکراو بەرەوڕوو بین. شۆڕشە کۆمەڵایەتییەکان"گەرچی دەگمەنن، بەڵام رووداوگەلێکی مەزن لە مێژووی جیهاندا بوون" کە وای لە ژمارەیەکی کەم لە وڵاتانی وەك "فەڕەنسا، مەکزیك، رووسیا، چین، ڤێتنام و کووبا" کرد تاکو گۆڕانکاری و ریفۆرم لە "دەزگا حکوومییەکان، پێکهاتەی چینایەتی و ئیدئۆلۆژی زاڵ" پێکبێنن (ئەسکۆك پۆل ١٩٧٩، لاپەڕەی ٣). بەهەرحاڵ، "شیکردنەوەی ئەم شۆڕشانە زۆر ئاڵۆز و گرانە و تەوونە مێژووییەکانی تا رادەیەك کەمە" (ئەسکۆك پۆل ١٩٧٩، لاپەڕەی ٥).

شۆڕشە کۆمەڵایەتییەکان، گۆڕانکارییەکی خێرا و بنەڕەتی لە ستراکتۆری حکوومی و پۆلینە کۆمەڵایەتی و هاوکات لەگەڵ شۆڕشە چینایەتییەکان لە خوارەوەیە و تا رادەیەك لە رێگای وەها شۆڕشگەلێك بە ئامانج دەگا. شۆڕشە کۆمەڵایەتییەکان لە هەموو جۆرە توندوتیژییەك و پرۆسە ریفۆرم هێنەرەکان پتر بە تێکەڵاوبوونی دوو دژ لە یەك جیا دەکرێنەوە" (ئەسکۆك پۆل ١٩٧٩، لاپەڕەی ٤).

ئەسکۆك پۆل لەوەیکە روونکردنەوە زانستی و کۆمەڵایەتییەکانی هەبوو لەسەر شۆڕش بە کەم (بە چ هۆیەك؟) دەزانی چاوپۆشی لێدەکا و بەم جۆرە درێژە بە بابەتەکەی دەدا کە

شۆڕشە کۆمەڵایەتییەکان دەبێ لە بەرژەوەندێکی پێکهاتەیی و بە سەرنجێکی تایبەت شرۆڤە لەسەر پەرە و گەشەکردنی وڵات چ لەناوخۆ چ لە دەرەوە بکرێ. کارێك کە باندۆری لە سەرنەکەوتنی دەزگا حکوومییەکان پێش لە شۆڕش و بەدوای هاتنەئارای دەزگاگەلێکی نوێ هەیە. ئەسکۆك پۆل هەر وەك وەڵف (١٩٧٠) و هەر وەك دان (١٩٧٢) لەو بروایە بوو کە گەیشتن بە "لۆژیکێکی گشتگیر" بۆ توێژینەوە لەسەر نموونەکانی، لە رێکاری بەراوەردی مێژوویی کەڵکی وەرگرتووە و بە پێچەوانەی ئەوان لە هەوڵی ئەوەدایە تاکو بە شێویەکی بنەڕەتی و قووڵ لێکۆڵینەوە لەسەر ئەم تەونانە بکا. بەڵام خاڵێك کە توێژینەوەکانی ئەوەیی بە روونی لە گشت راڤە نەریتییەکان لەسەر شۆڕش جیا دەکاتەوە، لەبەرچاو نەگرتنی هەر جۆرە وێنایەکە کە دەرخەری ویستێکی وشیارانە لە شۆڕشە. زۆر نییە گەر بڵێین شۆڕش لە روانگەی ئەسکۆك پۆل ئەم جۆرەیە کە هەموو شۆڕشەکان زادەی هەڵکەوتی هەلومەرجی روانینی ستراکتۆرانەیە و ئیرادەگەرایی[1] رۆڵێك لە ئاکامەکانیدا ناگێڕێ. نیگەرانی ئەسکۆك پۆل لێرەدایە کە گریمانە لەسەر بوونی ئیرادە لە دوای شۆڕش بەو دەرەنجامە دەگا کە "مەرجی زۆر و پێویست بۆ شۆڕش نکۆڵی لە پشتیوانی زۆرینەیە و بە پێچەوانە بە جۆرێك جەماوەر وشیارانە نارازی بن هیچ رژێمێك ناتوانێ لە دەسەڵات بمێنێتەوە" (ئەسکۆك پۆل ١٩٧٩، لاپەڕەی ١٦). ئەسکۆك پۆل ئەم جۆرە هەڵسەنگاندنانە بە "کورتبینییەکی بێئەملا و ئەولا" رەتدەکاتەوە و حکوومەتی سپی پێستانی ئەفریقیای باشوور وەك نموونەیەك لە حکوومەتێکی "سەرەڕۆ و سەرکوتگەر و لە روانگەی نێوخۆییەوە رەواییەتی نییە" لە قەڵەم دەدا.

بەم پێیە شۆڕشە کۆمەڵایەتییەکان بە تەواوەتی هەڵوڵاوی نەخوازراوی هێزە رکەبەرەکانن. گرووپگەلێکی جۆربەجۆر دێنە گۆڕەپانەوە کە دەرئەنجامەکەی گرووپێگ دیاریدەکا کە براوە لەم بەرئەنگارییەدا بێتە دەرێ. نە خەڵك، نە گرووپەکان و نە تەنانەت چین و توێژەکان لە هەموو شۆڕشەکان، گوێ بەو جۆرە لۆژیك و یەکگرتوویەی کە خواستی تیئۆرییە کۆنەکانە نادەن.

---

(1) Vountarism



حکوومەت بەهەرحاڵ بە تەواوەتی گۆڕەپانێك نییە کە تێیدا توندوتیژییەکانی بۆ بەدەستهێنانی دەسەڵاتێکی رەوا بەکار بهێنێ. ئەسکۆك پۆل ئەڵێت، تەنانەت مارکسیستەکان لە کاتێکدا دەزانن کە حکوومەت بە شێوەی تیئۆری دیکتاتۆرە، دیسان لە کردەدا گوایە هەر وەك گۆڕەپانێك بۆ بەربەرەکانێ وێنا دەکەن. ئەسکۆك پۆل بانگەشەی ئەوە دەکا کە بابەتی ئەو، بابەتێکی رەسەنی مارکسیستی لەسەر خودمۆختاری حکوومەتە. حکوومەت لە روانگەی ئەو "پێکهاتەیەکی سەربەخۆیە-پێکهاتەیەك لەگەڵ لۆژیك و بەرژەوەندی تایبەت بەخۆ کە نە بەرابەری بەرژەوەندی پۆلێنی دەسەڵاتدارە لە کۆمەڵگەدا و نە لەگەڵ هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵگای مەدەنی لە یەك گرێدراوە" (ئەسکۆك پۆل ١٩٧٩، لاپەڕەی ٢٧). پێوەندی نێوان دەوڵەت و پۆلێنی دەسەڵاتدار هەمووی هەر فەرمانبەری و بەڕێوە بردن نییە. لە راستیدا، لۆژیکی بەرهەم بڕیار دەدا کە دەزگا حکوومییەکان "تاکو رادەیەك" دەبێ لەگەڵ پۆلێن یان پۆلێنەکانی دەسەڵاتدار بۆ بەدەستهێنانی سەرچاوە ماددییەکانیش لەگەڵ یەکتری لە کێبەرکێدا بن (ئەسکۆك پۆل ١٩٧٩، لاپەڕەی ٣٠)، رەنگە لەپاش قۆرخ کردنی ئەم سەرچاوانە بۆ کۆمەڵێك مەبەستی دیکە تەرخانبکرێ و ئەم تەرخانکردنەش لە بەرژەوەندی پۆلینی دەسەڵاتداردا نییە، یان لە هێندێك کاتی هەستیاردا بە مەترسییەك بۆ سەر ئەم پۆلینە دەژمێردرێ. بەم پێیە ئەسکۆك پۆل بە پێچەوانەی گشت نووسەرانی مارکسیستی، بەشێکی یەکجار زۆر لە کاتی پێویستی شرۆڤەی ئاکامی شۆڕشەکانی بە کێشەیەکەوە تەرخاندەکا کە ناکۆکی چینایەتی و هێزی سەربازی دژە شۆڕش بە ئاستەنگ لە بەردەم دامودەزگای حکوومەتی نوێ دادەنێ.

بە پێچەوانەی توێژینەوەکانی "بەراوردی" پێشوو، وەك توێژینەوەکانی بەرین تۆن (١٩٥٢) و دان (١٩٧٢)، ئەسکۆك پۆل نموونەکانی خۆی بەجیا تاوتوێیان ناکا کە دواتر دەرئەنجامەکانی کۆبەندی بکا. بە پێچەوانە بەدوای ئەم پێشەکییە تیئۆرییە، بەشی یەکەمی پەرتووکەکەی بۆ تاوتوێی بەراوەردی زۆر چڕوپڕ لەسەر هۆکاری شۆڕشە کۆمەڵایەتییەکان، تەرخان کردووە، هەڵبەت بەو جۆرەی کە توێژینەوەی سێ نموونەکانی باس لەوە دەکەن. توێژینەوەی ئەسکۆك پۆل بریتییە لە دوو بەش: قەیران

لەنێو ئەو حکوومەتانەی کە رژێمێکی خاوەن رابردوو و خاوەن کۆمەڵێك شۆڕشی جووتیارییە. نیوەی دووهەمی لێکۆڵینەوەکەی بە دەرئەنجامگەلێکی لە یەك جیای بەریز بۆ هەر نموونەیەك تەرخانکردووە.

چەمکی مارکسیستی لە پێوەندی چینایەتی و ناکۆکی چینایەتی شارەگی شیکردنەوەکانی لەمەڕ هەر نموونەیەك پێکدەهێنێ. لەگەڵ ئەوەشدا ئەسکۆك پۆل پێداگری دەکا کە باندۆر و کارایی بوونی واتای سەرەوە لە رەوگەی چاکسازی لە پێکهاتە سیاسییەکانەوە دێتە ئاراوە. ناوبراو بانگەشەی ئەوە دەکا کە گشت تیئۆرییەکان لەمەڕ شۆڕشی خواستی باوەڕن و ئەڵێت دەستکارییەك کە باسی لێ کرا دەبێ لە پێکهاتەدا ببینرێ و لە ئاکامدا بەدوور لە چاکسازییەکانی خواست و باوەڕ بێ. دووهەم ئەوەیکە شۆڕشی تەنیا لە ئاستی نەتەوەیی دا شیاوی تێگەیشتن نابێ. فاکتەرە نێونەتەوەییەکان هەر ئەوەندە دەبێ ئامادە بێ کە هۆکارە نێوخۆییەکان هەتا شۆڕشی کۆمەڵایەتی مەزن روو دەدا. بەڵام ئەو شتەی کە لە ئاستی نێونەتەوەییدا روو دەدا بە تەنیا شیکردنەوەیەکی پێویست بۆ وەها رووداوێك نابێ، لە ئاکامدا لە وەها خاڵێکدا ناتوانین پشتیوانی لە ئەمانۆئۆل والرئەشتاین[1] (A,B ١٩٧٤) و تیئۆریسیەنەکانی سیستمی نوێی جیهانی بکەین. سێهەم ئەوەیکە، نە حکوومەتەکان هۆکاری بێئەملا و ئەولای بڕیاراتی پۆلینی دەستڕۆیشتوون و نە چینەکان تاکە یاریزانی گۆڕەپانن. حکوومەتەکان هەم سەرەڕۆ و دیکتاتۆرن هەم لێهاتوو و بەتوانان. لە راستیدا بە پەیڕەوی کردن لە ئەلێن کی تریم بێرگەر[2] (١٩٧٢و ١٩٧٨) بۆمان دەردەکەوێ کە چەمکێك کە ئەسکۆك پۆل لە شۆڕشە کۆمەڵایەتییە مەزنەکان دەخاتە روو، چەمکێکە کە "شۆڕش لە سەرەوە" پێناسە دەکا کە لە لایەن بژاردەکان و بەنێوی چین و توێژەکانەوە رێبەری دەکرێ. گەرچی شۆڕشە کۆمەڵایەتییەکان لە لایەن هەموو توێژەکانەویش پێش لە بارودۆخی هاتنەئارای شۆڕش سەرهەڵدەدا. بەڵام ئەمە

(1) Immanuel Walerstein
(2) Ellen Kay Trimberger



بژاردەکانن کە ریفۆرمەکانی دواتر لە پاش شۆڕش گەلاڵەی بۆ دادەڕێژن و بەسەر کۆمەڵگای دەسەپێنن و لە جێبەجێ کردنیدا نەك هەر ئەو بەربەستانەی کە سەرچاوە گرتوو لە پێکهاتەی نێوخۆیی کۆمەڵگایە لەبەرچاو دەگرن، بەڵکو ئاوێتەیەکی نێونەتەوەیی لە نیزامی ئابووری جیهان و بە شێوەی تایبەت پێکهاتەی ئابووری جیهانی و پانتای گۆڕانی نوێنگەکانی هەبوو لە راستای پەیڕەوی کردنیش بە هەند وەردەگرن. کردەیەك لە لایەن بژاردەکان زۆر شیاوی گرینگی پێ دانە، نەك لەو سۆنگەوە کە باندۆرێکی قووڵ لەسەر جەماوەر دادەنێ بەڵکو لەسەر دەسەڵاتدارانیش بێ کاریگەر نابێ.

لە شیکردنەوەی دواییندا دەبێ بڵێین کە بەرهەمی ئەسکۆك پۆل گەرچی لە بەراوەرد لەگەڵ پێشوودا زۆر پەسندکراو و ژیرانە خۆی دەردەخا، بەڵام بە جۆرێك لە نەریتی مێژووی بەراوەردی رەگی داکوتاوە کە ناتوانرێ تیئۆرییەکی گشتی و لە هەمان کاتدا جێی رەزامەندی لێ هەڵێنجێنین. ناوبراو لە شوێنێکدا ئەڵێت: "دەبێ جەخت لەسەر ئەم خاڵە بکەینەوە کە شیکردنەوەی مێژوویی و بەراوەردییەکان، ئاڵترناتیڤێك بۆ تیئۆری نین" (ئەسکۆك پۆل ١٩٧٩، لاپەڕەی ٣٩).

ئەسکۆك پۆل هەر وەك هەموو نووسەرانی پێش خۆی، بەهۆی لاوازی لە تێنەگەیشتنی لەم خاڵە کە لۆژیکی پاساوی ئەو بەستراوەیە بە قەوارەیەك کە توێژینەوەکانی خۆی تێدا دەستنیشانکردووە، ئەو لە رادەربڕینی راستییەکان چاوپۆشی دەکا. زۆربەی ئەو بابەتانەی کە دێنێتە گۆڕێ لەڕاستیدا بابەتێك نین مەگەر ئەوەیکە خوێنەر بە هەڵەوت مارکسیست بێ. لە هەمان کاتدا کۆمەڵێك لەو خاڵانەی کە پشت گوێ دەخات یان لێی تێدەپەڕێ، نەك هەر سەرلێشێواوێکی بورژوازی نین بەڵکو بابەتگەلێکن بنەڕەتی لەسەر ناوەرۆکی ئەندێشەی زانستی و زانستی کۆمەڵایەتی. بەڵام ئەو کاتەی کە لە ژمارەیەك خاڵی سەرەکی کە رۆڵی بناغەی پێویستی تیئۆرییەکی پتەو و بەڵگەمەند دەگێڕن، چاوپۆشی دەکا. وا بەرچاو دەکەوێ کە گرینگی بەم بابەتە نادا و نابێ وەها نموونەگەلێك هەر وەك حەزەك لەدەستی

تویژەرێکی کۆمەڵایەتیدا بێ، بەڵکو دواهاتەکانی وەك رێکارێکی بیرکارین لەپێناو پاساوێکی ئەژمارییانە و ورد و راست و هەر بەم هۆکارەیە کە ژمارەیەکی زۆر لە تویژەرانی دیکە هەوڵیان داوە تاکو تیئۆری شۆڕش بە لێکۆڵینەوە لەسەر دیاردەکانی دیکە هاوتەریب بکەن. هەولێك کە تا رادەیەك سەرکەوتنی بەدواوە بووە.

بەمجۆرە مایکل تایلور[1] (١٩٨٨)، لە پەرتووکی خۆی لەژێر ناوی شۆڕش و ئاوەزمەندی[2]، پاساوی ئەسکۆك پۆلی بەپێی نائاوەزمەندی شۆڕش دەهێنێتە ژێر پرسیارەوە و هاورێ لەگەڵ هاوکارانی، کە ئەوانیشی لەبەرجوەنی مارکسیستییەوە دەڕواننە بابەتەکان، لە هەولی ئەوە دان کە دوو شت روون بکەنەوە: یەکەم ئەوەیکە تیئۆری هەڵبژاردنی ئاوەزمەندی لەمەڕ دامەزراندنی بەرە[3]یەکی شۆڕشگێڕ دروستە، دووهەم ئەوەیکە دەرئەنجامی بەدەست گەیشتوو لەگەڵ ئەوەیکە کۆمەڵێك لە دیرۆکناسان بینیویانە یەك دەگرێتەوە. تایلۆر بەمجۆرە ئەڵێت کە لانیکەم لە مانای سنووردارادا ئاوەزمەندییەکە بناغە و بنەمای تیئۆری پێشکەوتوو نیوکلاسیکی ئابووری بچووك پێکدێ و مانکۆر ئەلسۆنیش[4] کەڵك لەم تیئۆرییە دەگرێ (١٩٦٥) و ئەڵێت: سەرمایەداران لە کردەیەکی شۆڕشگێڕانە تەنیا ئەو کاتەی ئاوەزمەندانە رەفتار دەکەن کە بەرجەوەنێکی شیاویان لە دەسکەوتی بەشدارییان لەپێش بێ و تەنیا بەم هۆکارەیە کە "شۆڕشە کۆمەڵایەتییەکان وەبەرهەم هاتووە"، کە هەتاکو هەنووکە یان تەنیا لەکاتی گەیشتن بە سەرمایەداری پیشەیی، یان پێش ئەوە روویان داوە (تایلۆر ١٩٨٨، لاپەڕەی ٨١). ناوبراو جیا لەوە ئەڵێت کە لە زۆربەی فاکتۆرە پێکهاتەییەکان و رەوشێك کە ئەسکۆك پۆل هێناویەتە ئاراوە شتێك لە ئارادا نییە کە لەگەڵ روونکردنەوەکاندا لە ناتەباییدا بێ کە بەشێك لەوانە وشیارانەیە. جان رۆمر[5]،

(1) Michael Taylor
(2) Rationality and Revolution
(3) Coaliton - Buiding
(4) Mancur Olson
(5) John Roemer



لە هەمان کۆبەندی (تایلۆر ١٩٨٨، لاپەڕەی ٢٤٤) بە شێوەیەك جێی رەزامەندی ئەڵسێت کە خەڵك تەنانەت لە بارودۆخێکی شۆڕشگێڕانەدا لەڕووی باوەڕ و ئیمانەوە کار بکەن و بەرژەوەندی تاکەکەس لەبەرچاو نەگرن، جیا لەم راستییە کە پشت بە وەها باوەڕمەندییەك دەبەستن، رەنگە بە باشی دەرخەری ئەم کارە بێ کە "بنەمای مۆراڵی بۆ پتەوبوونی پێویستی بە لێهاتووییە، رەنگە مومکین بێ هۆکاری پێشوازی لە وەها باوەڕمەندییەك هۆیەکی دیکەشی هەبێ".

وەهایە کە لێنینی شۆڕشگێڕ، لە کردەدا بۆی دەردەکەوێ کە ئەگەر دەروەست بە چاکسازی پلە بە پلەی سامان نەبێ، ئەگەری سەرکەوتنی دوور لە چاوەڕوانییە، لە کاتێکدا حکوومەتی "تەزار" دیاریدەکا. گەر بیهەوێ هێڵێکی رەش بەدەوری ئارمانە شۆڕشییەکان دەکێشێ. لە بەرژەوەندی ئەودایە کە چەوسانەوە و ناهەقی پتر لە هەقی هەژاراندا بە رەوا بزانێ تاکو ساماندااران. هەروەها ئێمە شاهید بووین کە چلۆن جۆن ئەلستر بە شێوەیەکی هاوشێوە لە تیئۆری ئاوەزی و بژاردەکردن کەڵك وەرگرێ تاکو هەڵەی پرولتاریا یان بورژوازی لە شێوە رێکاردا روون بکاتەوە بەو جۆرەی کە مارکس لە ساڵی ١٨٤٨دا چاوەڕوانی هەبوو.

### "بیردۆزییە زانستی ـ کۆمەڵایەتییەکان"

بیردۆزی لە زانستە کۆمەڵایەتییەکان دەستەواژەیەکە زۆر سنووردارترە لەو شتەی کە رەنگە لە هزری ئەسکۆك پۆلدا بووە. بەو جۆرەی کە تەدگار (١٩٧٠، لاپەڕەکانی ١٨ ـ ١٧) ئاماژەی پی دەدا:

"پێوەری زانستی و سەرەکی بۆ بیردۆزی ئەوەیە کە بە شێوەی ئەزموونی شیاوی پێوەر بێ. تایبەتمەندی چوارلایەنەی بیردۆزییەك کە هەڵسەنگاندنەکەی ئاسان دەکا بریتییە لە پەسندی لابردنی، روونی لە پێناسەدا، ناسینی گۆڕانە جۆربەجۆرەکانی پێوەندیدار لە ئاستی جیاوازی شیکردنەوەدا و شیاوی گشت گیلارکردنی بەکۆمەڵی رووداوەکان لە راستای شیکردنەوەدا. دوو تایبەتمەندی یەکەم مەرجی پێویستە بۆ هەڵسەنگاندنەکان و دوو تایبەتمەندی دیکە دڵخوازن".

گشت نموونەکانی سەرێ ڕەنگە ڕاست بن، هەر بەو جۆرەی کە دەبیینین ئەو شتەی کە بایەخی بە تەدگار داوە، لانەدانی ئەو لە پرەنسیپێکە کە خۆی دایڕشتووە. گرفتی بەدەستهێنانی سەنتێزێکە لە نێوان سێ بیاڤی سەرەکی کە ڕوونکردنەوە لەواندا وەبەر "مەداقە" کەوتووە: بیاڤی دەروونناسی و بیاڤی کۆمەڵناسی و بیاڤی سیاسی کە لە جۆری خۆیدا بە کارێکی دوور لە لۆژیك بەرچاو ناکەوێ.

**"ڕوونکردنەوە دەروونناسییەکان"**

خەڵك، لانیکەم لە شۆڕشی مەزنی فەرەنسا بەولاوە لە هەولێ ئەوەدا بوون تاکو دەستیان بە ڕوونکردنەوەی دەروونناسییەکان لە شێوازی هەڵسوکەوتی شۆڕشگێڕان رابگا. ڕوونکردنەوە سەرەتاییەکان لەبەر ئەوەیکە ئاوێتەی بۆچوونە زانستییەکانن، بۆ وێنە ئەو خاڵە لاوازانەی کە بە شێوەی ژێنێتیکی لە مرۆڤ دایە، زۆر جێی ڕەزامەندی نین. جیا لەو تەنانەت بەدوای ئەوەیکە دەروونناسی مۆدێرن وەك لقێك لە زانست هاتە ئاراوە، توێژینەوە لەسەر کردەی بەکۆمەڵا دووچاری دوایی هەڵسەنگاندن بوو کە لەوە وەك"زەینی بەکۆمەڵا" چاوی لێ دەکەین، کە بە گوتەی دەروونناسی فەرەنسەویی، گۆستاو لۆبۆن[1] (١٩٦٠) بەرپرساری جۆرێك لە کردەوەیەکی کە خەڵك لە بارودۆخی ڕاپەڕینیدا لە خۆیان نیشاندەدەن.

تروتر[2] گەرچی هێشتا لەژێر کاریگەری "زەینی بەکۆمەڵا" (کە خۆی ئەوە بە "وارسکەی بەکۆمەڵا"[3] لێکدەداتەوە) و کەسێکە کە یەکەمین هەنگاوی پێشەنگایەتی لەم بوارەدا لە ساڵەکانی شەڕی یەکەمی جیهانی هەڵێناوەتەوە و ڕەزامەندی لەسەر گرینگی هەستە شاراوە تاکەکەسییەکان هەبوو. ئەوێرت مارتین[4] (١٩٢٠) چەمکی "وارسکەی بەکۆمەڵا" ڕەتدەکاتەوە، بەڵام بە جێگای ئەوە کرداری ئاشکرای نامۆڕالی جەماوەری بە "ڕێککەوتنێکی دوو لایەنە لە قەڵەم دەدا کە لە

(1) Gustave le Bon
(2) Willian Trotter
(3) Herd Instinct
(4) Everett D. martin



ئاکامی بابەتگەلێکن کە لێی بێبەش کراوین". ئوێرت لەم پێوەندییەدا پەیڕەوی لە پێرۆچارلز ئەلود[1] دەکا کە گرینگی بە چۆنییەتی کردەی جەماوەر لە هەلومەرجی ڕاپەڕین و شۆڕش دەدا، ئەو جەماوەرەی کە لە چوارچێوەی پێوەرە سروشتییەکان و پێوانەی دادوەرییەکان بێبەش کراون. لەم کردەدا گرتنەبەری ڕێکارە نایاساییەکان، دوور لە چاوەڕوانی نییە و بەم جۆرە لە بارودۆخی ئاڵۆزی ڕاپەڕین و شۆڕشێك دایە کە پاش سەرکەوتن، هەموو دامەزراوە کۆنەکان لەبەریەك هەڵدەوەشێنێتەوە و گۆڕانکارییە خێرا و بەربڵاوەکان هەموو شوێنێك دەتەننەوە و بە جۆرێك کە لە بارودۆخی سروشتیدا وێنا کردنی نەلواو دەبێ.

هەموو تیئۆرییەکانی دەروونناسانە لەسەر شۆڕش بە گوێرەی پێوانەیەکی ئاشکرا بەرەوڕووی شکست هێنان دەبێتەوە: ئەم تیئۆرییانە گریمانەیان لەسەر ئەوە داناوە کە کردەی هەموو خەڵك لە بارودۆخێکی شۆڕشگێڕانە بەرابەرە، بەو مانایە کە هۆکاری دەروونناسی لە پشت شۆڕش لە ئارادایە. لە ڕاستیدا لەو کاتەوە کە شۆڕشی مەزنی فەرەنسا (١٧٨٩) تاکو ئێستا لە کردەی ڕێبەری نەکراوەیی جەماوەردا ڕۆڵێکی ئەوتۆی لە شۆڕشەکاندا نەگێڕاون، گەرچی هیچ کەس گرینگی هۆکارە تاکەکەسییەکان لە دیاریکردنی ڕۆڵێك کە خەڵك لە هەلومەرجی شۆڕشدا دیاریدەکەن نکۆڵی لێناکا، هەمدیسان ئێمە، جیا لەمەڕ کۆمەڵێك ڕێبەر، بە تەواویی هێشتا نازانین کە خەڵك بۆچی بەم شێوەیەی کە تاکو ئەمڕۆکە دیومانە ڕەفتاریان کردووە.

بەخۆشییەوە دەروونناسی کە لە دەیەی ١٩٢٠ بەردەوام کەوشەنی توێژینەوە لەسەر بابەتە تاکییەکان و بە گوێرەی شێوازی دەرمانی بووە، بەردەوام لە ڕوونکردنەوەی گرووپی[2] ئەویش بەمجۆرە خۆی پاراستووە. هەنووکە هەرچەند لێکۆڵینەوە سەرەتاییەکانی فەرۆید لەسەر ڕێبەرایەتی سیاسی پتر لەم سۆینگەوە سەرنجی پێ دەدرێ کە تیشك دەخاتە سەر بابەتەکانی ئەوە تا ئەوەیکە بە مەبەستی بەدەستهێنانی

(1) Charles Ellwood
(2) Group Explanation

زانیاری لە ناوەرۆکی ڕێبەری، دیسان دەبێ بڵێین کە ئەمە فرۆید بوو کە چەمکی "زەینی گرووپی لە هزرەکاندا شۆردەوە و ڕوانینەکانی بۆ کردەی باشاریانەی تاك لەگەڵ بەرانبەر کۆکردەوە.

تیئۆرییە دەروونناسە مۆدێڕنەکان لەسەر شۆڕش، بە شێوەی گشتی کەڵك لە داتاگەلێك دەکا کە بێ شك بۆ مەبەستگەلێکی دیکە کۆکراونەتەوە. لەبەر کەڵکی ئاشکرا ئەم باڵە لە بەربژێر کردنی پیشەگەلێك وەك: خوازیارانی خزمەت کردن لە هێزە چەکدارەکان و بەڕێوەبەری ئیداری، بەرهەمی بەربلاو و بەرین لەسەر ڕێبەرایەتی، لەم بوارەدا هاتوونەتە ئاراوە. بڵاوبوونەوەی پەرتووکی کەسایەتی دەسەڵاتخواز[1] بەرهەمی ئادورتۆ[2] لە ١٩٦٤ یەکێك لە بەرچاوترین بەرهەمەکانە کە لەم بوارەدا بووەتە هۆی ئەوە کە دەوری ڕێبەری لە ژمارەیەك لە بارودۆخە جۆربەجۆرەکان بۆ وێنە شۆڕش سەرلەنوێ لێکۆڵینەوەیان لەسەر بکرێ. پەرتووکی کەسایەتی شۆڕشگێڕ[3] بەرهەمی وێلفەن ئەشتاین[4] (١٩٦٧) توێژینەوەیەکە کە ڕاستەوخۆ لە پەرتووکی سەرێ هەڵێنجێندراوە کە تێدا لێکۆڵینەوە لەسەر کارەکانی لێنین و تروتسکی و گاندی و هەروەها ژمارەیەك لە ڕێبەرانی دیکە کراوە.

بەهەرحاڵ لێرەدا بەرەوڕووی دوو گرفتی دیکە دەبینەوە کە بەرۆکیان بە ڕوونکردنەوە دەروونناسانە لە شۆڕشیان گرتووە. لەپێش هەموویان، گرتنەبەری ڕێکارە نوێنییەکانە کە لەمەڕ ڕێبەرە سیاسییەکان کەم تا زۆر نامومکینە، هەر چەند فرۆید هەڵسەنگاندنی کەسایەتییە مێژووییەکانی بە کەسایەتییەکانی هەنووکە شوبهاندووە. بەلام لێرەدا دەبێ بڵێین مەترسی کەوتنە ژێر باندۆری پاساوەگەگانی دۆری (Circular) لە ئارادایە، بۆ نموونە فلان ڕێبەر وەهای کرد، کەواتە دەبێ لە دەورانی منداڵیدا وەها ئەزموونێك ڕووی دابێ. هەڵبەتە پێویستی بە وتن نییە کە وەها

(1) The Authorion Personality
(2) Adorno
(3) The Revolutionary Personality
(4) Wolfenstein



گریمانەگەلێك پێویستی بە پەسندکردنی لە لایەن سەرچاوەکانی دیکەوە هەیە کە بێ شك پەیوەست بە دەورانی منداڵی ئەو کەسەوە بووبێ (بۆ وێنە ڕاپۆرتی خوێندنگا، نامەی یەکەمی کەسی خۆمان، بنەماڵە یان هاوڕێیانی ئەو و شتەکانی دیکە) و ئەمانە کاتێك ڕەوایە کە بڕیارە وەها گریمانەگەلێك بەهەند بگرین. دووهەم ئەوەیکە ڕێبەرایەتی شتێك نییە کە لە جیهانی بووندا بسەپێنرێ و بە دڵنیاییەوە کارکردی بێ ئەملاوئەولای تاکیش نییە.

ئەوەیکە لە هاوڕیایی دەروونناسی مۆدێڕن لەسەر ڕێبەرایەتی دێتە ئاراوە، ئەوەیە کە ڕێبەرایەتی کارکردێکە کە لە چوار فاکتەری جیاواز و لە هەمان کاتدا بە یەك گرێدراو: تاك، گرووپ، هەلومەرج و کردە. بەم پێیە گەرچی شیکردنەوە و ڕوونکردنەوەکانی شۆڕش ڕەنگە بەهۆی ڕۆڵی ڕێبەر یان ڕێبەرانی شۆڕشی دەستپێبکا، بەلام هەمدیسان هەتا کاتێك ئەم ڕوونکردنەوانە بواری کۆمەڵایەتی بەرینتری لە کارکردی ڕێبەرایەتی لەخۆ نەگرێ، بەهایەکی ئەوتۆی نابێ.

تەدگار لە بەرهەمی خۆی بەناوی "چرایی طغیان تودەها"[1] (١٩٧٠) کە بە مەزنترین پەرتووکی ئەو دێتە ئەژماردن، زۆر بە ڕوونی باسی بابەتی سەرەوە دەکا. ئەم بەرهەمە مەشقێکە بە مەبەستێکی ڕواڵەتی کە پابەندە بە گریمانەی دەروونناسییەوە کە لە سەنتزێك لە فەلسەفەی پەسند کراودا پەرەی گرتووە.

پەرتووکەکە زۆر پێوەندی بە پرسەکانی شۆڕشەوە هەیە، بەلام ڕاستەوخۆ گرینگی بە شۆڕش وەك مانای دروستی وشە نەداوە جیا لە دەقی بەرینی توندوتیژی سیاسی، واتە ئامانجی پەرتووك پێشکەشکردنی تیئۆرییەکی کۆبەند لەسەر توندوتیژی سیاسییە. بەم پێیە ئەو شتەی کە تەدگار هەوڵدەدا شیبکاتەوە، ڕووداوی توندوتیژی سیاسییە نەك شۆڕشی و لەو شوێنە کە شۆڕش خوازیاری بەکارهێنانی شوێندانەری توندوتیژییە، لە ئاکامدا لێکۆڵینەوەکانی لە تەنیشت زانیارییەکانی دیکە لەمەڕ شێوازێك کە توندوتیژی سیاسی لە کردەدا دەسەپێنێ، بەکار هێناوە.

(1) Why men Rebel

تەدگار بەریانی بەکارهێنانی توندوتیژی لە چەمکی کۆمەڵایەتی ـ دەروونناسی دۆزیوەتەوە، چەمکێك کە پێش لەوە بانگروندێك دەرمانی لەسەر توندوتیژی گرووپی زانیاریمان هەبووە، ئەم چەمکە سنووردارییە ڕێژەییە[1]. دەستەواژەیەك کە "باس لە کێشەیەك دەکا" کە لە کەلێنی نێوان "دەبێ"و "هەیە" لە وەڵامدانەوە بە بەها گشتییەکان سەرچاوە دەگرێ و هەر ئەمەیە کە مرۆڤەکان بەرەولای توندوتیژی رادەکێشێ"(گار ١٩٧٠، لاپەڕەی ٢٣). توندوتیژی بەگشتی قەوارەیەکی تایبەتییە لە توندوتیژی سیاسی کە تێدا گرووپێکی دیکە کە بۆ هەمان ئەو بەهایانە رکەبەرایەتی دەکەن، هۆکاری ناکۆکییەکان لە نێوان داواکارییەکان و ئاکامەکانی بەرهەم هاتوو دەردەکەوێت.

بەڵام گار دەیهەوێ تاکو ئەو جیاوازییەی کە بیردۆزانی توندوتیژی[2] لە نێوان بەکارهێنانی ئاوەزمەندی و نائاوەزمەندی توندوتیژی لە بەرچاویان گرتووە، خۆبوێرێ. بەڵام ناوبراو بە پێچەوانە لایەنگری لە جیاکردنەوەی ئەم سێ شێوازەییە کە بێبەشی ڕێژەیی لەواندا دەرفەتی هاتنەئارای دەبێ و بەجۆرە لە "بێبەشی سنووردار"[3] کە تێدا داواکارییەکان بەردەوام هەر لە جێی خۆیدا دەمێنێتەوە بەڵام تواناکان دەرهەق بەو ویستانە بەرەو لای دەروات، "بێبەشی ئارمانی"[4] داواکارییەکان رۆژ بە رۆژ پتر دەبێ بەڵام توانایەکان لەجێی خۆیدا دەمێنێتەوە، "پەرەگرتنی بێبەشی"[5] کە تێدا داواکارییەکان پەرە دەگرێ، بەڵام بەرزبوونەوەی تواناکان دادەبەزێ. هەر سێ شێوازەکە پێوەندییان لەگەڵ توندوتیژی سیاسی هەیە. بەڵام گار لەو بڕوایەدایە لەم سێ شێوازە، یەکەمینیان واتە بێبەشی سنووردار کۆمەڵێك دەیگەڕێننەوە بۆ سەرهەڵدانی نازیسم لە ئەڵمانیا و لە مێژوو باوترین شێوازەکانە.

(1) Relative Deprivation
(2) Confilict Theorists
(3) Decremental Deprivation
(4) Aspirational Deprivation
(5) Progressive Deprivation



دووهەمین شێواز "شۆڕش چاوەڕوانی گەشەکردنی رۆژ لەگەڵ رۆژە" کە دیاردەیەکی نوێیە. خاڵی سەرنجڕاکێشی ئەم دیاردەیە پتر بەهۆی لێکچوونی لەگەڵ گریمانە مارکسیستییەکانە کە کۆبوونی سامان لەدەستی کەمینەدا بە فاکتەرێك دەزانێ بۆ بیچمدانی هۆیە شاراوەکانی شۆڕشێکی کۆمەڵایەتی. سێهەمین شێواز، شێوازێکە کە زۆرتر لە پێوەندی لەگەڵ شۆڕشە مەزنەکان لە رابردوودا کەڵکی لێ وەردەگیردرێ.

"منحنی جی" دەیویس[1] (١٩٦٢) ئەڵێت: " شۆڕش بە شێوەی تا رادەیەك چاوەڕوانکراوە کاتێك روو دەدا کە ماوەیەکی زۆر کورت لە وەستان بەدوای ماوەیەکی زۆر دوورودرێژ لە گەشەی ئوبژەکتیڤی ئابووری و کۆمەڵایەتی بێتە ئاراوە"، شکە دەیویس بۆ ئەم بانگەشەیەی ئاماژە بە شۆڕشی فەڕەنسا، رووسیا و میسر دەکا، هەروەها دەرکەوتن و بەهێزبوونی نازییەکان لە ئەڵمانیا و "ڕاپەڕینی دۆر"[2] لە رووداوایلەند[3] لە ساڵی ١٨٤٢ لەم نموونەوە سەرچاوە دەگرێ. بەهەرحاڵ هەرکام لەم سێ بارودۆخەی سەرێ بە تەواوەتی دەبێتە هۆی دەرکەوتنی نارەزایەتییەکان و بە واتایەکی دیکە "هێزێکی بەتوانای ملیشیان بۆ توندوتیژی گشتییە".

گار باوەڕی بە کەڵك وەرگرتن لە توندوتیژی سیاسی و ناوەرۆکی چاوەدێری داپڵۆسێنەرانە و پشتیوانی دەزگاکانی ژێر فەرمانی رژێمی دەسەڵاتدار بە "هۆکاری دەست نیشانکەری کۆتایی زنجیرە هۆیەکان لە قەڵەم دەدا کە هانەی دوژمنایەتی و ناکۆکی پێوەند دەدا بە گەورەیی لایەنەکان و جۆرەکانی توندوتیژی (گار ١٩٧٠، لاپەڕەی ١٥٥). گار لە کۆتایدا ژمارەیەك لە مۆدێلە رواڵەتییەکان دەستنیشاندەکا کە بنەمای شیکردنەوەی فرە گۆڕانن لە داهاتوودا، ئەو لەو مۆدێلەدا پێشاندەدا کە گۆڕانەکانی لە چ هەلومەرجێکدا دەبێتە هۆی بشێویی یان پیلان، یان شەڕی نێوخۆیی.

(1) Davies J0 Curre
(2) Dorrs Rebellion
(3) Rhode Island

کار، لەو کاتەدا کە ناچارە تاکو دەرئەنجامەکان شیبکاتەوە، لە زێواری دەروونناسی دێتە دەرەوە و روو لە کۆمەڵناسی دەکا، لە راستیدا مۆدێلە رواڵەتییەکانی ناوبراو، فاکتەرگەلێك نیشان دەدا کە لە باشاری نێوان حکوومەت و ئۆپۆزیسیۆن سەرچاوە دەگرێ و مۆدێلگەلێکی پەسندکراو لە توندوتیژین. لەم پرۆسەیەدا ئەو پرسیارانەی کە دەبێ وەڵام بدرێنەوە، رەنگە کەمتر لەبەرچاو بێ، پرسیارگەلێك وەك: چلۆن دەکرێ بزانین کە بۆ خەڵك چ شتهایەك بایەخیان هەیە و چاوەڕوانییەکانیان تا چ رادەیەك وەپێش توانایەکانی ئەوان دەکەوێ؟ لەم رووەوە، خاڵی سەرنجراکێش کە لە پەرتووکی گار وەبەرچاو دەکەوێ پتر بەهۆی ژمارەیەك لە پرسیارەکانە کە دەیهێنێتە بەر باس نەوەك ئەو وەڵامانەی کە دەیداتەوە.

## "روونکردنەوە کۆمەڵناسییەکان"

ناسراوترین روونکردنەوەکانی کۆمەڵناسی لە شۆڕش، چ مارکسیستی و چ دوور لە مارکسیستی، روونکردنەوەگەلێکن لەسەر بنەمای رۆڵ[1]. سەقامگیری کۆمەڵگا بەستراوەیە بە سیستمێکی کۆمەڵایەتی کە بەردەوام لە هەوڵی هێنانەئارای چاوەڕوانییەکانی هاووڵاتیانی ئەو کۆمەڵگان. ئێستا گەر کۆمەڵگا نەتوانێ وەڵامدەری وەها پێداویستییەك بێت، ئەو هاوڕاییە کۆمەڵایەتییە لەسەر بەهاگەلێك کە حکوومەت جێبەجێکاری رۆڵی خۆی دەزانێ، لەدەست دەچێ و بە لەدەستدانی ئەو هاوڕاییە، رێگا بۆ چین و توێژەکان خۆش دەکرێ تاکو سیستمی زاڵ لەبەریەك هەڵوەشێننەوە. کۆمەڵێك روونکردنەوە ئەم جۆرە گواستنەوە دەسەڵاتەی بە پرسێکی بێبایەخ دەخەملێنێ کە بە جێگای ئاسانکاری لە گۆڕانی کۆمەڵگایەتی کە رووی داوە، بە تەواویی هەوڵی ناودێرکردنی دەدا و لانیکەم لە خاڵێکداو ئەویش شۆڕشی ئەمریکا بە تەواویی یەکدەگرێتەوە.

لی فۆرد ئەدواردز[2] (١٩٧٠) نموونەیەکە لە یەکەمین نووسەرانی کۆمەڵناس لەم بوارەدا کە بە جیددی لە هەوڵی ئەوەدا بوو تاکو ئەزموونی شۆڕشی فەڕەنسا وەك

---

(1) Functionalist Explanations
(2) Ly For Edwards



رەوتی بزاوتی شۆڕش گشتگیر بکا. لە روانگەی ئەو شۆڕش پێش ئەوەیکە بایەخی سیاسی لەخۆ بگرێ، خاوەنی بایەخی کۆمەڵایەتییە و هەر ئەم باوەڕە بووەتە هۆی ئەوە کە تاکو شەو رۆڵی هۆکارەکانی توندوتیژی رووبەڕوو بوونەوە و گواستنەوەی دەسەڵات بچووك نیشانبدا. ناوبراو ئەڵێت کە "رووخانی نیزامی پاشایی و دەرەبەگایەتی لە فەڕەنسا شۆڕشی فەڕەنسای لێ نەکەوتەوە، بەڵکو شۆڕش بە تەواوەتی پەردەی لەسەر ئەو راستییەی هەڵدایەوە کە دەسەڵاتی راستەقینە لە فەڕەنسا لە لایەن پۆلینی نێونجییەوە گوازراوەتەوە" (ئەدواردز ١٩٧٠، لاپەڕەی ١٦). ئاماژە کردنی ئەدواردز بە شۆڕشی فەڕەنسا جێگای بایەخە، چونکە لە روانگەی ئەوەوە، ئەوە دیاردەی شۆڕشی مەزنی فەڕەنسایە کە پرۆسەی شۆڕش لە جیهاندا لەگەڵیدا دەستپێدەکا و گۆڕانێکە لە راستای پشتیوانی لە چینی رووناکبیر. رووناکبیران لەسەر دواندنی بۆ سیستمی کۆن خۆیان بوارد و سەرنجیان بۆ لای وێناکردنی کۆمەڵگایەکی نوێ بوو. رووخانی نیزامی کۆن، هەم پەرەی بە گەشبینی دا و هەم جووڵانی جەستەییش، رووناکبیران شۆڕشیان پیرۆز کرد، چونکە یەکیەتی و یەکڕیزیی لەنێو کۆمەڵگادا پێکهێنا و لە ئاکامدا رێژەی تاوانیش دابەزی. حکوومەت رووی لە توندرۆیی کرد چونکە ئەوان فیداکاری و یەکیەتیان کردبوو بە ئامانجی خۆیان و ئەو کاتە لە دەسەڵاتدا مانەوە بە متمانە بە خۆبوونێك هاتبوونە گۆڕەپانەوە کە لە باوەڕمەندی ئەوانەوە سەرچاوەی دەگرت و هێزی خۆیان بەوپەڕی بێبەزەییانە و سەرکەوتنی بەرچاوەوە کەڵکیان دەگرت. گیان لەدەستدانی خەڵکانێك لە پێناو ئافراندنی سیستمێکی نوێ بە کارێکی پۆزەتیڤ لە قەڵەم دەدرا. ئەم سەردەمانە وەها گوشارێکی خستە سەر سروشتی مرۆیی کە خۆی لە خۆیدا دژکردەوەکەی گەڕانەوە بە حاڵەتی سروشتی بوو. ئەدواردز ئەڵێت وەها گەڕانەوەیەك زۆرتر لەژێر بەڕێوەبەرایەتیی هەمان رێبەرانی پێشوودا دێتە ئاراوە و ئەمە تایبەتمەندی هەموو شۆڕشەکانە.

پەتی (١٩٣٨) بۆ شیکردنەوەی شۆڕش لە دەستەواژەی "ناهاوسەنگی کۆمەڵایەتی" کەڵك وەردەگرێ. ناوبراو بە کەڵك وەرگرتن لە دەستەواژەگەلی

کۆمەڵناسی پاراسونز[1]، هەر لە بنەڕەتدا کۆمەڵگا بە ناسەقامگیر لە قەڵەم دەداو هاوسەنگی بە ڕەوشێکی سروشتی دەخەملێنێ کە کۆمەڵگا لەدوای ماوەیەك قەیران و ئاڵۆزی بەریانی گەڕانەوەی بۆ دۆخی پشێوی هەیە. وەها دۆخێك دەکرێ بە گۆمێك بشووبهێنین:

کاتێك گۆمەکە لەگەڵ کەم ئاویی بەرەوڕوویە رادەی ماسییەکانیشی تێدا کەم دەبێتەوە و کاتێ ئاوی گۆمەکە زیاد دەکا ژمارەی ماسییەکانیش سەرلەنوێ چەند قات دەبێتەوە. ئەو رەخنانەی کە لە وەها شوبهاندنێك دەگیرێ، زۆر ئاشکرایە. کۆمەڵگا، بە پێچەوانەی گۆم بەردەوام لە حاڵی گۆڕاندایە. گەر کۆمەڵگا لە دۆخی سروشتی خۆی بترازێ، چلۆن دەکرێ رادەی ئەم ناهاوسەنگییە دەستنیشانبکرێ کە تێدا گۆڕانە بنچینەییەکان پێشی پێ ناگیردرێ؟

هەڵسەنگاندنی جان سۆن (١٩٦٤و ١٩٦٦) کە گار چەمکی بێبەشی رۆژ لەگەڵ رۆژ خۆی بە هی ئەو دەشوبهێنێ، لە رێکخستنێکی چڕتر بەهرەمەندە. بە پێچەوانەی گار، جان سۆن بەدوای دەستنیشانکردنی هانە دەروونناسییەکاندا نییە بەڵکو بە شێوەی جیددی جەخت لەسەر پێشهاتە کۆمەڵایەتییە شوێندانەرەکان دەکا. زێدەباری ئەوەش، جان سۆن، بۆ جیاکردنەوەی ئەوەیکە بۆ تێگەیشتن لە شۆڕشە مەزنەکان دەبێ ئەوانە لە پانتاییەکی بەربڵاوتردا وێنا بکەین، پانتاییەك کە هەموو رووداوەکانی دیکە بە مەزنی و بچووکی لەخۆ بگرێ، لۆژیکی پاساوی خۆی هەنگاوێك زیاترە لە کۆمەڵێك لە کۆمەڵناسانی پێشوو دەباتە پێشەوە. "دیاردەی شۆڕش سەرەتا دەبێ هەم لە دەق و هەم لە پێوەندی لەگەڵ سیستمی کۆمەڵایەتییەك دابڕێژێ کە تێدا شۆڕش روو دەدا و دەبێ لەژێر تیشکی ئەوەیکە لەسەر گۆڕانە کۆمەڵایەتییەکان و گەشە سیاسییەکان دەزانین، بە هەند وەربگرین.

(1) Talcott parsons



ئەوەی کە گوترا جان سۆن هەوڵی دەدا تاکو پێناسەی زیگمۆند نۆیمان[1] (١٩٤٩ لاپەڕەکانی ٤- ٣٣٣) لە شۆڕش وەك پێناسەیەکی سەرەتایی کەڵك وەربگرێ، پێناسەیەك کە ئەڵێ: شۆڕش خاڵی وەرچەرخانی بنەڕەتی و گشتگیرە لە رێکخراوێکی سیاسی، پێکهاتەی کۆمەڵایەتی و چاودێری بەسەر سامانی ئابووری و کارێزمای دەسەڵاتدار بەسەر کۆمەڵگادایە و دەبێتە هۆی پێکهاتنی ئاستەنگێکی مەزن لە بەردەم پەرەی بەردەوامی کۆمەڵگادا. جان سۆن بە پێچەوانەی هانا ئارنەت[2] (١٩٦٣ کە جەختی دەکردەوە کە شۆڕش تەنیا گۆڕانکارییەك نییە، بە وردی باس لەوە دەکا کە شۆڕش نوختە گۆڕانێکی کۆمەڵایەتییە، کە هەڵقوڵاوە لە نەبوونی هاوسەنگییەکی گونجاو کە گشت سیستمەکە لە بارودۆخێکی تایبەتیدا دووچار کردووە. چەواشەکاری و تێکچوویییەك کە لە نەبوونی هاوسەنگی کۆمەڵگا دێتە ئاراوە، کاتێك کە لەگەڵ رێکنەکەوتنی بژاردەکانی کۆمەڵگا رووبەڕوو دەبێتەوە، هۆکاری پێویستی شۆڕش بەرهەڤ دەکا. "بۆ هاتنەدی شۆڕش پێویستی بە دوو فاکتەر هەیە و یەکێك لەو دوانە هەمیشە بژاردەکانی دۆخی ئیستایین". (جان سۆن ١٩٦٤، لاپەڕەی ٦).

هەر پێشهاتێ کە وەك خێراکەری "چەواشەکاری" بێتە گۆڕەپانەوە، واتە، یەکێك لە چەندین "رووداوە جۆراوجۆرەکان کە رۆڵی کاتالیزۆر دەگێڕێ، یان ئەوەیکە ئاستی چەواشەکاری زەقدەکاتەوە کە دۆخی راپەڕین و شۆڕش بەرهەمی ئەوەیە، دەبێتە هۆکاری پێویست بۆ سەرهەڵدانی شۆڕش (جان سۆن ١٩٦٤، لاپەڕەی ١٢)، ئەمڕۆکە مارکسیستەکان رەنگە بڵێین کە شۆڕش کردەیەکە بە تەواوەتی لێبڕاو و حەتمییە.

جان سۆنیش هەر وەك چۆرلی، گرینگییەکی تایبەتی بە دەوری هێزە چەکدارەکان دەدا. شۆڕش بۆ ئەو وەبیرهێنەرەوەی راپەڕینی چەکدارانەیە، بەو مانەیە گەر گۆڕان و وەرچەرخانێك بەبێ راپەڕین بێتە ئاراوە، دەبێ بڵێین تەنیا گۆڕانێك رووی داوە نەوەك شۆڕش کراوە. نموونەیەك کە لەم پێوەندییەدا دێنێتە گۆڕێ، رووخانی سەرۆك پەروەری

(1) Sigmond Neumann
(2) Hannah Arendt

تۆكۆگاوا[١] لە ژاپۆنە، هەڵبەت گەر دادپەروەرانە حوكم بكەین دەبی بڵێین كە لەم دوو داوە رێكاری توندوتیژی لە ئارادایە، هەروەها توێژەرێكی زۆریش هەن كە سەردەمی گەڕانەوەی مێژی[٢] وەك هێزی شۆڕش لێك دەدەنەوە. هەڵبەت گومان لەوەدا نییە كە حكوومەتێك بە تەواو هێزەوە لە پشتیوانی سوپایەكی چالاك و راهاتوو و ئەمگناس بەهرەمەند بێ، هەر جۆرە راپەڕینێك بە دژی حكوومەت لەگەڵ سەرنەكەوتن نسكۆ بەرەوڕوو دەبێ، چونكە ئەفسەرەكان خۆیان بەشێكی هەڵبژێراوی كۆمەڵگان، ئیدی كاربەدەستانیش بە شێوەیەكی شوێندانەر لە كۆمەڵگایەك كە تێدا دەژین جیا بوونەتەوە، ئەمە خۆی بەو مانایە كە لە هەلومەرجی راپەڕیندا هێزە چەكدارەكان لە ئاستێكی بەرز لەسەربەخۆبوون و بڕیاردان بەهرەمەندن.

باوەڕمەندی سەرەوە، جان سۆنی ناچار بە هێنانە ئارای بنچینەناسی شەش لایەنی شۆڕش كردووە كە بریتین لە: راپەڕینی جووتیاری[٣]، راپەڕینی سەراسەری[٤]، راپەڕینی دژەحكوومەتی[٥]، شۆڕشی كۆمۆنیستی ژاكوبێنی[٦]، كودەتای پیلانگێڕانە[٧] و راپەڕینی چەكدارانەی جەماوەری[٨]. بۆ ناسینی ئەم ریزبەندییە، دەبێ بایەخ بە چوار مەرج بدەین: ئامانجەكانی ئۆپراسیۆن، ناوەرۆكی راپەڕیوان، ئارمانجەكانی شۆڕش، هەروەها وێنای شۆڕش لەپێشدا گەڵاڵەی بۆ داڕێژرابێ، یان بە شێوەی خۆڕسكانە دەركەوتبێ.

راپەڕینی جووتیاری راپەڕینێكە كە ئەو چینەی كە لە لایەن دەرەبەگەكانەوە دەچەوسێنەوە بە مەبەستی قەرەبووی دادپەروەرانەیە رێگای راپەڕین دەگرنە بەر. راپەرینی سەراسەری، چ لە شار و چ لە گوندەكان، رۆچوونێكە كە بە هیوای گۆڕانی

---

(1) Tokugawa Shogunate
(2) Meiji Restoration
(3) Jacouerie
(4) Millenarian Rebllion
(6) Jacobin Communist Revolutions
(7) Conspiratorial Coups Detat
(8) Militarized Mass Insurrection



بنچینەیی لە جیهاندا كە تێدا هەموو شتێك سەرلەنوێ دروستبكرێتەوە، دێتە ئاراوە. راپەرینە دژە حكوومییەكان، دژكردەوەیەكە دەرهەق بە مۆدێرنیزاسیۆن كە لە بەرانبەر هێژمۆنی حكوومەتدا نافەرمانی دەگرێتە بەر و بەدوای گەڕانەوە بۆ سیستمی پێشوو ئاوێتە بە هەستی بەداخبوون بۆ رابردووە. هەر سێ نموونەكەی سەرەوە خۆرسكانێكی تاكی و كردەیی چین و توێژەكان لەخۆ دەگرێ. لە سێ نموونەی دیكەدا، ئەمە بژاردەكانن كە جەماوەر رێبەری و بە گوێرەی ئەوان گەڵاڵەی بۆ دادەڕێژن. شۆڕشی كۆمۆنیستی ژاكوبێنی "شۆڕشگەلێكی مەزنن" كە شۆڕشی فەڕەنسا وەك نموونەیەكی كۆنی ئەم ریزبەندییە بچووكە هاتووەتە ئاراوە. بەڵام یەكێكی دیكە لە نموونەی شۆڕشە مەزنەكان لەم ریزبەندییەدا، لە شوێنگەی پێنجەمدا، واتە لە كودەتای پیلانگێڕانەدا جێ دەگرێ (بەڕاستی پێداگری لەسەر ناوەرۆكی پیلانگێڕانەی كودەتا بۆچی؟ گەلۆ تاكو ئێستا كودەتایەك رووی داوە كە بەدوور لە پیلان بێت؟)، نموونەیەكی دیكە لە ریزی شەشەم، واتە راپەڕینی چەكدارانەی جەماوەری كە لە لای كۆمەڵە كەسانێكەوە بە "شەڕی چریكی" ناسراوە.

نانۆرمییەك كە ئەم ریزبەندییە لەگەڵی رووبەڕوویە، بە تەواوەتی ئاشكرایە. هیچ هۆیەكی روون لە ئارادا نییە كە بۆچی ریزبەندی شۆڕش بۆ ئەم شەش بابەتە كورتكراوەتەوە و لەوەندە زیاتر تێنەپەڕیوە. لە راستیدا نموونەگەلێكی زۆری پێوەندیدار بەم سێ بابەتەی یەكەم، واتە، (راپەڕینی جووتیاری، شۆڕشی سەراسەری و راپەڕینی دژی حكوومەت) پێشكەشی كراون كە بە دژواری دەتوانین ناوی شۆڕشی لێ بنێین، چونكە یان سەرنەكەوتوون لە رووخاندنی حكوومەت، یان نەیانتوانیوە گۆڕان لە سیستمی كۆمەڵایەتیدا پێكبێنن. جانسۆن وەك كۆمەڵناسێك داكۆكی لەم هەڵسەنگاندنە دەكا كە جیاوازی لە نێوان شۆڕش و راپەڕین بۆ كۆمەڵێك مەبەست لە گرینگییەكی ئەوتۆ بەهرەمەند نییە، گەرچی كاتێك باسی ستراتیژیكی شۆڕش لە ئاردایە ، لە نێوان سەركەوتن و نسكۆدا جیاوازییەكی لە رادەبەدەر لە گۆڕێیە. بەنجامین فرانكلین پێویستیی بەدەستهێنانی سەركەوتنی راپەڕیوان بە كورتترین جۆری

وێنا کردووە: "یان دەبێ هەموومان یەکبگرین یان تاکە تاکمان هەڵدەواسن". بە هەرحاڵ، جان سۆن تێگەیشتووە لۆژیکێك کە خەڵکی بۆ لێکۆڵینەوە لەسەر شۆڕشە مەزنەکان پاڵ پێوە دەنێ، لە قۆناخی یەکەم بەو مانایە کە جۆری بچووکتری ئەوانە دەبێ توێژینەوەیان لەسەر بکرێ.

جان سۆن، لە پەرتووکەکەیدا لەژێر ناوی گۆڕانە شۆڕشییەکان[1] (١٩٦٦) پێداچوونەوە بە هەڵوێستەکانی دەکا و سەرلەنوێ جەخت لەسەر گرینگی هاوسەنگی کۆمەڵگا دەکاتەوە و ئەم کەم و کووڕییە بە ئاکامی بەلارێداچوونی پێکهاتەی بەها کۆمەڵایەتییەکان لە قەڵەم دەدا کە لەگەڵ گۆڕانی دۆخی سیاسی-کۆمەڵایەتی هاوئاهەنگ نین. بەگوێرەی پاساوی ناوبراو ئەو کاتە گۆڕانێك دێتە ئاراوە ئەو زیانانەی کە بە دەسەڵات[2] دەدرێ، دەردەکەوێ، بارودۆخێك کە تێدا هەڵبژێراوانی دەسەڵاتدار بە شێوەیەکی بەرز لە راستای پاراستنی پێگەی خۆیان کەڵك وەردەگرن و ئەگەر لە هاوئاهەنگ کردنی خۆیان لەگەڵ بارودۆخی لە حاڵی گۆڕانی کۆمەڵگادا لاواز و بێ توانا بن، پێش مەرجگەلێکی سەرەکی لە راستای سەرهەڵدانی شۆڕش دەردەکەون.

جان سۆن گەڕان و پشکنینەکانی بۆ دۆزینەوەی هێماگەلێك لەسەر نەبوونی هاوسەنگی کە رەنگە بکرێ لەوانە وەك کۆمەڵێك بنەمای بەرچاو و گرینگ لەبەریان بۆ لای شۆڕش لە کۆمەڵگا دەستنیشانبکرێت درێژە پێدەدا. لە رابردوودا خۆکوژی، تاوان و رێژەی بەشداری سوپا وەك فاکتەری مومکین پێشنیار کراوە، بەڵام لە تاوتوێ کردنەکانی ئەم دوایانە چەندین هۆکاری دیکەشی دۆزیوەتەوە و ناوی "مەترسی هەڵگری سیاسی"یان لەسەر داناوە[3].

هەر بەو جۆرەی کە باسکرا، دوایین مەبەست بۆ شۆڕش جۆرێك لە هۆکاری "خێراکەرەوە"یە، کە هەڵبەت ئەم هۆکاری خێراکەرەوە، لە بنەڕەتدا شیمانە

(1) Revolutionary Change
(2) Power Deflation
(3) Politicalrisk



نەکراوە کە ئامادەکردنی هەر جۆرە سیستمێك لەسەر ئەوانە تا رادەیەك ناگونجاوە. ئاریشەیەك کە هەموو روونکردنەوەکانی سەرۆ لەگەڵی رووبەڕوون ئەوەیە کە هیچکامیان بە تەواویی هۆی سەرهەڵدانی شۆڕشەکان شیناکەنەوە، تاکو بگا بەوە کە هۆی روونەبوونی کاتی شۆڕشەکان. دێرۆك پڕە لە نموونەگەلێك کە کۆمەڵگا و ئەو حکوومەتانەی کە بە سەرنجدان بە وەها پێوانەگەلێك، دەبوایە تەمەنێکی کورتیان هەبوایە، کەواتە لەگەڵ بوونی ئەوەش بە شێوەیەك دەوامی بووە و مانەوەی خۆیان پاراستووە. بەتایبەتی ئیمپراتۆری ئوتریش - هەنگاریا نموونەگەلێکی جێی سەرنجن کە لە چاخی شانزەهەمدا شاهیدی بووین و لە سوێنگەی کۆمەڵناسییەوە وەك بۆمبێکی تەوقیتکراو بوو کە بۆ تەقینەوە چرکەژمێری دەکرد، بەڵام شەڕی یەکەمی جیهانی پێویست بوو وەها تەقینەوەیەك روو بدا. لە دڵی ئەم تەقینەوەدا حکوومەتگەلێك بە رواڵەت تۆکمەتر و بە شێوەی لۆژیکی رێخراوتر هاتنە ئاراوە و لە لایەکی دیکەوە ئەم رووداوە سەلماندنی کە لۆژیك وەك کەرەستەیەك بۆ سەقامگیری سیاسی، هیچ کاتێك وەك رابردوو نایەتە گۆڕێ. مەجارستان، یوگسلاڤی، چکسلواکی هەر کام بە شێوازێکی جۆربەجۆر هێمای سەرنەکەوتنی ئەندازیاری کۆمەڵایەتی جیهانن لەدوای ساڵی ١٩٤٥ کە هەوڵی ئاشت کردنەوەی حکوومەتەکانیدا بە گوێرەی گریمانەیەك کە لایەنگری پلانگەلێك بوون کە سەرچاوە گرتوو لە ئامانجی بێخەوشی بژاردە دەسەڵاتدارەکانیان بوون.

نوێنگەی گار لەسەر توندوتیژی سیاسی (١٩٧٠) کە پێشتر باسمان لەسەر کرد بریتییە لە کۆمەڵێك خاڵی جێی سەرنج لە دۆخێك کە تێدا چینەکان لەگەڵ کاربەدەستانی خۆیان نامۆ دەبن و رێکاری توندوتیژی دەگرنە بەر. ویلیام گامۆسیش هەر بەم شێوەیە هەوڵیداوە تاکو ئاستی پێشگیری لە حکوومەت و دژایەتی لەگەڵ حکوومەت لە قۆناخگەلی چارەنووسساز و لە دۆخی هەڵچوون و راپەڕیندا دەستنیشانبکا. هەنووکە بە سەرنجدان بە پێوانەکردنی هزری گشتی کە ئیدی نەك

هەر لە وڵاتاندا پەرەی گرتووە بەڵکو لە بەشێکی گەورە لە جیهاندا بە شێوەی ڕاستییەك خۆی دەرخستووە، داتاگەلێك بە ڕوونی لە ڕاستای ڕاڤەکردن بۆ داهاتوو لەمەڕ شۆڕش پێشکەشدەکا کە ئێمە هێشتا ئەوانە لە ڕووداوەکانی ڕابردووی مێژوویدا دەردەکێشن.

### "ڕوونکردنەوە سیاسییەکان"

ڕاڤەگەلێك کە لە دوو پاژی پەرتووکەکەدا پێشکەشکرا لە سۆنگەی لێکۆڵەرێکی سیاسییەوە لە شۆڕشی دەڕوانی لە ڕیزی تیئۆرییە دژە سیاسییەکان لەسەر شۆڕش جێ دەگرێ کە لە باشترین سیما ناسراوەکانی، دەتوانین ئاماژە بە چارلز تێلی[1] کۆمەڵناس و مێژووناسی زانکۆی میشیگان بکەین.

چونکە ئەو شتەی کە دەبێتە هۆی ئەوە تاکو شۆڕشێك بەم جۆرە باسی لەسەر بکرێت (لە بەرانبەر شۆڕش یان ڕاپەڕین، هەڵچوون، بشێویی" گواستنەوەی هێزی سیاسییە، لە ئاکامدا، تیئۆریسییەنەکانی دژە سیاسی، هۆکاری سەرەکی شۆڕش بۆ هەمان ناکۆکییە سیاسییەکان دەگەڕێننەوە. تیلی (١٩٧٨ لاپەڕەی ١٩٣) مەرجی پێویستی شۆڕش وەها پێناسە دەکا: "سەرهەڵدانی شۆڕش ئاڵوێری هێزی لە گرووپێك دەسەڵاتدار بۆ گرووپێکی دیکەیە". من خۆم وەها حاڵەتێك بە ڕووداوی شۆڕشێك لە قەڵەم دەدەم و بەم پێیە پێم باشە پێناسەیەك لە پەرتووکی خۆم لەژێر ناوی توێژینەوەیەك لە شۆڕش[2] (کالوەرت ١٩٧٠، لاپەڕەی ٥) پێشکەشبکەم. "گۆڕینی حکوومەت (گواستنەوە) بە گرتنەبەری ڕێکاری توندوتیژی یان گرتنەبەری هەڕەشەیەکی ڕاستەقینە، لە کاتێك لە زەمەن کە بە ڕوونی پێناسە کرابێ". گەرچی ئێمە هەردووکمان لەسەر تاکە کارێك وتووێژ دەکەین.

(1) Charles Tilly
(2) Asudy Of Revolution



تێلی بە هەرحاڵ پتر گرینگی بە پرۆسەی نامۆی[1] و نوێکردنەوەی ڕێخستنێك کە بەدوای ئەودا دێتە ئاراوە، داوە و هەر لێرەدایە کە ڕاڤەکانی "زۆر بە توندی دژی دوورکهایمی و پشتیوانی مارکسیزمە، بەڵام هێندێك کات سازشکارانە لە بەرانبەر وێبەر[2] و زۆر جاریش جەخت لەسەر ئامۆژگارییەکانی جان ئەستوارت میل[3]" (تێلی ١٩٧٨، لاپەڕەی ٤٨). تێلی بە جێگای کەڵك وەرگرتن لە واژەگەلی "پرۆسە"و "ڕووداو" لە هەوڵی جیاکردنەوەی هەلومەرجی شۆڕش و بەرهەمەکانی شۆڕش بە بەرهەمی دەرکەوتنی فەرمانڕەوایی دیکتاتۆرانە کە بە گوێرەی گوتەی ناوبراو هەڵقوڵاو لە ڕەوشی شۆڕشێك، درێژەدان بە وەها شێوازێکە کە بە وردی و دروستی هەست بە پرسە بنەڕەتییەکانی شۆڕش دەکا و دەڵێت لە ڕکەبەرایەتییەوە سەرچاوەی گرتووە، ئەگەر گۆڕانێك لە پاشان نەیەتە ئاراوە و ئەوەش چ بە شێوەی کودەتایی بێ، یان چ شۆڕشێکی هێمن، یان چ شۆڕشێکی مەزن، بەستراوەتەوە بە تایبەتمەندییەکان و ڕێژەی هێز کە ڕکەبەرەکان هەوڵی کۆکردنەوەی دەدەن. هەر هەڵسەنگاندنێکی کە بە تەواویی لە ڕوانگەی حکوومەتەوە هەوڵی ڕوونکردنەوەی لە شۆڕشی هەبێ، یان ئەوەیکە بیهەوێ بە تەواوەتی شۆڕش لە سۆنگەی دژبەرانەوە شیبکاتەوە، لەتوانایدا نابێ شیکردنەوەکەی ڕاست لەو حەقیقەتەی کە لە ئارادایە بەدەست بێنێ.

بە گوێرەی بەڵگەهێنانەوەکانی تێلی (١٩٧٨، لاپەڕەی ٢٠٠) سێ هۆکار کاریگەرییان لەسەر هاتنەئارای دەسەڵاتی دیکتاتۆرانە هەیە: یەکەم، دەرکەوتنی بانگەشەکاران یان بەرەیەك لەم بانگەشەکارانەوە کە "بانگەشەی بەدەستەوەگرتنی دەسەڵات ئەویش بە شێوەی قۆرخ کردنی هەموو شتێك" دەهێنێتە گۆڕێ، دووهەم سەردانەواندنی بەشێکی زۆر لە خەڵك بۆ ئەم جۆرە بانگەشانە. سێهەم، گوێنەدان، یان ناکارامەیی هێزە حکوومییەکان لە سەرکوتکردنی بانگەشە کاران، یان ئەو کەسانەی پشتیوانی لە خواستی بانگەشەکاران دەکەن. گرینگی یەکەمین نموونە بۆ تێلی

(1) Process Of Alienation
(2) Max Weber
(3) John Stuart Mill

(هەروەها بۆ مارکسیستەکان و مۆر) رۆڵێکە کە ئەندێشەکان لەمەڕ پاساودان بۆ بەرەوپێش بردنی بانگەشە جۆربەجۆرەکان دەیگێڕن و دەرئەنجامەکەی، رۆڵی رووناکبیران لەم پرۆسەیەدایە. لەمەڕ دووهەمین هۆکار دەبێ بڵێین کە تێلی کۆمەڵێك خاڵی هاوبەشی لەگەڵ ئەندێشەکانی گار (١٩٧٠)، جیمز دیوس (١٩٦٢)، نیل ئەسمێل سێر (١٩٦٢) لەم پێوەندییەدا هەیە، بەو مانایە کە لە چوارچێوەی راڤە تێڕوانینەکان[1] دایە. لە پێوەندی لەگەڵ هۆکاری سێهەم، پرسیاری سەرەکی کە دێتە گۆڕێ ئەوەیە کە پارسەنگی نێوان حکوومەت و بەرهەڵستکاران چییە؟ بەم جۆرە تێلی لە کاتێکدا هەست بە گرینگی رۆڵی لەڕادەبەدەری هێزە چەکدارەکان لەو پێوەندییەدا لەمەڕ دەرئەنجامەکانی شەڕ دەکا دەخوازێ تاکو بەجێی قامك دانان لەسەر گرینگی پیلان لە پێناو کەمکردنەوەی هێزە بەرگرییەکان، جەخت لەسەر کەمکردنەوەی کاریگەری ناکارامەی ئەم هێزانە بکرێ.

لەم سۆنگەیەوە تێلی ئەڵێت (تێلی ١٨٧، لاپەڕەکانی ١٢ ـ ٢١١) کە بەرهەمەکانی شۆڕش جیا لە پێکهاتنی بارودۆخێکی شۆڕشیانە، بەستراوەتەوە بە دووشت. کە بریتییە لە: بەرەی شۆڕشگێڕان لە نێوان رەخنەگرانی ئەندامی کۆمەڵگای مەدەنی[2] و چاودێری بەسەر هێزە سەرەکییەکانی خوازیاری شۆڕش و هاوپەیمانەکانیان. لێرەدا ئەم پرسیارە دێتە ئاراوە کە هێزی "سەرەکی" چەندە بارستایی هەیە؟ هەر بەو جۆرەی کە تێلی پێشتر ئاماژەی پێ داوە، بە گوێرەی گریمانەکان تەدگار (١٩٧٠، لاپەڕەکانی ٦ ـ ٢٣٥) "ئەگەری شەڕی نێوخۆیی کاتێك نزیك دەبێتەوە کە توانای هێزی نەیاران بگاتە ئاستی هێزی حکوومییەوە". تێلی هیچ پاساوێك بۆ ئەو بۆچوونەی ناکا، بەڵام وەك راگەیەندراوێکیش لەمەڕ شەڕی نێوخۆیی (بە مانای بارودۆخی ئاڵۆزی راپەڕین) رەنگە هەڵە بێ چونکە ئەگەر سەرهەڵدانی شەڕی نێوخۆیی هەروەك شەڕەکانی دەرەوەی سنوور، کاتێك یەکێك لە لایەنەکان پتر لە رادە متمانەی

(1) Attitudinal Analyses
(2) Polity



بە سەرکەوتنی خۆی هەبێ. بەڵام هیچ تاکێی شۆڕشگێڕ مەترسی نسکۆی ئەو شۆڕشە بەسووکی لێی ناڕوانێ، رەنگە هێزی پێویستی نەبێ، لە ئاکامدا وەها کەموکۆڕییەك ناتوانێ یارمەتیدەر و رێنمای ئێمە بێ تاکو رێژەی هێزی پێویست بۆ گۆڕەپانی بەرئەنگاربوونەوە دەستنیشان بکەین.

بەپێی پاساوهێنانەوەی تێلی هێزێك کە بە کردەوە پێویستە تاکو شۆڕشێك بگەیەنێتە ئاسۆ، پێوەندی بەوەوە هەیە کە شۆڕش وەك مەکانیزمێك بۆ "دەربازبوون لە ناکۆکی"[1] لەبەرچاو بگیرێ یان هەر وەك نوێنگەی "رکەبەرایەتی"[2]، هەرکام لەم دوو رایە داکۆکیکاری تایبەت بە خۆیان هەیە، ئەگەرچی رەنگە هەردوو راکە دروستبێ: هەڵقوڵانی شۆڕش بەرهەمی رکەبەرایەتییە، لە ئاکامدا پێش ئەنجامدانی هەر کارێکی گرینگ یان توندوتیژییەك لە ئارادا نییە یان ئەگەریش هەبێ زۆر جێی سەرنج پێدان نییە، بەڵام هەر خۆی کردەوەکە بۆ رکەبەرەکانیش مەترسی هێنەرە لە ئاکامدا ئەگەر دەرفەتی پێویستیان پێ بدرێ، رەنگە لە هەوڵی ئەوەدا بن کە هێزێکی مەزن پێکبهێنن. ئەگەری ئەوە کە بە هێزێکی کەم و پشت بەستوو بە شانس بێنە گۆڕەپانەوە تەنیا کاتێك روو دەدا کە حکوومەت لە پێشتردا گۆڕەپانی چۆڵکردبێ. بە لەبەرچاو نەگرتنی ئەوەیکە چی روو دەدا، سەرکەوتن لە رەوشێکی ئاڵۆزدا هی ئەو دەستەیە کە لەکاتی قەیراندا هێزی پێویستیان بۆ زاڵبوون بەسەر بەرهەڵستکاراندا هەبێ. بەهەرحاڵ پێشهات لە وەها واتایەکی بەرتەسك (واتە رووداو)، شوێنەواری گوشار بۆ سەر کۆمەڵگای مەدەنی رەتناکاتەوە. تێلی (هاوڕێ لەگەڵ گار و ئەوانی دیکەش) بە دروستی هەستیانپێکردووە هەر زیاتر پشت بە توندوتیژی ببەستین، ئەگەری گۆڕانکاری پێکهاتەی بەرینتر دێتە ئاراوە، (ئەگەرچی ناوبراو زۆر جەخت لەسەر ئەم پاساوەی ناکا) بەڵام گریمانەیەك پێشکەشدەکا لەسەر بنەمای ئەوەیکە هەرچی گۆڕانکاری لە قۆناخەکانی یەکەم سەقامگیرتر بێ، ئەگەری مانەوە و جێگرتن

(1) Tention - Release
(2) Contentiv

و بەرینتر بوونی ئەم گۆڕانکارییانەش زیاتر دەبێ و بە گوێرەی وتەی ناوبراو ئەمانە هەمان " شۆڕشە مەزنەکانن". بە هەرحاڵ، تێلیش هەر وەك توێژەنەرانی دیکەی ئەم بوارە، هەوڵی داکۆکی کردن لەسەر گریمانەیەکی باو هەڵە دەکا، گریمانەیەك کە دەبێ بڵێین پێچەوانەی ئەوە دروستە، ئەو بەم جۆرە دەپەیڤێ کە "کودەتاکان زامنی نوێکردنەوەی ڕێخستنێکی بەرتەسك لە نێوان کۆمەڵێکی زۆر لە رکەبەرە لاوازەکانییەتی" (تێلی ١٩٧٨، لاپەڕەی ٢٢٠).

درێژەی ئەوە لە شیکردنەوەکانی ئەڵێت، زێدەباری بوونی ئەو راستییەش بە جۆرێك وەها رکەبەرێك لە رێگای "کودەتای سەربازی"یەوە دەسەڵات بگرێتە دەست و لەگەڵ گرووپە کۆمەڵایەتییەکان کە پێشتر نەهاتبوونە گۆڕەپانەوە، بەرەیەك پێکبێنێ (تورکیا، ژاپۆن)، لەو کاتەدا گۆڕانکاری بەرین و بەربڵاو دێتە ئاراوە. تێلی لە کۆتاییدا هاوکارە مێژوونووسەکانی خۆی بۆ پێشکەشکردنی وێناگەلێکی شرۆڤەیی لە کردەی بەکۆمەڵا هان دەدا کە بەشێك لە راڤەی گشتی بەرینتر پێکدەهێنی.

بەم پێیە تێلی لە هەمان کاتدا بە جۆرێك دەستکاری جیاوازییەکان دەکا کە کەڵك وەرگرتن لە توندوتیژی بەدواوە دەبێ، هەوڵ بۆ هاوتەریب کردنی توندوتیژی سیاسی لەگەڵ "پرۆسەی بەیانی بەرژەوەندی"[1]و "بێچم دانی بەرە"[2] دەدا کە رێگایەکی بەتەواویی هەموارە بۆ کۆمەڵناسان و توێژەرانی زانستە سیاسییەکان. ئەگەر رەخنەیەك لە کاری ئەو بگیردرێ، هەمان ئەو پێداگرییانەیە کە بۆ سەپاندنی توندوتیژی گشتی دەیکرد کە ناوبراو چەمکی "زیان سبعانە"[3]ی بۆ دانابوو (تێلی ١٩٧٨، لاپەڕەی ١٧٦)، لە رادەبەدەر جەختی لەسەر بەکارهێنانی توندوتیژی دەکرد بەبێ ئەوەیکە روونیبکاتەوە کە بۆچی لەو رێبەرییەدا مەیلداری بۆ لای توندوتیژی بە کردەوەیەکی گشتی شوێندانەر بگۆڕێ کە دەسکەوتێکی سیاسی هەیە. تێلی شارەزایی لەسەر توندوتیژییە گشتییەکان هەیە واتە توێژینەوەگەلێکی لە ویلایەتە

(1) Interes Articulaion
(2) Coalition - Building
(3) Bruteharm



یەکگرتووەکان و رۆژئاوای ئەورووپا بەدەست هێناوە. شاهیدی ئەم لێکۆڵینەوانە رێژەی ئەو کوژراو و بریندارانەیە کە بەدەستی هێزەکانی لایەنگری حکوومەت هاتووەتە ئاراوە، یان ئەوەیکە دەستپێك و کۆتایی هەر راپەڕینێك لەگەڵ توندوتیژی حکوومی بەرەوڕوویە ئەمە رێسایەکە نەوەك هەڵکەوتێك (ئەو بەڵگانەی کە لە ساڵەکانی ئەم دوایییانەی لە ئەمریکای لاتین لەبەر دەستدایە بەیانگەری ئەم راستییە)یە. "کارکردی کۆمەڵگای مەدەنی چاوگی جۆراوجۆری توندوتیژی گشتییە" (تێلی ١٩٧٨، لاپەڕەی ١٢). ئەگەر بەو شێوەیە، بەو دەرئەنجامە دەگەین کە توندوتیژی گشتی دیاردەیەکی سیاسییە و هیچ گومانی تێدا نییە و هەر ئەوەیکە شۆڕشەکان بەرهەمی توندوتیژی گشتین، کەواتە دەبێ ئەوە زیاد بکەین کە هۆکارە سیاسییەکانن کە رۆڵی سەرەکی دەگێڕن نەوەك رەوشی کۆمەڵایەتی یان ئابووری.

**"روونکردنەوە فەلسەفییەکان"**

بەرهەمی کێشەخولقێن و دنەدەری بەردەوامی خانمی هانا ئارنێت لەژێر ناوی "لەسەر شۆڕش"[1] بەردەوام تاکو هەنووکەش ساباتی خۆی بەسەر روونکردنەوە فەلسەفییە نوێیەکان لەمەڕ شۆڕش پاراستووە. پەرتووکی ناوبراو (١٩٦٣) رەگی لە سمینارێکدا هەیە کە لە بەهاری ١٩٥٩دا لە زانکۆی پرینستۆی ئەمریکا لەژێر ناوی "ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و رۆحی شۆڕش[2] بەڕێوە چووە مژاری ئەم پەرتووکە لە قۆناخی یەکەمدا پەیوەستە بە پێوەندی نێوان شەڕ و شۆڕشەوە، چونکە لە روانگەی ئارنێت شەڕ و شۆڕشن کە وێنای سەدەی بیستەم دەستنیشاندەکەن و پاساو دەهێننەوە ئەگەر ئەم دوانە ئیدی پاساوی ئیدئۆلۆژیك هەڵناگرن، داهاتوویەکی ناڕوونیان دەبێ.

شۆڕش بە بڕوای ئارنێت یەکێك لە نوێترین دیاردە سیاسییەکانە، بەڵام وێکچوونی شۆڕش، ئێمە بۆ کۆنترین نەریتە سیاسییەکان و دێرینترین ئەفسانەکان و ئەم حەقیقەتە تاڵە دەگەڕێنێتەوە کە سیاسەت لە تاوانەوە سەرچاوەی گرتووە. شۆڕش ئازادی دەخوازێ

(1) One Revlution
(2) The United States And The Revolutionary Spirit

و شۆڕشگێڕان خەڵکانێکن کە لە بەرانبەر سەرەڕۆییدا بۆ ئازادی خەبات دەکەن. بەڵام شۆڕشی مەزنی فەرەنسا لە ئەورووپا، لە روانگەی ئارێنت، ناکارامە بوو لە بەدەستهێنانی ئەو ئامانجەی کە لایەنگرانی شۆڕش خوازیاری بوون. شۆڕش بە تیرۆر و توندوتیژی شکستی هێنا و دواتر رووی لە دیکتاتۆری کرد بەڵام بە پێچەوانەوە، شۆڕشی ئەمریکا توانای ئەوەی هەبوو تاکو ئامانجی پیاوان و ژنانێك کە گرتبوویانە بەر وەدی بێنێ و لە بەشی هەسارەی زەوی سیستمێکی نوێ لە رۆژگارەکان دابمەزرێنێ (Saecularm Noves Ordo) رۆژگارێك کە دەروەست بە "خواستی بەختیاری گشتی" لێکەوتەوە کە بە باوەڕی ئارێنت (١٩٦٣، لاپەڕەی ١٣٥) رووداوێکە کە مانای فرەرەهەندی هەیە: نەك هەر شۆڕشی ئەمریکا، بەڵکو ئەو شتەی کە پێشتر و دواتریش روویدا رووداوێك بوو بەگشتی بۆ پێکهاتنی شارستانییەتی ئاتلانتیك".

کەواتە شۆڕشگێڕان هەقیقەتی چ کەسانێکن؟ لە روانگەی ئارێنت کە شۆڕش بە گەڕان بۆ ئازادی لە قەڵەم دەدا، شۆڕشگێڕانی راستەقینە کەسانێکن کە ئازادی بنەجێ دەکەن و کۆمەڵگایەك پێکدێنن کە بتوانرێ تێدا بە ئارمانجەکانیان بگەن. بەڵام لە روانگەی ئارێنت یەکێك لە پێشهاتە نامۆکانی ئەم باوەڕە کە ئازادی تەنیا لە ویلایەتە یەکگرتووەکان دابینکراوە، بە جیددی دروستکردنی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە نەریتی شۆڕشگێڕی ئەورووپایە "پاساوی دڵتەزێن بۆ ئەم بابەتە شۆڕشگێڕانی قارەی ئەمریکایە کە هەر ئەڵێی بە وردی ئاگاداری مێژووی شۆڕشی فەرەنسا و روسیا و چینین، بەڵام هیچ کات گوێبستی ئەوە نەبوون کە لە ئەمریکاش شۆڕشێك روویداوە" (ئارنێت ١٩٦٣، لاپەڕەی ٢١٨). لە بەرانبەر رئالیتەی بێئاگایی جیهان، رئالیتەی لەبیرکراو هەر لە ناوخۆی ئەمریکایە. لەم وڵاتە لەبیرکراوە کە ویلایەتە یەکگرتووەکان بەهۆی شۆڕشەوە لەدایك بوو و سیستمی کۆماری هەڵقوڵاو لە کردەیەکی هەڵسەنگێندراو و لەسەر بنەمای مەبەست و وشیاری واتە دامەزراندنی ئازادی بوو نەوەك هەڵقوڵاو لە "پێویستییەکی مێژوویی"و پەرەی ئۆرگانیك (ئارنێت ١٩٦٣، لاپەڕەی ٢١٩)، چونکە ئەم کەمتەرخەمییە ئەو دەرئەنجامەی لێکەوتەوە کە شۆڕشی فەرەنسا تەنیا نوێنگەی راستەقینەی ئەو شتەیە کە ئەوان بەدوایدا هەڵوەدان.



ئێستا خوێنەرێکی فەرەنسەوی رەنگە بە شێوەی لۆژیکی بەمجۆرە پاساوی بدا کە ئەمڕۆکە کۆماری پێنجەم لە فەرەنسا دانی ئازادی بەبێ کەموکورتی هەر بەو جۆرەی کە بۆ هاووڵاتیانی خۆی دابینیدەکا کە ویلایەتە یەکگرتووەکان بۆ هاووڵاتیانی خۆی دابین کردووە. مەگەر هەر هێمای سەرەکی ئەمریکا (پەیکەری ئازادی) نەبوو کە لە فەرەنسا داتاشرا تاکو لەودیوی ئوقیانووسەکانەوە پێشکەش بە کۆماری وشك بکرێ؟ مەگەر هەر شۆڕشی ئەمریکا نەبوو خاڵە لاوازەکان و پەڵەکانی خۆی لەناخی خۆیدا شاردەوە، لاوازییەك کە تا ئەو کاتە پیاوانی ویرجینیا و کارولینای باشووری بەنێوی یاسای بنەڕەتی ١٧٨٧ی زایینی لە هەوڵی ئەوەدا بوون تاکو برایانی رەش پێستان لە نیعمەتی ئازادی بێبەش کەن کە دواتر ئاشکرا بوو و شەڕی نێوخۆی لێکەوتەوە و بە یەکێك لە وحشیانەترین رووداوی مێژووی جیهان تاکو سەدەی بیستەم ناودێر کرا؟ ئایا دوور لە چاوەڕوانییە کە وەك نموونەیەك، خەڵکی ئەمریکای لاتین کە شاهیدی نزیکبوونی شاراوە و نادیاری حکوومەتی ویلایەتە یەکگرتووەکان بۆ لای دیکتاتۆرە بێتواناکان بوون و بەم ئاکامە بگەن (تەنانەت ئەگەر وەها ئاکامێك هەڵە بێ) کە باسکردن لە شۆڕش لە ئەمریکادا راست شانۆیەك بۆ سەرپۆشی دانان لەسەر ئیمپریالیزمێکی نوێ و پارێزکارە؟و ئایا لە راستیدا لە نێوان ئاسوودەیی و فراوانی لە لایەك و ئازادی لە لایەکی دیکە پێوەندییەك لە ئارادایە ئەگەر هەیە، ناوەرۆکی وەها پێوەندییەك چییە؟ لەم پێوەندییەدا ئارێنتیش هەم ئامادە و هەم پێشڕەوە لە وەڵامدانەوەدا: "کاتێك بە ئێمەیان گوت ئارمانجی ئێمە ئازادی، سەرمایەداری ئازاد و ئازادی سەرمایەگوزارییە هیچ هەوڵێکمان نەدا کە ئەم درۆ گەورەیە رەت بکەینەوە، تەنانەت لە هێندێك کاتدا بە جۆرێك رەفتارمان کرد کە گوایە خۆمان باوەڕمان بەوە هەیە لە هێرشەکانی نێوان وڵاتانی "شۆڕشگێڕ"ی رۆژهەڵات و رۆژئاوا شەڕ و ناکۆکی لەسەر فراوانی خێر و بەرەکەت بووە. بە دڵنیاییەوە وتوومانە کە سامان و باشبوونی بژێوی ئابووری بەرهەمی ئازادییە، هەنووکە دەبێ لە هەموو کەس باشتر بزانین کە ئەم "بەختەوەرییە" بەرەکەتێکە کە ئەمریکا لە رۆژگارەکانی پێش لە شۆڕش شیمانەی دەکرد" (ئارنێت ١٩٦٣، لاپەڕەی ٢١٩).

هەروەها درێژە دەدات و ئەڵێت: "گەشەکردنی ئابووری رەنگە رۆژێك پتر لەوەیکە پۆزەتیڤ بێ رەنگە ببێ بە ئافەتێك بۆمان، گەشەیەك کە لەژێر هەر بارودۆخێکدا نە ئازادی لێدەکەوێتەوە نە دەبێتە هۆکارێك بۆ "دابینکردنی ئازادی" (ئارنێت ١٩٦٣، لاپەڕەکانی ٢٠ ـ ٢١٩).

کەواتە ئازادی چۆنایەتییەکە بە تەواوەتی جیاواز، بەرەکەتێکی لە جۆری خۆی و بەرزترین دەسکەوتێکە کە کۆمەڵگای مرۆیی بەدەستی دێنێ. ئاریشەی شۆڕش بەردەوام ئەوە بووە کە لە ناخیدا لاواز بووە لە دۆزینەوەی بنیاتگەلێك کە شۆڕش توانای خۆدەرخستنی تێدا هەبێ. بەم پێیە پەرتووکی ئارنێت بە وشەیەکی روون کۆتایی پێ دێ کە بە گوێرەی گریمانەی نووسەر پێشهاتە کردەییەکانی هەڵقولاو لە هەوڵدان بۆ دەستنیشانکردنی ئەم ئامانجە نە دەوڵەتی تاکە حیزبی بە باوەڕی ئارنێت دەوڵەتێکە بە بژاردەیەك لە سەرەوەی هەموان کە هەڵبژێراوی خەڵکە، بەڵکو حکوومەتی خۆبەڕێوەبەری کە بەدەستی نوێنەرانی "کۆمارە بنچینەییەکان"[1] بەڕێوە دەچێ.

جیا لەوەیکە بۆچوونی سەرێ راست هەمان ئەندێشەیە کە لە نیزامی "شۆراکان"[2] یان کۆمیتەگەلێك پارێزراو بێ کە بنەمای دەسەڵاتی دوو لایەنەی لە رووسیادا بێچم دا و لێنین و پەیڕەوانی لە پاش شۆڕشی ئۆکتۆبر دەبوایە رایانگواستبایە بۆ ناو ئیرادەی حیزبەکەیان. هەڵبەت جێگای شك و گومان نییە گەر بەهۆی بێئەزموونی نەتەوەی رووس لە تایبەتمەندییەکانی کۆمەڵگای ئازاد نەبوایە، وەها بارودۆخێك هیچ کات نەدەهاتە ئاراوە یان ئەگەریش پێش بهاتایە لانیکەم بەو جۆرە خێرایی بەخۆوە نەدەگرت.

رابوونی هەتایی نرخی ئازادییە، وانەیەك کە لە بەردەوام مێژووی ئەمریکا فێری دەبێ ئەوەیە کە بەریانێکی بەردەوام بۆ ریفۆرم و نوژەنکردنەوەی بنیاتەکان لە راستای

(1) Elementary Republics
(2) Soviet



ئازادی هەرچی زیاتر لە ئارادا بێ ئەگەرنا درەنگ یان زوو وەها ئازادییەك لەکیس دەچێ. بەگشتی هەموو کۆمەڵگا دێموکراتیکەکانی ئێستایی وەك سوئیس، هوڵەندا، بەریتانیا، سوئێد، ویلایەتەکگرتووەکانی ئەمریکا و فەرەنسا کە لەدایکبووی شۆڕشن. بەڵام خاڵی جێی رامان لێرەدایە کە کۆمەڵگاکانی ئاماژەپێکراو ناچارن تاکو لە بەرانبەر کاروبارێك کە ئاستەنگ بۆ ئازادییەکان پێکدێنن، خۆڕاگری بکەن و ئەگەریش هەمدیسان هەروا بە شێوەی دێموکراتیك ماونەتەوە، تەنیا لە بەر ئەم هۆکارەیە کە شۆڕشەکانی ئەوان تا رادەیەك سەرکەوتوو بووە و لە ئاکامدا هێشتا پێویستی بە کاتە تاکوئاسەواری سەرچاوەگرتوو لە سەقامگیربوونی شۆڕش بە تەواوەتی کۆتایی پێ بێ. لەکاتی بڵاوبوونەوەی پەرتووکی هانا ئارێنت، بابەتی واترگێت و ریسوایی ئێران کونترا[1] لە ویلایەتە یەکگرتووەکان وەبیرهێنەری ئەم خاڵەن کە چ دژوارە متمانەکردن بە ئەوانەی کە دەنگیان پێ دەدەین تاکو خواستەکانمان وەدیبێنن. درۆکردن حوکمی چیرۆکێك لەخۆ دەگرێ کە هەموو شتێك لەخۆدا جێ دەکاتەوە، چاوپۆشی لە نموونەی جۆراوجۆری پێشێلکردنی یاسا پێی ئەڵێن Deniability Maintaining Plausible، لە رێگران و تاوانکاران وەك "خەباتکارانی ئازادی" پێشوازییان لێ دەکرێ، کوشتنی خەڵکانی سڤیل پێی ئەڵێن "بەدەستهێنانی ئامانجە ئابوورییەکان". (کەڵك وەرگرتن لە هەستی لێکدانەوە تەنیا تایبەت بە لیبراڵ دێموکراسی نییە: لە چین کوشتنی خوێندکاران بە "سەرکەوتنی گەورە"و رۆڵی سوپا لەم کوشتارە بە "سوپا لە خزمەتی خەڵك" ناو نراوە).

هەڵبەت رێبەری دێموکرات لە بارودۆخێکی دژواردا قەراری گرتووە. بەکارهێنانی ئەندێشەی خەڵکانی دیکە ناکرێ ناوی رێبەری لەسەر دانێین، بەڵکو دەبێ بە خەڵك نیشانبدەین کە چلۆن دەتوانین بە بەدەستەوەگرتنی کەرەستەکانی پێویست بە ئامانجەکانمان بگەین. خەڵك رەنگە وێنایەکی روون لە ئامانجەکانیان و کەرەستەی گەیشتن بە ئامانجەکانیان هەبێ، بەڵام لە راستیدا رەنگە هەمیشە وا

(1) Iran - Contra

نەبێ کە کەرەستەی دەستنیشانکراو، ئێمە بە ئامانجمان بگەیەنێ. زاتی ڕێبەری دێموکراتیك لەوەدایە ویستی شاراوەی کۆمەڵگا هەستپێبکا و بۆ قازانجی بەرەیکی لێ دروستبکا تاکو بە جۆرێك لەگەڵ ڕۆحی کۆمەڵگا و پێوانەکانی هاوئاهەنگ بێ و ئاواتەکانیان وەدیبێنێ. بە داخەوە ڕێبەرە دێموکراتەکان هەر بەوەندە ڕازی نابن. تینیووتی دەسەڵات هاوڕێ لەگەڵ زمانلووسی چینەکان ڕۆژ بە ڕۆژ کەمتر و کەمتر وەڵامدەریان دەکا و بە هێزی خۆیان تۆمەتی ئاژاوەگێڕ لەسەر دژبەرانیان دادەنێن و لە کۆتاییدا، کاتێك ئازادی بە خراپترین شێوە چەواشە کراوە، هەر لەم دژبەرانە وەك شاهیدییەك بۆ ڕاستی بۆچوونەکانیان کەڵك وەردەگرن. لەساڵانی دوایین شاهیدی دەرکەوتنی ڕێبەران و بژاردەگەلێك بوون کە ریسوای جیهان بوون گەر بە خواستی خۆمان قسە بکەین دەست بۆ ناو باخچەی ئازادی کراوە تاکو بە دزینی نیازپاکی پەیڕەوانیان، کەرەستەیەك دابینبکەن بۆ بەڕێوەبردنی زانیاریگەلێك کە دەبێ بنەمایەك بێ بۆ بڕیاردانەکانی هاووڵاتیان.

میراتی دەورانی ڕووناکبیری لە ڕاستیدا میراتێکی دوو لایەنە نەبوو. ئارنێت لێرەدا جەختی لەسەر هاتنەدی ئازادی دەکاتەوە. بەڵام ئازادی دەبێ بەدەستی بێنێ ئەویش تەنیا بە گرتنەبەری ڕێکاری ئارەزوومەندانە. فیداکردنی خواستێك بۆ خواستێکی دیکە بە مانای نکۆڵی کردن لە دەرفەتێکە، بۆ وێنە وانەگەلێك بۆ بەرزکردنەوەی مرۆڤ کە هەم شۆڕشی ئەمریکا و هەم شۆڕشی فەڕەنسا لە ریزی کەم وێنەکان دان. بەم پێیە ئەگەر حکوومەتەکان پێکهاتوون تاکو ئازادی دابینبکەن، پێویستە ڕاسیزم بن و هێز و دەسەڵاتیانیش بەرتەسك ببێ. لە ساڵی ١٩٤٥ەوە تاکو هەنووکە مەترسیهێنەرترین نمونە لە پێشهاتەکانی پڕ لە باوەڕمەندی بە هێزی لەڕادەبەدەری حکوومەت و ریشەکێش کردنی ئاوەزمەندی لە کەلتوور، گۆڕەپانی خوێناوی کامبۆج لە ساڵی سفر (Year Zero) بوو، کاتێك کە لایەنگرانی شۆڕشگێڕ و سەربەخۆ لە جووتیارانی بادەسووری پۆل پۆت، بە ئانقەست هەر هێمایەك لە شارستانییەتیان لەناو دەبرد، شارەکانیان لە حەشیمەت بەتاڵ دەکرد و لەسەر هەر کەسێك کە گۆمانی



ڕووناکبیربوونیان هەبوایە دەیانکوشت، بە باوەڕی خۆیان بە گوێرەی "فتوا" ڕەفتاریان دەکرد ـ ئەگەرچی تاکو ئێستاش ڕوون نەبووەتەوە کە بە گوێرەی فتوای چ کەسێك.

**"ڕۆڵی ئەندێشەکان"**

ئارنێت لە هاندانی ئێمە بۆ لای هەڵسەنگاندنی سەرلەنوێی ڕۆڵی ئەندێشە لە ژیانی کۆمەڵایەتی و سیاسی، هەروەها جەختی لەسەر بوونی ئەم پارادۆکسە سەرەکییە لە شۆڕشدا کردووەتەوە کە بریتییە لە: شۆڕش هەم توندوتیژییە واتە ڕەت کردنەوەی ئاوەزی سیاسی و هەم سەرلەنوێ دروست کردنەوەیشە، کە هێمایەکە لە ڕێخستنی کۆمەڵایەتی لەسەر بنەمای ئاوەزمەندی. هەر چەندەش ئامانجی پرۆسەی سەرلەنوێ درووستکردنەوە، دەست پێ ڕانەگەیشتوو ناڕوون بێ، هەمدیسان لە کاتی کەڵك وەرگرتن لە هەر توندوتیژییەك لە تیئۆری سیاسیدا، زۆر بە کەمی پێش هاتووە توندوتیژی وەك هەنگاوێکی بچووك لە ڕاستای بەرزکردنەوەی ئاوەزی مرۆڤایەتی نەناسن. تەنانەت پشتیوانانی ژمارەیەکی زۆر لە کودەتاگەلێك کە دوای ساڵی ١٩٤٥ ڕوویان داوە بە شێوەیەکی بەرچاو لەسەر ڕێگای پێشکەوتنی جیهان ئاستەنگیان دروستکرد، بۆ خۆیان خاوەنی ئارمان و ئامانجگەلێك بوون. ئەم ئەگەرە لە ئارادایە کۆمەڵگایەکی ئارمانی بۆ ئەم پشتیوانانە کۆمەڵگایەکە کە کودەتا ئەگەر تێدا هەر وەك دەسەڵاتدارێکی ئاوەزمەند دەدرەوشێتەوە کە بڕیارەکانی لە لایەن ژێردەستانییەوە زۆر چالاکانە و دڵسۆزانە بێ ئەملا و ئەولا بەڕێوەی دەبەن. ژێردەستانێك کە ئاگاداری پێگەی خۆیانن لە کۆمەڵگادا و بە دڵ و بە گیان زۆربەی کاتی خۆیان لە زەوییەکانی پێوەندیدار بە چینی باڵادەستی کۆمەڵگا کاردەکەن تاکو ئاستی بژێوی هەموان بەرز بکەنەوە، هەروەها هاوسەری ڕێبەرانیشیان بتوانن بۆ خۆڕازاندنەوەی قژیان بەرەو پاریس سەفەر بکەن. هەر چەندەش وەها شتێك نابەجێ و ناڕەوا وەبەرچاو بکەوێ، هەمدیسان دەبێ بڵێین کە وەها بیرکردنەوەیەك لە ئارادایە و بە گوێرەی فەرمان و بڕیار یاسا و ئەگەر پێویست بوو زۆرە ملە، پێشهاتە سیاسییەکان، بوونی هەیە. ئێستا کە ئەندێشەکان ئەوەندە بەهێزن، کەواتە بۆچی ئێمە، خەڵك، خۆمان نابێ لەسەر ئەندێشەکان بە باشی بیر بکەینەوە.

ئەندێشە، رۆڵێکی گرینگ لە چەمکی شۆڕشدا دەگێڕێ، سەرەتا بەم هۆیە کە گشت پێکهاتەی ژیانی سیاسی لەسەر بنەمای ئەندێشە، دووهەم لەبەر ئەوەیکە شۆڕش چەمکێکە لە بنەڕەتدا جێی مشتومڕ و نیشانەیەکی بەسەر رووداوەکان یان کۆمەڵێك لە رووداوەکان کە بۆ هەموان چەمك و مانای بەرانبەری نییە، سێهەم بەهۆی ئەوە کە سروشتی چەمکی گۆڕان، واتە چەمکێك کە مرۆڤەکان لەو رێگایەوە دەستنیشانی دەکەن کە ئایا شۆڕشێك روویداوە یان نا، هەر خۆی ناوەرۆکێکی کولتووری هەیە. ئەوەیکە بۆچی کۆمەڵێك مایەی شانازی و بۆ کۆمەڵێکی دیکە مانای ترس و تۆقێنە، هۆکارگەلێکی جۆربەجۆری هەیە لە سەرەوەی هەموان بە فەرمی ناسینی هێزی ئەندێشەیە.

لە روانگەی دەروونناسییەوە، دۆزینەوەی ئەم خاڵە گۆڕانێکی قوول لە جیهانبینی دەسەڵاتداران بەسەر کۆمەڵگادا روویداوە کە مرۆڤ بەشێکە لەو سیستەمە، زۆر جێگای نیگەرانییە. بە گوێرەی وتەکانی ئەریك فرۆم[1] (١٩٦٠) کە ئەڵێت کەم نین ئەو هاووڵاتیانەی کە ئازاد لەدایك بوون و لەو ئازادییەی کە بۆ ئارنێت کە بە گەورەترین تیئۆری سیاسی بە ئەژمار دێ، نیگەرانن. لە چەمکی "Cobnitive Dissonance" کە بە یەکێك لە چەمکە دەروونناسییەکان دێتە ئەژماردن، ئەم هۆیە بۆ ئێمە روون دەبێتەوە کە بۆچی خەڵکێك ئەو هەمووە گۆڕانە بەربڵاوە لە شێوازەکانی ژیانی خۆیان پێکهێناوە، لەناکاودا پاساو دێننەوە کە سیستمی نوێی کاروبار، سروشتیترین سیستمی ئەمڕۆیە لە جیهاندا.

بە هەرحاڵ، ئەگەر شۆڕش ستراکتۆرێکی زەینی بێ، لەو جۆرە نییە کە بکرێ بە سانایی پەسند بکرێ. ئەندێشە بەردەوام سنوورە جۆغرافیاییەکانی ئازادانە تەنیوتەوە و توێژەرانی شۆڕش لەمێژە کە هەستیان بە رۆڵی ئەم رێبوارە نامۆیە لە بڵاوکردنەوەی ئەندێشە نوێیە کۆمەڵایەتییەکان کردووە. بەم پێیە، شۆڕش، بۆ پارێزکاران دەرئەنجامی پڕۆپاگەندەی کاریگەر و تەنانەت جۆرێك نەخۆشی گشتگیرە کە لە کۆمەڵگایەك بۆ

(1) Eric Fromm



کۆمەڵگایەکی دیکە دەگوازرێتەوە، لەم وتەیەدا هەڵبەت خاڵێك شاراوە ماوەتەوە. بەڵام ئەگەر شۆڕش نەخۆشییەکی گشتگیری کۆمەڵایەتییە، باشترین دەرمان بە زمانی تەندروستی خۆپاراستنە نە وەك نەشتەرگەری، چونکە راست لە ناخی کۆمەڵگادایە کە پێش مەرجە سەرەکییەکانی شۆڕش دێتە ئاراوە نە وەك لە دەرەوە، ئەگەر ئەو پێش مەرجانە لە ئارادا نەبن جیا لە رێگای سەربازییەوە، تەنیا دووچاری وڵاتانێك دەبێ کە لەڕووی سەبارزییەوە لاواز بوون و دەسەپێندرێ و ئەگەر نا بە هیچ شێوەیەك ناتوانرێ بە دڵخواز بەسەر کۆمەڵگاکەیدا بسەپێندرێ.

هیچ حکوومەتێك کە لە بنەڕەتا سەقامگیر باڵی بەسەردا کێشابێ، ناتوانرێ بڕووخێندرێ. بەڵام ئەوەیکە سەقامگیری راستەقینە چ تایبەتمەندییەکی هەیە جێی باس و چوون و چرایە و تا کاتێك کە بۆ تایبەتمەندییەکانی پێکهێنەری سەقامگیری سیاسی وەڵامێکی گونجاوی نەدۆزیوەتەوە، ئەم پرسە هەڵپەسێراو و چارەسەرنەکراو دەمێنێتەوە. دابەشبوونێکی مەزن کە لە ئەدەبیاتی سیاسیدا لە ئارادایە لە نێوان کەسانێك کە سەقامگیری بە چۆنایەتییەك لە قەڵەم دەدەن یان بوونی هەیە یان دیار نییە و کۆمەڵێك ئەوە بە چۆنایەتییەکی هەروا بەردەوام لە بەرچاو دەگرن. لە لایەکی دیکەوە ناکۆکییە سیاسییەکانیش لە نێوان خاوەن رایانی جۆراوجۆر لەسەر روویەکی دیکەی پرسەکان لە ئارادایە کە بەرهەمەکانی بەگشتی بەرەولای مەکتەبە هزرییە شەش لایەنەکان کۆتایی پێ هاتووە. بەم شێوازە لەسەر هۆکار و فاکتەرەکانی ناسەقامگیری سیاسی ئاڵۆزییەکی بەرین لە گۆڕێدایە. بەڵام پلانی دواتر و سەرەکی توێژینەوەی پتر لە شێوازی گۆڕینی رژێمە سیاسییەکانە و ئەگەری ئەم رووداوە بە جۆرێك بتوانرێ ئەم پرسیارە ئازارگەیەنە شیبکرێتەوە کە توخمەکانی پێکهێنەری مەترسی سیاسی چییە؟

هەر بەو جۆرەی کە لە سەرەوە ئاماژەمان بۆ کرد، بە لەبەرچاو نەگرتنی نەبوونی لێبڕاوەیی کە بەزۆری چەمکە سەرەکییەکانیان لەخۆ گرتووە، خاڵی لاوازی بابەتەکە ئەوەیە کە سیاسەتوانانە لێهاتووەکان بەردەوام لە هەوڵی ناسەقاگیر و لاوازکردنی رژێمە

نەخوازراوەکاندا بوون. مەبەست لە "ناسەقامگیر کردن" کردەوەیەکە بۆ نموونە، لە لایەن دارودەستەی کێسێنجێر ـ نیکسۆن لە کۆشکی سپی بەڕێوە چوو تاکو قەیرانی ئابووری شیلی ئالۆزتر بکەن و بە هاوئاهەنگی هێزە چەکدارەکان، سەرۆك کۆمار ئالێندە لەسەر گۆڕەپانی سیاسەت وەدەر بنێین. هەنووکە ئەگەر ئەم لێکدانەوە هەڵخەڵەتێنانە لە وەها هەلومەرجێکدا بەکار ببەین و بەدەستەوە بگرین. لە کردەوەدا هەر خۆمانین کە "پەرە" بە شۆڕش دەدەین. راپۆرتەکان باس لەوە دەکەن کە کردەوەی هاوشێوە لە دەیەی ١٩٨٠ لە لایەن حکوومەتی "ریگان" دژی حکوومەتەکانی نیکاراگۆئە و گرانادا بەڕێوە چوو کە لە گرانادا بوو بەهۆی کەوتنەوەی کەلێن لە حکوومەت و کرانەوەی رێگا بۆ دەستێوەردانی ئەمریکا. هەر لەم دواییانەدا، لە بەشێکی تری جیهان ئێمە دەبینین حکوومەتی ئەفغانستان پشتیوانی رۆژئاوای لە موجاهیدینی بناژۆخوازی ئیسلامی، مەحکووم کرد و هەمدیسان دەبیستینەوە کە رێبەرانی چین بەدوای خۆپیشاندانە خوێندکارییەکان لە پەکین هاواری لێ بەرز بووەتەوە و ئەڵێت کە خوێندکاران بەدوای برەودان و "پەرە"دان بە دژایەتی لەگەڵ شۆڕشدا بوون.

ئیمکانی گواستنەوەی ئەندێشەی شۆڕشگێڕی یان (دژی شۆڕشگێڕی" لە نێوان کۆمەڵگاکاندا، خۆی راست هەمان فاکتەرە کە بۆچی شۆڕش لە لایەك مایەی بێزاری و ترسی حکوومەتی دەسەڵاتداری و لە لایەکی دیکەوە نوێنگە و جێی شانازی خەڵکانێکە کە بەدوای گۆڕینی جیهانن تاکو رەوشێکی مرۆیانەتر لە جیهاندا پێکبێنن. ئەگەر شۆڕش ویستێکە بۆ گۆڕان، بە دڵنیاییەوە ویستێکە کە بەیانگەری دەسەلات و لێهاتوویی بۆ هەموانە. بە هەرحاڵ، ئەگەر شۆڕش خواستێکیش بێ، ئەم بیرکردنەوەی کە بکرێ پەرەی پێ بدەین ئەفسانەیە. ئەگەر خواست نەبێ هەمدیسان هۆکاری باش لە ئارادایە تاکو باوەڕ بەوە بکەین کە دەتوانین تیئۆری پەرەدان بە شۆڕش بە هەند وەرنەگرین.

لە پلەی یەکەم، بەڵگە مێژووییەکان باس لەوە دەکەن کە هۆکاری سەرەکی دەرکەوتنی شۆڕش هەردەم تایبەت بە کۆمەڵگایەکە کە ئەم هۆکارە لەو کۆمەڵگایەدا



دەرفەتی خۆدەرخستنی هەبێ. ئەو شتەی کە لەمەڕ شۆڕشە مەزنەکان جێی سەرسووڕمانە، لە راستیدا ئەوەیە کە زۆر پێش لە روودان، چاوەڕوانی ئەو شتەی کە چ بە شێوەی هیوا و چ بە شێوەی بوونی ترس لە ئارادا بووە، بەڵام ئەم شۆڕشانە بەگشتی لە رەوگەی چاوەڕوانییەکانی خەڵك چوونەتە دەرەوە. بەدوای لێدانی یەکەم چەخماخەکانی دەستپێکی ئەم شۆڕشانە رووداوگەلێکی نامۆ روویانداوە کە تایبەت بە زەمەن و شوێنەکانیان بووە و تا رادەیەك حکوومەتەکان بەهۆی وێکچوونی ئەم رووداوانە بە ئەزموونەکانی خۆیان خێراتر یان بە شێوازێك شوێندانەرتر لەو شتەی کە لە بارودۆخەکانی دیکەدا چاوەڕوانی لێ دەکرا وریا بوونەتەوە و دژکردەوەکان نیشاندەدەن و تا رادەیەکیش بەهۆی تایبەتمەندی پێشکەوتنی تەکنولۆژیایە کە باس لە گۆڕانی بەردەوامی هاوسەنگی هێز لە نێوان حکوومەت و دژبەران بە دڵنیاییەوە دەکا.

خاڵی دووهەم، هەر هەڵسوکەوتی دەوڵەتە کە بە هۆکاری سەرەکی دەرکەوتنی شۆڕش بە ئەژمار دێ، ئەمە کە خێرایی بە شۆڕش دەدا. حکوومەتێك کە لە تەقەکردن لەو خەڵکەی کە لە خۆپیشاندانی هێمنانە بەشداریدەکەن لە بێحورمەتی کردن بە پیرۆزییەکانی دوورەپەرێزی دەکا، لەگەڵ نەیارانی سیاسی خۆیدا بە باشی مامەڵە دەکا و بۆ زێدەڕۆیی و سەرەڕۆیی خۆیان ناکەنە گاڵتەجاڕی هاووڵاتیان و هەڵگیرساندنی دۆژمنایەتی لە نێوان هێزە چەکدارەکان و خەڵك دوورەپەرێزی دەکەن، وەها حکوومەتێك دەتوانێ لە بەرانبەر باهۆزییەك کە پێش ئەوان حکوومەتەکانی دیکەی تێکڕووخاندبوو بەرەنگار و بەربەرەکانێ بکا.

لە لایەکی دیکەوە تەنانەت خراپترین حکوومەتەکان، واتە حکوومەتە توتالیتێر و گەندەڵەکان کە هیچ خۆشەویستییەکیان لەلایەن خەڵکەوە نییە، توانای ئەوەیان دەبێ ئەگەر دەسەڵات و رواوویان لە دەرەوەی سنوورەکان، وەمەترسی بکەوێ، دەسەڵاتی خۆیان هەروا بپارێزن.

سێهەم، دەبێ بڵێین کە پەیامگەلێك کە لە دەرەوەی سنوورەکان دەگا تەنانەت ئەگەر هەڵخەلەتێنەرانە بن، هیچ هۆیەك لە ئارادا نییە کە لە کۆمەڵگای نوێشدا

بەو رادەیە شوێندانەر بن. لە کاتی شۆڕشی فەڕەنسا، گرووپیگەلێك لە ئەڵمانیا، هۆڵەندا و ئیتالیا تاکو رادەیەك رووداوەکانی فەڕەنسەیان بە نوێنگەی خۆیان دەزانی، رووداوگەلێك کە کاتی هاتنی سوپای فەڕەنسا بە شێوەی بەرین زۆر بایەخیان نەبوو. شۆڕشی ئۆکتۆبری ١٩١٧یش هەر بەم شێوەیە دووپات کرایەوە، بەڵام راپەرینەکانی بووداپێست[1] و رواڵ[2] و شانگهای[3] هەموان سەرکوت کران و تاکو کاتێك سوپای رووسیا لە ساڵی ١٩٤٥ بەرەو لای رۆژئاوا پێشڕەوییان کرد، ئەزموونی شۆڕشی رووسی تەنیا لە یەك شوێندا ئەویش لە مەغولستانی دەرەوە[4] سەرکەوتوو بوو. ئەندێشە چ لەسەر شۆڕش، یان لەسەر هەر شتێکی دیکە، دەبێ لە چوارچێوەی کۆمەڵایەتیدا راڤە بکرێ و گەر جیاواز بێ لەو کاتەدا دەرئەنجامەکانی جیاواز دەبێ.

ترسی لە ئەندێشەی نوێ، لە تیئۆری سیاسی بە تەواوەتی سروشتییە، چوونکە سیاسەتی پێشڕەو هەر ئەوەندەی کە بتوانێ لایەنگری خۆی تێبگەیەنێ کە تێگەیشتنێکی دروستیان لە بارودۆخی جیهاندا هەیە، بەشێکی مەزن لە پشتیوانانی ئەوان بۆ لای خۆیان بەدەستدێنن. هەر چەشنە ئاڵوێرێك لە نوێنگە کێشە خولقێنە. گۆڕانێکی مەزن رەنگە بارودۆخێك بێنێتە ئاراوە کە جڵەوی کارەکان لەدەستی سیاسەتوانان بهێنێتە دەرەوە و نەتوانن کۆنترۆڵی بکەن. لەم رووەوە، بۆ وێنە گۆرباچۆف لە کاتێکدا دەستی دایە کۆمەڵێك داهێنانی گرینگ لە یەکیەتی سۆڤییەت تاکو کۆتایی بەو دووبەرەکییەی ساڵی ١٩٤٧ی ئەورووپا (کە هەنووکەش هەر کات بە مەترسییەك بۆ ژیانی رۆژانەی ئێمە دێتە ئەژماردن) بێنێ، داهێنانێك کە هەرچەند بە سەربەخۆیی بەڵام لە بنەڕەتا بەرەبەرە لە لایەن بەڕێوەبەرانی دەسەڵاتاری ویلایەتە یەکگرتووەکان چرای سەوزی بۆ نیشاندەدرا، لە

(1) Budapest
(2) Reval
(3) Shanghai
(4) Outer Mongolia



وتووێژ و قسە ئاڵۆزکانی مارگرێت تاچێر، هەنووکەش قسە لەسەر پێویستی راگرتنی چەکە ناوەکییە کەم مەوداپێوەکان لە ئەورووپا و هەڕەشە لە دەسەڵاتداری نەتەوەیی ئەو قارەیە لە لایەن بروکسلییەکان بوونی بە هێزێکی سوسیالیستی زۆر دوور لە چاوەڕوانکراو بەرچاو دەکەوێ. بەڵام تاچێریش دوای دەربڕینی وەها تێڕوانینێك، لە هەوڵی ئەوەدا بووە تاکو گۆڕانکارییە شۆڕشگێڕییەکان لە کۆمەڵگادا دابمەزرێنێ، بەڵام خاڵێکی گرینگ کە ئەو دەبوایە پێش لەوە فێر ببوایە و هەڵبەت وا ئەکەم شۆڕش لە داهاتوودا نابێ کە وەها وانەیەك ئەزموون بکا بەڵکو ستراکتۆری کۆمەڵگاکان بە جۆرێکن کە لە بەرانبەر هەر چەشنە گۆڕانێك لەسەرەوە بە چڕی بەرگری دەکەن و خاڵی دیکە ئەوەیە کە خودی چەمکی شۆڕش لە سەرەوە، لە راستیدا لە پارادۆکس وێژەی زیاتر، شتێکی تر نییە.